# کەشتیوانە لاوەکە

ژول ڤێرن



Scanned by CamScanner

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 PDF کتێبی 📚 پەڕەی فەرمی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF



ناوی کتێب: کەشتیوانە لاوەکە

بابەت: چیرۆك بۆ لاوان

نووسینی: ژول ڤێرن

وەرگێڕان و پێداچوونەوە: بۆردی زمانەوانیی لالەزار

بەرگ و دیزاینی ناوەوە: بۆردی دیزاینی لالەزار

چاپی یەکەم: گوڵان، ٢٠١٨

تیراژ: ٢٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٣٥)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە

هەموو مافێکی لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی بەشێوەی چاپکراو یاخود ئۆنلاین پارێزراوە و هیچ کەس و لایەنێك بێ ڕەزامەندی سەنتەری ڕووناکبیریی لالەزار مافی بڵاوکردنەوەی هیچ بەشێکی ئەم کتێبەی نییە. بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دەگیرێتە بەر.

Copyright © Lalezar Cultural Center 2018

0771 770 17 17

www.lalezar.krd

Scanned by CamScanner

# بەشی یەکەم

"پیلگریم" کەشتییەکی دوو ستوونی چارۆکەدار بوو. لە بەرواری ٢ی شوباتی ١٨٧٣دا بەخێرایی بەرەو ڕۆخی زەریاکە دەڕۆیشت. ئەم کەشتییە کە قورساییەکەی چوار سەد تەنن بوو هی دەوڵەمەندێکی کالیفۆرنیا بوو بەناوی "جەیمس وێلدن" کە چەندین کەشتیی بازرگانی لەم شێوەیەی هەبوو. ئەم کەشتییە ماوەیەکی زۆر بوو لەلایەن " کاپتن هەڵ"ەوە بەڕێوەدەبرا.

پیلگریم یەکێك بوو لە بچووکترین ئەو کەشتییانەی کە وێلدن بە مەبەستی ڕاوی نەهەنگ بە هەموو لایەکی دونیادا بڵاوی کردبووەوە. نەهەنگەکان بەمەبەستی دروستکردنی ڕۆنی نەهەنگ ڕاوەکران کە لە بواری پیشەسازیدا بەکاردەهات. کەشتییەکە کەشتیوانێکی لاو و پێنج کەشتیوانی خاوەن ئەزموونی تێدابوو. وێلدن نیازی وابوو لە نیوزلەندا چەند کەشتیوانێکی تر بدۆزێتەوە و دەستەیەکی کەشتیوانی تۆکمە پێکبهێنێت. لە نیوزلەندا کەسانێکی دەستدەکەوت کە بە هەرزانتر کاربکەن و پاش کۆتاییهاتنی وەرزی ڕاویش دەیانبردنەوە بۆ نیوزلەندا.

هەرچەندە وەرزی ڕاو تەواوبووە، بەڵام پیلگریم دەفرەکانی پڕ لە ڕۆنی

Scanned by CamScanner

نەهەنگ نەکردووە . نەهەنگەکان بەرەو ئەو جێگایانە هەڵهاتبوون کە ڕاوکردن تێیاندا گەلێك سەختە. تاقە یەك نەهەنگیش دیارنەبوو. ئیدی کاپتن هەڵ بڕیاریدا لە ناوچەی ڕاوکردن دووربکەوێتەوە. هەربۆیە ڕێگاکەی بەرەو نیوزلەندا گۆڕی. لە ١٥ی کانوونی دووەمدا پیاوەکانی لە بەندەرەکە دانا.

دەستەی کەشتیوانانی پیلگریم هیچ شادومان نەبوون. چونکە تا ئێستا وەرزێکی هێندە خراپیان بەسەرنەبردووە. دووسەد دەفر بە بەتاڵی ماونەتەوە. کاپتن هەڵ لەسەر داوای پیاوەکانی هەوڵی دەدا دەستەیەکی نوێ پێکبهێنێت، بەڵام ڕاوچییەکی بەئەزموونی دەستنەدەکەوت. هەموو ڕاوچییە لێهاتووەکان لەلایەن کەشتییەکانی ترەوە برابوون. کاپتن بڕیاریدا بگەڕێتەوە و ڕاونەکات. لەو ساتەدا "خاتوو وێڵدن" کە لە "ئۆکلاند" بوو، بڕیاریدابوو بگەڕێتەوە بۆ سانفرانسیسکۆ. کاپتن هەڵ ناچاربوو هاوسەری سەرۆکەکەی سواری کەشتییەکە بکات و لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە. پێی ڕاگەیاند کە گەشتکردن بە پیلگرم هێندە ئاسان نییە، دەیویست لە بڕیارەکەی پەشیمانی بکاتەوە. بەڵام خاتوو وێڵدن مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی بەو کەشتییە بڕوات. کاپتن هەڵ پێی ڕاگەیاند کە چەند ڕۆژێکی تر دەبێت بمێننەوە تا ئامادەکارییەکان تەواودەکەن و ئنجا بەڕێدەکەون.

خاتوو وێڵدن ژنێکی تەمەن سی ساڵان بوو و کەسێکی تا بڵێی چاونەترس بوو. هیچ نەدەترسا لەوەی بە کەشتییەکی بچووك بە زەریادا بڕوات. تەندروستیشی جێگیر بوو. دەمێکیش بوو حەزی دەکرد گەشتێك بە پیلگریم بکات. هەلێکی لەم جۆرە نابێت لەدەستبدرێت.

خاتوو وێڵدن بەتەنیا نەبوو، بەڵکو خزمێکی خۆیشی لەگەڵدابوو بەناوی "بێنێدیکت". بێنێدیکت پیاوێکی مات و مەلوول و باڵابەرز و ڕەفتارمنداڵانە



Scanned by CamScanner

بوو. وێڵدن جیاوازیی ئەو و کوڕەکەی خۆیی نەدەکرد و وەك براگەورەی "جاك"ی کوڕی لێی دەڕوانی.

بێنێدیکت زۆری حەز لە زانستی مێرووزانی بوو. لێکۆڵەرێکی دیاری بواری زیندەوەرزانی بوو و پسپۆڕیی لەم بابەتەدا بەدەسهێنابوو. هاتبوو بۆ ئێرەش تا هەگبەی زانیارییەکانی دەوڵەمەندتر بکات. زۆر ئاسایی بوو گەر لەگەڵ وێڵدندا بگەڕایەتەوە بۆ سانفرانسیسکۆ.

سێ ڕۆژیان لەبەردەمدا بوو. لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا خاتوو وێڵدن ئامادەکارییەکانی خۆیی تەواوکرد. خزمەتکارە نیوزلەندابیەکەیانی ڕەوانەکرد، ئیدی خۆی و جاکی کوڕی و بێنێدیکت و "نان"ی بەتەمەن مانەوە.

کاتێك کەشتییەکە کەوتە ڕێ، کاپتن بە خاتوو وێڵدنی وت:

"نەدەبوو بێ مۆڵەتی هاوسەرەکەتان سواری کەشتییەکەم بکردنایە، بەڵام ئێوە خۆتان مکوڕبوون و سەرکەوتن. ئیدی خۆتان بەرپرسیارن. هەر ویستم ئەمەتان یادبخەمەوە."

خاتوو وێڵدن بە متمانەبەخۆبوونەوە وەڵامی دایەوە:

— گەر هاوسەرەکەشم لێرە بوایە، هەر هەمان شتی دەکرد.

— خاتوون! کەشتییەکەمان بچووکە. ئەو کابینانەشی تێدا نییە کە ئێوە پێی ڕاهاتوون. من خەم لەمە دەخۆم.

— هیچ خەم لەوە مەخۆن. من بۆ کابینە شێت نەبووم. ڕێبوارێکی هێندە هەستیارنیم. بجوولێین با زوو بگەین.

ئیدی کاپتن فەرمانی بە کەشتیوانەکان کرد و کەشتییەکە کەوتە ڕێ.



Scanned by CamScanner

گەشت بەرەو ئەمریکا دەستپێیکرد. پاش سێ ڕۆژ بەهۆی ڕەشەبایەکەوە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵیکردبوو، کەشتییەکە ناچاربوو کەمێك ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێت. واتە لە ٢ی شوباتی ١٨٧٣دا پیلگریم لەو ڕێیە لایدا کە دەبوو پێیدا بڕوات.

* * *

دەریا هێمن و جوان بوو. گەر ئەو ڕەشەبایەش نەبووایە، دیمەنەکە تا بڵێی ناوازە دەبوو.

کاپتن هەڵ کابینەکەی خۆیی دابوو بە خاتوو وێڵدن. کوڕەکەی و خزمەتکارە پیرەکەیشی هەر لە هەمان کابینەدا نیشتەجێکرد. کاپتن خۆیشی لەناو کابینەی یەکێك لە کەشتیوانەکاندا دەنوست.

نێوانی کاپتن و کەشتیوانەکان گەلێك باش بوو. لەبەرئەوەی کە هاونیشتیمانی یەك وڵات بوون، هەموو یەکتریان دەناسی. تاکە بیانی لە نێویاندا "نیگۆرا"ی چێشتلێنەر بوو کە خەڵکی پورتوگال بوو. ئەمیش لەبری ئەو چێشتلێنەرە هێنرابوو کە لە نیوزلەندا جێیانهێشت. نیگۆرا کەسێکی کەمدوو بوو و، لە کارەکەشیدا لێهاتوو بوو. سەرباری ئەمە، کاپتن هەڵ متمانەی پێی نەبوو و، نەدەچوو بە دڵیدا. بەڵام کاتیشی نەبوو بەدوای کەسێکی دیکەدا بگەڕێت.

چێشتلێنەرەکە پیاوێکی بەهێز و ئەسمەر و تووڕە بوو. شەوان دەخزایە کابینەکەی خۆیەوە و بە ڕۆژیش لە چێشتخانەکە نەدەهاتە دەرەوە.

پیلگریم پێنج کەشتیوانی تێدابوو لەگەڵ کەشتیوانێکی بیانی پازدە ساڵان کە دایك و باوکی وازیان لێهێنابوو و لە دەزگایەکی خێرخوازی پێگەیشتبوو.



Scanned by CamScanner

ئەم لاوە ناوی "دیك ساند" بوو و لە "نیویۆرك"ەوە هاتبوو. ناوی "دیك"ی لەو کەسەوە بۆمابووەوە کە دۆزیبوویەوە و "ساند"یش ئەو شوێنە بوو کە لێی دۆزرابووەوە. دیك ساند منداڵێکی بەهێز و لەشساغ بوو. لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە خولیای دەریا و کەشتیوانی تێدا دروستبووبوو و، ئەم کارە گەلێك بەهێز و بەتوانای کردبوو.

کاپتن هەڵ لە یەکێك لە کەشتییە بازرگانییەکاندا ئەم منداڵەی ناسیبوو. دیك بە زیرەکی و بەهێزییەکەی سەرنجی کاپتنی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو. ئیدی کاپتن ئەم منداڵەی بە "جەیمس وێڵدن" ناساندبوو و خۆشەویستی کردبوو لەلای. وێڵدنیش بردبوویە لای خۆیان و بە بیروباوەڕی کاسۆلیکی گەورەی کردبوو.

دیك خۆی بە قەرزداری خانەوادەی وێڵدن دەزانی. ئاخر خاتوو وێڵدن چەندین ساڵ وەك منداڵی خۆی بەخێوی کردبوو. هەربۆیە دیکیش جاکی بە برای خۆی دەزانی.

دیك پازدە ساڵ بوو، بەڵام ئەزموونی ژیان ئەوی وەك کەسێکی پێگەیشتوو پێگەیاندبوو. خاتوو وێڵدن زۆر باش پەروەردەی کردبوو، هەربۆیە جاکی پێ سپاردبوو. جاکیش زۆر وابەستەی ئەو بوو.

بەڵێ، ڕەشەبا توندەکە بەر بە کەشتییەکە دەگرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگەی پێ بگۆڕێت. کاپتن خەفەت دەخوات لەوەی هاوسەری سەرۆکەکەی درەنگ دەگەیەنێت، بەڵام هیچی لەدەستنایەت. ڕووداوەکانی ٢ی شوباتی ١٨٧٣ لە ڕوانگەی گەشتەکەوە زۆر گرنگ بوون.

کاتژمێر نۆ جاك و دیك ساند لە دەوری ستوونەکەی ناوەڕاستدا یارییان



Scanned by CamScanner

دەکرد. ئەویٚ جێیەك بوو کە کەشتی و دەریاکەی زۆر بە جوانی لێوە دەبینرا. لەناکاو جاك بە پەنجەکانی ئاماژەی بۆ شتێك کرد و هاواری کرد:

— لەوێدا شتێك هەیە!

دیك ساند ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێ، تەماشەی ئەو لایەی کرد و وتی:

— پارچەی کەشتی، پارچەی کەشتی!..

* * *

هەموو خەڵکی ناو کەشتییەکە بەرەو لای ئەمان هاتن. تەنها نیگۆرای چێشتلێنەر لە شوێنی خۆی مایەوە و جووڵەی نەکرد. هەمووان تەماشای ئەو کەشتییە نقومبووەیان دەکرد کە سێ میل لە پیلگریمەوە دووربوو.

کاپتن بەسەر شوفێری کەشتییەکەدا هاواری کرد:

— بۆڵتۆن! کەشتییەکە ڕاگرە! هەوڵبدە لەو کەشتییە نزیکببیتەوە. زۆریش نزیك نا، کەمێك!

پاش نزیکەی بیست خولەك، پیلگریم لە پارچەکانی کەشتییەکە نزیکبووەوە. لە بەشی ئاڵاکەیدا کونێکی قووڵی تێبووبوو. دیك ساند لە دۆخەکە تێگەیشت و وتی:

— تووشی پێکدادان بووە.

کاپتن هەڵیش بۆچوونی منداڵەکەی پشتڕاستکردەوە و وتی:

— بەڕای منیش تووشی پێکدادان بووە.

خاتوو وێڵدن وتی:



Scanned by CamScanner

– لام وایە ئەوانەی تووشی ئەم کارەساتە بوون، ڕزگاریان بووە.

کاپتن هەڵ وتی:

– هیوادارم وا بووبێت. لەوانەشە کەشتییەکە لەناکاو ئەم کونەی تێبووبێت. ئەگەر کەشتییەکی تر لێیدابێت، ئەوا دوای ڕووداوەکە هەڵهاتووە. ڕێبوارانی ناو ئەم کەشتییەش بەپێی توانا خۆیان ڕزگارکردووە.

خاتوو وێڵدن وتی:

– لەوانەیە هێشتا خەڵکی تێدا مابێت و زیندووبن، کەس نییە بچێتە ناو ئەو کەشتییەوە؟!

پیلگریم بە تەواوی لە پارچەکانی کەشتییەکەی تر نزیکببووەوە. چەند سەد مەترێکیان لەنێواندا مابوو. لەناکاو دیک هاواری کرد:

– بێدەنگ بن! گوێبگرن!

هەموو گوێقوڵاخ بوون. دیک وتی "وەك بڵێی گوێم لە وەڕینی سەگێکە!" پاش چەند چرکەیەك ئەوانیش هەمان ئەو دەنگەیان دەهاتە بەرگوێ.

خاتوو وێڵدن وتی:

– خۆ ئەگەر سەگێکیش بێت، مادەم زیندووەرە پێویستە ڕزگاری بکەین.

کاپتن ڕووی لە کەشتیوانەکان کرد و وتی:

– کەشتییەکە بوەستێنن، بەلەمێك بۆ ناو ئاوەکە شۆڕبکەنەوە.

هەمووان کەوتنە جووڵە و بەلەمێك بۆ ناو دەریاکە شۆڕکرایەوە. کاپتن هەڵ و دیك ساند و دوو کەشتیوان چوونە ناو بەلەمەکەوە.



Scanned by CamScanner

سەگەکە بێ هیچ وەستانێك دەوەڕی. بەڵام کەس نەیدەزانی بۆچی دەوەڕێت!

پاش چەند سەوڵلێدانێك، لە پارچەکانی کەشتییەکە نزیکبوونەوە. لەو ساتەدا سەگەکە دەستی بە جووڵە کرد و بەرەو سەر پشتی کەشتییەکە ڕایکرد. لەلای دەرگای کۆگایەکەوە دەستی بە حەپەحەپ کردەوە. بەڵام لەناو کۆگاکەدا کەس دیار نەبوو.

بۆ ئەوەی بچنە ناو کۆگاکەوە، بەدەوری کەشتییەکەدا سووڕانەوە. لە بەشی پشتەوەی کەشتییەکە نووسرابوو "والْدێك (WALDECK)". پاش ئەوەی کەمێك چوونە پێشتر، چاویان بە کونی کەشتییەکە کەوت. دیك وتی "وادیارە سەگەکە بەتەنها نییە."

لە کۆگاکە نزیکبوونەوە، تەماشادەکەن بەشێکی زۆری کۆگاکە نوقمی ئاو بووە. کاپتن هەڵ وتی:

– گەر چەند کەسێکیش لە کەشتییەکەدا مابێتنەوە، ئێستا لە ژیاندا نەماون. مادەم ئاوی دەریاکە چووەتە ناو کۆگاکەوە، ئەوا ئێستا خنکاون.

دیك وتی:

– گەر لە ژیاندا نەبانایە، سەگەکە بەو شێوەیە هاواری نەدەکرد. گومانم نییە لەوەی زیندوون.

کاتێك سەگەکە دیکی بینی کە بانگی دەکات، دەستبەجێ خۆی هەڵدایە ناو دەریاکەوە. بە مەلە خۆی گەیاندە بەلەمەکە. ئەوانیش گرتیان و هێنایانە ناو بەلەمەکەوە.



Scanned by CamScanner

کەشتیوانەکان بەلەمەکەیان بە کەشتییەکەوە بەستەوە. دیك و "هەڵ" چوونە ناو کۆگاکەوە کە لە نێوان ستوونەکانی کەشتییەکەدا بوو و، دەرگاکەی واڵا بوو. لە کۆگاکەدا کەس دیارنەبوو. کاپتن هەڵ وتی:

– کەسی لێ نییە. با بڕۆین.

سەگەکە خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە و دیسان چووەوە ناو کەشتییەکە. بە وەڕین و حەپەحەپ ئەوانی بەرەو کۆشکی کاپتن برد. لەوێدا دیمەنێکی نەخوازراو و ئازاربەخشیان بەرچاوکەوت. پێنج کەس لەسەر زەوییەکە کەوتوون! کاپتن هاواری لە کەشتیوانەکان کرد و بانگی کردن تا یارمەتییان بدەن. پاش یارمەتی کەشتیوانەکان، پێنج کەسە بێهۆشەکە خرانە ناو بەلەمەکەوە. هەر پێنجیان ڕەشپێست بوون.

خاتوو وێڵدن چووە لای بریندارەکان و بە دەنگێکی هەستیارەوە وتی:

– ئای داماوینە!.. ماون یان نا؟

دیك ساند یەکە یەکە ترپەی دڵی پیاوەکانی پشکنی و وتی:

– ماون، دەبێت هەموویان ڕزگاربکەین. ئەگەری زۆرە بەهۆی برسێتی و توونییەتییەوە بوورابێتنەوە.

پاشان ڕوو بە چێشتخانەکە هاواری کرد: نیگۆراااا

سەگەکە کاتێك گوێی لە ناوی نیگۆرا بوو، گوێی قووتکردەوە و ددانەکانی خۆیی دەرخست و دەستی کرد بە مڕەمڕ. هەرچەندە چێشتلێنەرەکە گوێی لە ناوی خۆی بوو، بەڵام لە جێی خۆی نەجووڵا. ئیدی کاپتن هاواری کرد:



Scanned by CamScanner

– نیگۆراااا!

دیسان سەگەکە دەستی کردەوە بە مڕەمڕ. لەم ساتەدا نیگۆرا لە دەرگای چێشتخانەکەوە دەرکەوت. هەر کە دەرکەوت سەگەکە ڕایکرد تا پەلاماری نیکۆلا بدات. کەشتیوانەکان بە ئەستەم سەگەکەیان پێ گیرا. کاپتن بە چێشتلێنەرەکەی وت:

– ئەم سەگە بۆچی مڕەمڕ دەکات؟ بۆچی هێرشت بۆ دەهێنێت؟ دەیناسیت؟

نیگۆرا بە هێمنی وتی:

– نەخێر، ئەمە یەکەمجارە ئەم سەگە دەبینم.

دیك ساند بە سەرسامییەوە وتی:

– سەیرە!

کەس نەیدەزانی بۆچی سەگەکە هێرشی بۆ ئەو دەهێنا. نیگۆرا چووەوە چێشتخانەکە و بۆ ماوەیەکی زۆر نەهاتەوە دەرەوە.

* * *

پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، بەتەمەنترینی ڕەشپێستەکان چاوی کردەوە و توانی قسەبکات. بە سەرسامییەوە لە دەوروبەرەکەیی دەڕوانی. کاپتن هەڵ بەرێزەوە قسەی کرد و وتی:

– باشبوو هاتنەوە سەرخۆتان. بەر کەشتییەکی تر کەوتن؟

– بەڵێ، ڕووداوێکی سەختمان بەسەر داهات. لە شەوێکی نگوستەچاودا



Scanned by CamScanner

کەشتییەکەمان بەر کەشتییەکی زەبەلاح کەوت. ئێوە ئێمەتان ڕزگارکرد، هەرچەند سوپاستان بکەم، هێشتا کەمە.

– ئەو کەشتییەی بە ئێوەیدا کێشا چی لێهات؟ نقووم بوو؟

– نقووم نەبوو، هیچ زیانێکی بەرنەکەوت. هەر زوو ڕووناکییەکەی دیارنەما. بەهۆی پێکانەکەوە، کەشتییەکەمان پارچە پارچە بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ شەپۆلەکاندا دەجەنگیم، ئیدی بڕستم لێبڕا و دیارە بووراومەتەوە. لەوانەیە شەپۆلەکە ئێمەی خستبێتە ناو کۆگاکەوە. ئاگام لە هیچ نەبووە تا لەلای ئێوە چاوم کرایەوە.

– کاپتن و ڕێبوارەکانی تر لەکوێن؟ چییان بەسەرهات؟

– نازانم.

– خۆیان هەڵدایە ناو دەریاکەوە و پاشان لەلایەن ئەندامانی کەشتییەکەی ترەوە ڕزگارکران؟

– لەوانەیە.

– ناوتان چییە؟

– ناوم "تۆم"ە. ئەمانەش هاوڕێکانمن.

– ئەم سەگە هی ئێوەیە؟

– نەخێر، ئەومان لە کەنارەکانی ئەفریقادا بەبێهۆشی دۆزییەوە.

کاپتن بە وردی سەرنجی سەگەکەی دا. بە زنجیرەکەی ملیدا ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەم سەگە خاوەنی هەبووە بەڵام لێی ونبووە.



Scanned by CamScanner

– ئێوە بەم کەشتییە دەچوون بۆ کوێ؟

– دەچووین بۆ "مێلبۆرن" تا لەلای ئینگلیزێك کاربکەین.

– کەوابێت ئێوە کۆیلە نیین.

– نەخێر کۆیلە نیین. هەموومان هاوڵاتی ویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمریکای ئازادین.

کاپتن هەڵ بڕوای بە قسەکانی پیرە ڕەشپێستەکە کرد. کاتێك ڕەشپێستەکانی تریش قسەکانی ئەویان پشتڕاستکردەوە، ئیدی هیچ گومانێکی لێیان نەما. ڕووی تێکردن و پێی وتن:

– ئێوە ئێستا لە کەشتییەکی ئەمریکیدان. ئازادیتان لەدەستنەداوە. منیش پێویستم بە چەند کەسێکی بەتوانا هەبوو. ئیدی ئێوە دۆستی ئێمەن، بەخێربێن بۆ ناومان.

بەپێی قسەکانی پیاوە پیرەکە، وەك گەشتیارێکی ئاسایی سواری ئەم کەشتییە بووبوون. پاش ١٥ ڕۆژ ئەم ڕووداوەیان بەسەرهاتبوو. نەیاندەزانی چی بەسەر کەسەکانی دیکەی ناو کەشتییەکە هاتووە. بەو پێیەی تۆم لەوان گەورەتربوو، هەربۆیە بە سەرۆکی ئەو پێنج کەسە هەژماردەکرا.

دە ڕۆژ لەو کەشتییەدا گیریان خواردبوو. کۆتا ڕۆژ ئاوی خواردنەوەیان پێ نەمابوو. هەربۆیە بوورابوونەوە. پیلگریم لە کاتێکی زۆر باشدا گەیشتبوو. پیرەپیاوەکە تەنها ئەم شتانەی دەگێڕایەوە. بەڵام کەس تێنەدەگەیشت کە بۆچی سەگەکە لە چێشتلێنەرەکە تووڕەیە. دەبێت نهێنییەکی گرنگ لە پشتی ئەم بابەتەوە هەبێت.



Scanned by CamScanner

"دینگۆ" سەگێکی پاسەوانیی گەلێك باش بوو. کاپتنی کەشتیی "والدێك" ئەم سەگەی بە بێهۆشی دۆزیبووەوە. لەسەر زنجیرەکەی ملیشی نووسرابوو "S.V". دینگۆ سەگێکی هار نەبوو. بێجگە لەم پێنج کەسە، دینگۆ هیچ ڕەشپێستێکی تری خۆشنەدەویست.

پیلگریم لە ڕێگای خۆی بەردەوامبوو. کاپتن هەڵ جێیەکی لەبار و ئاسوودەی بە تۆم و هاوڕێکانی دا. ژیانی ئاسایی سەر پیلگریم دەستی پێکردەوە.

ئەم ڕەشپێستانە کە ناویان "تۆم و ئۆستین و بات و ئەکتیۆن و هەرقل" بوو، دەیانویست یارمەتی کەشتیوانەکان بدەن و سوودبەخش بن. بەڵام لەبەرئەوەی ڕەشەبا بەردەوامەکە چارۆکەکانی پڕ هەوا کردبوو، هیچ کارێك نەمابووەوە بۆ ئەوان. هەندێکجار لە کاتی جووڵە و پلانە تایبەتەکاندا قۆڵی بەهێزی ڕەشپێستەکان زۆر سوودبەخش بوو. هەرقل بە باڵا دوو مەترییەکەیەوە لە دێو دەچوو بە تەنها خۆی جێگای چەند کەسێکی دەگرت.

جاکی بچووك لەگەڵ هەرقلدا زۆر باش هەڵیدەکرد. ڕەنگە ڕەشەکەی هەرقل ئەوی نەدەترساند. بە پێچەوانەوە زۆر حەزی بەوە دەکرد کە بەرەو ئاسمان هەڵیدەدا و پاشان دەیگرتەوە. هەر لەم ڕێیەوە هاوڕێیەتییەکی پتەو لە نێوان دیك ساند و هەرقلیشدا دروستبوو. پاشان دینگۆش بوو بە یەکێك لەم چەند هاوڕێیە. دەتوانین بڵێین جاك ئیدی سێ هاوڕێی گرنگی هەیە. خاتوو وێڵدن بە تەواوی جاکی سەربەست نەدەکرد. ڕۆژانە لە چەند کاتێکی دیاریکراودا خوێندن و نووسینی فێری کوڕەکەی دەکرد. وانەی بیرکارییش درابووە دەست دیك ساند.

خاتوو وێڵدن بە شێوازێکی زۆر جیاواز خوێندن و نووسینی فێری کوڕەکەی دەکرد. چەند شەشپاڵوویەکی هاوقەبارەی لە تەختە دروستکردبوو و بە بۆیەی



Scanned by CamScanner

ڕۆنی پیتەکانی لەسەر نووسیبوون. جاك هەوڵیدەدا بەهۆی ئەم شەشپاڵووە بچووکانەوە پیتەکان بناسێتەوە. ئەم شێوازە لە هەمانکاتدا وەك یاری وابوو بۆ منداڵە بچووکەکە.

لە کاتێکدا جاك فێری پیتەکان دەبوو، ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویدا.

سپێدەی ٩ی شوبات بوو. جاك لەسەر پشتی کەشتییەکە پاڵکەوتووە و هەوڵدەدات ئەو وشەیەی تۆمی پیر دووبارەی دەکاتەوە، بە پیتە تەختەکان پێکەوەبنێ. ئەم شەشپاڵووانە کە زیاد لە پەنجا دانەن، هەندێکیان بچووك و هەندێکیان گەورەن. دینگۆش جارجار لەلای جاکەوە دادەنیشێت و جارجاریش هەڵدەستا و دەسووڕایەوە. لەناکاو وەستا و بە وردی تەماشای پیتەکانی کرد. یەکسەر قەپی بە یەکێك لە پیتە دارینەکاندا کرد و فڕاندی. لەسەر شەشپاڵووە دارینەکە پیتی "S" نووسرابوو.

جاك وایزانی سەگەکە شەشپاڵووە تەختەکە قوتدەدات، هەربۆیە هاواری کرد:

— دینگۆ!! وامەکە! لایبە!

دینگۆ گوێی لێنەگرت و هەمدیس هاتەوە لای شەشپاڵووەکە. پیتێکی تری هەڵگرت و بردی لای ئەوی ترەوە داینا. ئەمەیان پیتی "V" بوو. جاك وایدەزانی سەگەکە پیتەکان دەفڕێنێت، هەربۆیە دەستی کرد بە هاوارکردن. ئیدی خاتوو وێلدن و کاپتن هەڵ و دیك ساند بەهەڵەداوان گەیشتنە لای. جاك وتی:

— ئەها دینگۆ خوێندەواری هەیە.



Scanned by CamScanner

دیك ساند ویستی پیتەکان لە سەگەکە وەربگرێتەوە و بیداتەوە بە جاك. بەڵام سەگەکە ددانەکانی خۆیی دەرخست و دەستی کرد بە مرەمر. بەڵام دیك ساند توانی پیتەکانی لێ بستێنێت. پاش کەمێك دیسان دینگۆ هەمان ئەو پیتانەی بردەوە و ئەمجار لە جێگایەکی دوورتر داینا. ئەمجار قاچی خستە سەر پیتەکان و چیدی نیازی وا نەبوو بیانداتەوە.

خاتوو وێڵدن وتی:

– ڕووداوێکی سەیرە!

کاپتن هەڵ وتی:

– شتێکی گرنگ نییە، تەنها سەگەکە یاری دەکات...

خاتوو وێڵدن وتی:

– باشە بۆچی لەو هەموو پیتەدا تەنها پیتی "S وV" دەبات؟

کاپتن هەڵ وتی:

– لەبەر ئەوەی لەسەر زنجیرەکەی ملی نووسراون، بۆیە دەیانناسێتەوە.

پاشان ڕووی کردە تۆمی پیر و وتی:

– ئەم سەگە لە کەیەوە لەناو کەشتییەکەی ئێوەدا بوو؟

– پێش دوو ساڵ کاپتنی کەشتیی "واڵدێك" لە کەنارەکانی ئەفریقادا دۆزیبوویەوە.

– خاوەنەکەیتان نەدۆزییەوە؟

تۆم سەری ڕاوەشاند و وتی:



Scanned by CamScanner

– سەگەکان قسەناکەن. توانای خوێندنەوە و نووسینیشیان نییە. خۆ ئەو ئاژەڵە داماوە ناتوانێت سەرگوزەشتەی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە.

کاپتن بیری دەکردەوە، خاتوو وێڵدن لە کاپتنی پرسی:

– ئەم پیتانە شتێکتان بەیاددەهێنێتەوە؟

وەك بڵێی شتانێکم بەیاددێتەوە، بەڵام دڵنیانیم.

دەتەوێت بڵێیت چی کاپتن؟

با ئەوەی دەیزانم دەربارەی ئەم پیتانە، بۆتانی ڕوون بکەمەوە: دوو ساڵ لەمەوبەر گەشتیارێکی فەڕەنسی بە نیازی گەشتکردن ڕوویکردبووە ئەفریقا. گەشتەکەیی لەو شوێنەوە دەستپێکردبوو کە ڕووباری "کۆنگۆ" دەڕژێتە زەریاوە. لەو شوێنەشدا کە ڕووباری "ڕۆڤوما" لە "دیلْداگۆ" دەڕژێتە زەریاوە، گەشتەکەی بەکۆتا دەگەیشت. ئەم فەڕەنسییە نەبەردە ناوی "ساموێل ڤێرنۆن" بوو.

خاتوو وێڵدن وشەی "ساموێل ڤێرنۆن"ی دووپاتکردەوە.

کاپتن هەڵ لە قسەکانی بەردەوامبوو و وتی:

– کاتێك بینیم دینگۆ ئەو پیتانە هەڵدەبژێرێت کە لەسەر زنجیرەکەی ملیدا نووسراون، بەبێ ویستی خۆم ئەمەم بیرکەوتەوە.

– پاشان ئەم گەشتیارە بەرەو کوێ چوو؟

– دوو ساڵە هیچ هەواڵێکمان لێی نییە.

– گومانی چی دەکرێت؟ دەبێت چی لێ بەسەرهاتبێت؟



Scanned by CamScanner

– لام وایە نەگەیشتووەتە کەنار دەریاکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا. دەکرێت خەڵکی ئەوێ بە دیل گرتبێتیان. لەوانەشە مردبێت.

– چ پەیوەندییەکی بەم سەگەوە هەیە؟

– لەوانەیە ئەم سەگە هی ئەو بێت. لەوانەیە بەختی لە خاوەنەکەی باشتر بووبێت و لە مردن ڕزگاری بووبێت، پاشان گەڕابێتەوە بۆ خاڵی سەرەتای گەشتەکەیان و لەلایەن "والْدیك"ەوە دۆزرابێتەوە.

– دڵنیایت لەوەی ئەو گەشتیارە سەگەکەیشی لەگەڵ خۆیدا بردووە؟

– وای بۆ دەچم. ئەوەی کە لێی دڵنیاین تەنها ئەوەیە کە دینگۆ ئەم دوو پیتە زۆر باش دەناسێتەوە. ئەم دوو پیتەش دوو پیتی سەرەتای ناوی ئەو گەشتیارەن. بڕوانن! چۆن بە قاچەکانی پاڵ بە پیتەکانەوە دەنێت، وەك بڵێیت دەیەوێت ئێمە بیخوێنینەوە!

لەم ساتەدا ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا. نیگۆرا لە چێشتخانەکە هاتە دەرەوە. کەس ئاگای لەوە نەبوو کە ئەو هاتووەتە دەر و بە ڕق و کینەوە سەیری سەگەکە دەکات. دینگۆ بۆنی ئەوی کرد و یەکسەر ددانەکانی خۆیی دەرخست و دەستی بە مڕەمڕ کرد.

نیگۆرا لەبەر ئەوەی دەیزانی کە دەکرێت چی بەسەربێت، یەکسەر گەڕایەوە ناو چێشتخانەکە. کاپتن هەڵ کە بە سەرنجەوە لە ڕووداوەکانی دەڕوانی، لەبەر خۆیەوە وتی:

– زۆر سەیرە!

* * *



Scanned by CamScanner

ئەم ڕووداوە چەندین ڕۆژ هەر باسدەکرا. خاتوو وێڵدن و کاپتن هەڵ و دیك ساند پێکەوە کۆبوونەوە و بەدرێژی ئەم بابەتەیان تاوتوێکرد. سەرەڕای ئەوەی هیچ شتێك لە ئارادا نەبوو تا گومانیان بۆ دروستببێت، بەڵام بە پێویستیان دەزانی زیاتر چاودێری نیگۆرا بکەن.

ڕۆژێك پاش ئەم ڕووداوە، ئەو ڕەشەبایەی لەلای باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هەڵیکردبوو، بە تەواوی کزی کرد. چارۆکەکان بە ئەستەم پڕ هەوا دەبوون. لەم بەشەی دەریاکەدا هیچ کەشتییەك دیارنەبوو. خاتوو وێڵدن لەکاتێکدا لە بەشی پشتەوەی کەشتییەکەدا پیاسەی دەکرد، چاوی بە شتێکی سەیر کەوت! وردە وردە دەریاکە سوورهەڵگەڕا. دیك ساند لەگەڵ جاکدا لە تەنیشت خاتوو وێڵدنەوە بوون.

خاتوو وێڵدن وتی:

– دیك! ڕەنگی دەریاکە دەبینیت؟!

دیك ساند وتی:

– بەڵێ، ئەمە بەهۆی کۆبوونەوەی هەزارەها گیانەوەری توێکڵدار پێکدێت کە سەرەکیترین خۆراکی گیاندارە شیردەرەکانی دەریان.

خاتوو وێڵدن وتی:

– گیانەوەری توێکڵدار؟! بێنێدیکت زۆری حەز لەمانە بوو. لەوانەیە بیەوێت بیخاتە ناو هەگبەکەیەوە.

بانگی بێنێدیکتی کرد. کاپتن هەڵیش گوێی لەم بانگکردنە بوو. هاتە لایان و وتی:



Scanned by CamScanner

– ئەمە ئەو شتەیە کە نەهەنگەکان حەز بە خواردنیان دەکەن. بێنێدیکت، ناتەوێت چەند دانەیەکی لێ بگریت و بیخەیتە ناو هەگبەکەتەوە؟

بێنێدیکت ڕووی گرژ کرد و وتی:

– حەزناکەم خۆم بەم شتانەوە سەرقاڵبکەم.

کاپتن هەڵ وتی:

– ڕەنگە ئێوە بایەخ بەم گیانەوەرە توێکڵدارانە نەدەن. بەڵام کاتێك ڕاوکەرانی نەهەنگ ئەمە دەبینن، تێدەگەن کە لە شوێنی ڕاوەوە زۆر نزیکن.

لەم ساتەدا کەشتیوانێك هاواری کرد:

– نەهەنگێك لەبەردەم لەنگەرەکەدایە!

کاپتن هەڵ لە شوێنی خۆی وەستا و قسەکەی ئەوی دووپاتکردەوە: وای نەهەنگ...!

دەستبەجێ بەرەو پێشی کەشتییەکە ڕایکرد. لە دووری ٤ میلەوە لە نێوان ئاوە سوورەکەدا چاویان بە شیردەرێکی دەریایی زەبەلاح کەوت. تۆ بڵێی ئەمە چ شیردەرێکی دەریایی بێت؟

کاپتن هەڵ ڕوویکردە دیك و وتی "دیك، تۆ دەڵێیت چی؟ ئایا پێشبینی جۆری ئەم ئاژەڵە دەکەیت؟"

دیك ساند بێ ئەوەی چاو لەسەر دەریا سوورەکە لابەرێت، وتی:

– ئەمە جۆرێکی دەگمەنی نەهەنگە. ئەو هەموو ئاوە نابینن کە هەڵیدەدات بۆ ئاسمان؟ یەکێکە لە هەرە زەبەلاحەکان.



Scanned by CamScanner

کاپتن هەڵ بە تامەزرۆییەوە وتی:

– ڕاست دەکەیت. ئەم نەهەنگە لانی کەم ٢٠ مەتر دەبێت... شەش دانەی لەم جۆرە، بە واتای ڕاوی یەك وەرزی کەشتییەکەمان دێت. دەتوانین بە ڕۆنەکەی نیوەی دوو سەد دەفرەکەی لێ پڕبکەین.

دیك ساند وتی:

– ڕاوکردنی ئاژەڵێکی لەم چەشنە زۆر ئەستەمە.

کاپتن هەڵ وەڵامی دایەوە:

– ڕاست دەکەیت زۆر زۆر ئەستەمە. ئەم نەهەنگانە کلکیان زۆر بەهێزە. دەبێت زۆر بە وریاییەوە لێیان نزیکببینەوە. باشترین بەلەمیش بەرگەی یەك پیاکێشانی کلکی ناگرێت. بەس خۆ ناشکرێت ئەم نێچیرە باشە هەر وا لەدەست خۆمان بدەین.

یەکێك لە کەشتیوانەکان خۆی تێ هەڵقورتاند و وتی:

– نێچیرێکی لەمشێوەیە هەردەم چنگ ناکەوێت.

کەشتیوانێکی تر وتی:

– جا ئێستا ئەو نێچیرە باشەمان دەستکەوتووە، خۆ بەتەما نین لە دەستی خۆمانی بدەین!

ئەم دەریاوانە ئازایانە، کە نەهەنگەکەیان دیبوو، گڕوتین گرتبوونی. سامانێکی مەزن لە ناوەڕاستی دەریاکەدا مەلەی دەکرد. نەدەبوو لەدەست بدرێت. هەندێك لە کەشتیوانەکان بە ستوونەکەدا سەردەکەوتن و لە خۆشیدا هاواریان دەکرد.



Scanned by CamScanner

* * *

هۆكاری ئەوەی نەهەنگەكە هێندە كەشتیوانەكانی تاسەمەند كردبوو ئەوەبوو كە دەیانتوانی لانی كەم سەد دەفر ڕۆنی لێ پڕبكەن.

خاتوو وێلدن پرسی:

– كاپتن هەڵ! ڕاوكردنی نەهەنگەكە هیچ مەترسییەكی بۆ سەر گیانی خۆت و پیاوەكانت هەیە؟

– خەم مەخۆن خاتوون، هیچ مەترسییەك نییە شیاوی باس بێت.

كاپتن هەڵ دەستبەجێ دەستی بە ئامادەكارییەكانی ڕاوكردن كرد.

پیلگریم تەنها پێنج كەشتیوانی هەبوو. ئەم پێنج كەشتیوانە تەنها دەیانتوانی یەك بەلەم بەڕێوەببەن. تۆم و هاوڕێكانی ویستیان هاوكارییان بكەن، بەڵام ئەوان نەیانهێشت. ڕاوكردنی نەهەنگ، كاری دەریاوانە كارامەكانە. بچووكترین جووڵانەوەی هەڵە، دەكرێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دەرئەنجامی مەترسیدار. دەبێت پێشبینی هەموو پێشهاتێك بكرێت. پاشان بۆ بەڕێوەبردنی پیلگریمیش دەبوایە كەسێكی لێهاتوو لە كەشتییەكەدا بمایەتەوە.

پاش ئەوەی كاپتن هەڵ بیری لە ورد و درشتی بابەتەكە كردەوە، بڕیاریدا دیك ساند لە كەشتییەكەدا جێبهێڵێت و كەشتیوانەكانی تر لەگەڵ خۆیدا ببات. پێش ئەوەی سواری بەلەمەكە ببێت، ڕویكردە دیك و وتی:

– دیك! بۆ ماوەیەكی كورت بەڕێوەبردنی پیلگریم دەدەمە دەست تۆ. تۆم و هاوڕێكانی لەژێر فەرمانی تۆدان.

دیك ساند بە متمانەبەخۆبوونەوە وەڵامی دایەوە:



Scanned by CamScanner

– خەمی هیچ شتێکتان نەبێت کاپتن.

دیك ساند زۆری حەزدەکرد بەشداری ڕاوەکە بکات. بەڵام تێگەیشت لەوەی مانەوەی لە کەشتییەکەدا سوودبەخشترە، ئیدی وازی لەم حەزەی خۆی هێنا و لە کەشتییەکەدا مایەوە.

کاپتن هەڵ و پێنج کەشتیوان سواری بەلەمێك بوون. چوار کەشتیوان ئەرکی سەوڵلێدان و، "هۆویك"ی سەرۆکی کەشتیوانەکانیش ئەرکی لێخوڕینی گرتبووە ئەستۆ. کاپتن هەڵیش وەك سەرۆکی ڕاوچییەکان تیرێکی بەدەستەوە بوو و لە پێشی پێشەوەی بەلەمەکەدا وەستابوو و، نیازی وابوو خۆی یەکەم هێرش بیبات. بەمشێوەیەش هەموو سەختیی ڕاوکردنەکەی خستبووە سەرشانی خۆی.

لەبەرئەوەی چارۆکەکان دادرابوونەوە، پیلگریم لە ناوەڕاستی دەریاکەدا بەبێ جووڵە وەستابوو. نەهەنگەکەش لەناو دەریاکەدا –کە بەهۆی گیانەوەرە تونێکلدارەکانەوە سوور هەڵگەڕابوو– هێور هێور دەسووڕایەوە.

لەبەرئەوەی کاپتن هەڵی سەرۆکی ڕاوچییەکان نەیدەویست هیچ شتێك بۆ ئەگەر جێبهێڵێت، هەربۆیە هەموو ڕێوشوێنێکی گرتبووە بەر. دەیزانی ڕاوکردنێکی وەها مەزن بە چەند کەسێکی کەم کارێکی گەلێك سەختە.

ڕووی لە سەرۆکی کەشتیوانەکان کرد و وتی:

– ئاگادار بە هۆویك! دەبێت بەبێدەنگی لە نەهەنگەکە نزیکببینەوە و هێرشێکی کوشندەی بۆ بەرین. نابێت بمانبینێت تا بە تەواویی لێی نزیکنەبینەوە.

سەرۆکی کەشتیوانەکان وتی:



Scanned by CamScanner

– تێگەیشتم کاپتن. گەر بە پێچەوانەی ڕەشەباکەوە بڕۆین، نەهەنگەکە بۆنمان ناکات.

ئینجا کاپتن هەڵ ڕوویکردە کەشتیوانەکان و وتی:

– بە هیچ شێوەیەك نابێت دەنگی سەوڵەکان ببیستێت.

چوار کەشتیوانە دەریاوانە لێهاتووەکە سەوڵەکانیان بەدەستەوە گرت و بەلەمەکە وردە وردە کەوتە ڕێ. بە هەڵسوکەوتە کارامەکانی هۆویك، بە پەنهانی لە نەهەنگەکە نزیکبوونەوە.

لەو ساتەدا بەلەمەکە لە پیلگریمەوە وەك خاڵێکی بچووك دەبینرا. کاپتن و هاوڕێکانی لە نێوان کەشتییەکە و نەهەنگەکەدا بوون.

لەبەر ئەوەی بە تەواوی لە نەهەنگەکە نزیکبوویوونەوە، کاپتن هەڵ بە چرپەوە وتی:

– بەهێواشی سەوڵەکان لە ئاوەکە بهێننە دەرەوە.

هۆویك وتی:

– وابزانم هەستی پێکردین، هەناسەدان و ئاوفڕێدانی گۆڕا.

کاپتن هەڵ وتی:

– بێدەنگبن.

پاش پێنج خولەك بەلەمەکە نزیکەی دووسەد مەتر لە نەهەنگەکەوە دووربوو. هۆویك هەستابووە سەرپێ و هەموو سەرنجی لەسەر ئەوە بوو لە کلی نەهەنگەکە دووربکەونەوە.



Scanned by CamScanner

کاپتن هەڵ کە لە پێشی پێشەوەی بەلەمەکەدا وەستابوو، پێیەکانی توند چەقاندبوو و، جۆی بۆ هاویشتنی تیرەکەی ئامادەکردبوو. گوریسێکیش بە تیرەکەیەوە بەسترابوو. ئەم گوریسەش نیو مەتر لەولای کاپتنەوە بە کۆیلێکەوە بوو. کۆیلێکی دیکەش لەولاترەوە دانرابوو و ئامادەکرابوو. کاپتن هەڵ بە چرپەوە وتی:

– هاورێیان ئامادەن؟

هۆویك کە بە توندی دەستی بە سوکانی بەلەمەکەوە گرتبوو، وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ کاپتن.

کاپتن هەڵ وتی:

– چەند دەتوانین با لێی نزیکببینەوە.

سەرۆکی کەشتیوانەکان هەموو کارامەیی خۆیی خستەگەڕ و بەلەمەکەی لە نەهەنگەکە نزیککردەوە ئێستا تەنها چەند مەترێك لێوەی دووربوون. هیچ جوولەیەك لە نەهەنگەکەدا بەدینەدەکرا. زۆر خۆشحاڵ بوون.

کاپتن هەڵ وتی:

– دڵنیام لەوەی نەنوستووە، بەڵام تێناگەم بۆ هیچ ناجوڵێت!

ئێستا کاتی بیرکردنەوە نییە، کاتی ئەوەیە هەرچی زووە دەست بە یەکەم هێرشی بکوژ بکەن. کاپتن هەڵ تیرەکەی بە توندی گرتبوو و پاش چەندجارێك ڕاوەشاندن، بە هەموو هێزی هەڵیدا. لە هەمان ساتیشدا هاواری کرد:

– بەرەو دوا،، با بەرەو دوا هەڵبێین...



Scanned by CamScanner

ئیدی کەشتیوانەکان بە هەموو هێزی خۆیان هەوڵیاندا بەلەمەکە لە نەهەنگەکە دووربخەنەوە. ئامانجی ئەم کارەش ئەوەبوو کە خۆیان لە لێدانەکانی کلکی نەهەنگەکە بپارێزن.

لەم ساتەدا دەنگی هۆویك بیسترا:

– نەهەنگەکە بێچووشی هەیە!

پاش یەکەم تیر و سوورانی نەهەنگەکە، لەتەنیشتیەوە بێچووە نەهەنگێك دەرکەوت کە هێشتا مەمکی دایکی دەمژی. بارودۆخەکە سەختتربوو. ئیدی نەهەنگەکە بۆ پاراستنی گیانی منداڵەکەی چی لەدەست بێت دەیکات.

نەهەنگەکە بە ئازاری برینەکەیەوە چووە ناو قووڵایی ئاوەکەوە. بێچووەکەشی بەدوایدا ڕۆیشت. ئیدی پەرۆشی و تاسەمەندی دەستیپێکرد. بەلەمەکە –کە سەوڵەکانی لەهەوادابوو– بەخێرایی بە شوێن نەهەنگەکەوە بەخێرایی دەڕۆیشت. هۆویك هەموو هێز و لێهاتوویی خۆیی بەکاردەهێنا و هەوڵیدەدا بەلەمەکە وەرنەگەڕێت. کاپتن هەڵ کە چاوی لەسەر نەهەنگە بریندارەکە لانەدەبرد، هاواری کرد:

– هۆویك! ئاگاداربە، ئاگاداربە!

لەم ساتەدا مەترسییەکی دیکە سەریهەڵدا؛ لەبەرئەوەی بەلەمەکە بە خێرایی نەهەنگەکە نەدەگەیشتەوە، ڕاکێشانی بەهێزی نەهەنگە زەبەلاحەکە وای دەکرد گوریسەکە بە خێرایی بخولێتەوە و وردە وردە گەرم ببێت. تەنانەت گوریسەکە هێندە گەرم بووبوو کە خەریکبوو داخدەبوو، جا بۆ بەرگرتن بەمە، کاپتن ناچاربوو گوریسەکە تەڕ بکات.

وادیارە نەهەنگەکە ناوەستێت! خەریکبوو کۆیلی یەکەم تەواودەبوو، خێرا



Scanned by CamScanner

کۆیلی دووەمیشی لێ بەسترا. بەڵام ئەمیش لە ماوەیەکی کەمدا لەناو ئاوەکەدا ونبوو. بە ئەستەم فریای پێوەکردنی سێیەمیش کەوتن. کاپتن هەڵ وتی:

— لە ژیانمدا شتی وەهام بەسەرنەهاتووە!

تیرەکە لە شوێنێکی هەستیاری لاشەی نەهەنگەکە نەچەقیبوو، بۆیە بە خێرایی بەرەو قوڵایی ئاوەکە دەڕۆیشت. زۆری پێنەچوو، دەبوو چوارەم کۆیلیش لە گوریسەکە ببەسترێت. پاش پێنجەم گوریس، وردە وردە خێرایی خولانەوەی گوریسەکە کەمبووەوە. کاپتن هەڵ هاواری کرد:

— زۆرباشە. گوریسەکە کەمێك خاوبووەوە! وادیارە نەهەنگەکە وردە وردە ماندوو دەبێت...

لەو ساتەدا پیلگریم پێنج میل لە بەلەمەکەوە دووربوو. کاپتن هەڵ پەڕۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی بە دارێکەوە بەست و ئاماژەی بۆ کەشتییەکە کرد تا نزیکببنەوە. بەمشێوەیەش کاپتن هەڵ بە دیك ساندی ڕاگەیاند کە پێویستە پیلانە تایبەتەکە دەستپێبکات. بەڵام لەبەرئەوەی ڕەشەباکە بە پێچەوانەی ئەوانەوەبوو، پیلگریم زۆر خاو دەجووڵا. دیاربوو کە درەنگ دەگەنە لای ئەوان.

لەم ساتەدا نەهەنگەکە هاتەوە سەرەوەی ئاوەکە تا هەناسە هەڵبمژێت. ئەو تیرەی بە لاشەیدا چەقیبوو، بە جوانی دیاربوو. نەهەنگەکە بۆ ماوەیەك لەسەر ڕووی دەریاکە وەستا، وادیاربوو چاوەڕێی بێچووەکەی دەکات.

کاپتن هەڵ فەرمانی کرد بەلەمەکە دووربخەنەوە و بە دوو کەشتیوانیشی وت تا دەستبەجێ تیرەکانیان ئامادەبکەن. هۆویك بە جوڵەیەکی لێهاتووانە بەلەمەکەی خستە دۆخێکەوە کە ئامادەبێت بۆ هەڵهاتن. کاپتن هەڵ هاواری کرد:



Scanned by CamScanner

– زۆر باش نیشانەی لێبگرن. با تیرەکان بەفیڕۆنەڕۆن. هۆویك تۆش ئامادەیت؟

سەرۆکی کەشتیوانەکان وتی:

– هەموو ئامادەین کاپتن!..

بەلەمەکە کەمێکی تر نزیکبووەوە. نەهەنگەکە بە ئەسپایی شوێنی خۆی گۆڕی. کەمێك چاوەڕێی کرد، پاشان بە کلکەلێدانێك پازدە – بیست مەترێك دوورکەوتەوە. کاپتن هەڵ هاواری کرد:

– نەهەنگەکە بۆ هێرشکردن دوورکەوتەوە! هاکا هێرشی کردە سەرمان! هۆویك بجووڵێ! با هەڵبێین!

هەر بەڕاستی نەهەنگەکە پاش خۆدوورخستنەوە، گەڕایەوە و پەڕەکەکانی بە خێرایی دەجوولاندەوە و بەرەو بەلەمەکە هێرشی هێنا.

هۆویك بە شێوازێکی زۆر کارامە توانی بەلەمەکە بخاتە ئەولاوە، بەمشێوەیەش نەهەنگەکە هەرچەندە هێرشی بۆ بردن، بەڵام بەریان نەکەوت. نەهەنگەکە دە پازدە مەتر لەولاترەوە وەستا. دوو جار ئاو و خوێناوی بە هەوادا فڕێدا. پاشان بە خێراییەکی بێئەندازە هێرشی بۆ سەر بەلەمەکە هێنایەوە. هۆویك بە جوڵەیەکی کارامەی تر، ئەمجارەش توانی بەلەمەکە ڕزگاربکات. لەم ساتەدا کاپتن هەڵ و کەشتیوانەکان سێ تیری تریان گرتە نەهەنگەکە و پێکایان. بەڵام ئەو شەپۆلانەی لاشەی نەهەنگەکە دروستی دەکردن، هاوسەنگیی بەلەمەکەی تێکدا و نیوەی بەلەمەکە پڕبوو لە ئاو.

دووان لە کەشتیوانەکان وازیان لە سەوڵەکانیان هێنا و بە سەتڵ دەستیان کرد بە ئاو دەرهێنان لە بەلەمەکە. کاپتن هەڵیش گوریسی ئەو تیرەی پچڕاند

که چیدی به کەڵکی هیچ نەدەهات. بەڵام نەهەنگەکە تازە تووڕە بووبوو و وا زوو دانەدەمرکایەوە، بگرە بە پێچەوانەوە هەموو هێزی خۆیی کۆدەکردەوە تا دووبارە و سێبارە هێرشیان بۆ بهێنێتەوە. دیمەنی نەهەنگەکە تا بڵێی ترسناك بوو. پاش ئیستێکی کەم، دووبارە هێرشی بۆ هێنانەوە. لەبەرئەوەی ئاو تا نیوەی بەلەمەکە هاتبوو نەیاندەتوانی دێوربکەنەوە و، هیچ چارەیەکیان نەمابوو بێجگە لە هەڵهاتن. بەلەمەکە چەندە خێراش با، هەر نەیدەتوانی لە نەهەنگەکە هەڵبێت. نەهەنگە سامناکەکە، بە یەك دوو پەڕەکەلێدان دەتوانێت بەلەمەکە بگرێتەوە. چیدی کاپتن و هاوڕێکانی لەجیاتی هێرشبردن، دەبوو بیر لە هەڵهاتن بکەنەوە.

کاپتن هەڵ لە گەورەیی مەترسییەکە گەیشتبوو و بیری لە ڕێگەچارەیەك دەکردەوە بۆ دەربازبوون. ئەم سێیەم هێرشەیان زۆر سامناك دیاربوو.

ئەوەی کاپتن هەڵ لێیدەترسا، ڕوویدا. نەهەنگەکە هێرشێکی توندی کردە سەر بەلەمە دەستەوسانەکە. بەهۆی ئەم هێرشەوە هۆویك لە جێی خۆی کەوتە خوارەوە و کەوتە ناوەڕاستی بەلەمەکەوە. تیرەکانی کاپتن هەڵ و کەشتیوانەکان، ئەمجارەیان ئامانجی نەپێکا. کاپتن لە لایەکەوە بە ئەستەم خۆی بە پێوەگرتبوو و لەلایەکی دیکەشەوە هاواری دەکرد:

— هۆویك! هۆویك!...

سەرۆکی کەشتیوانەکان هەستایەوە سەرپێ و وتی:

— من باشم کاپتن...

بەڵام کاتێك هاتەوە جێگەی خۆی، تەماشادەکات دەسکی سووکانی بەلەمەکە شکاوە.



Scanned by CamScanner

کاپتن هەڵ وتی:

– دەسکێکی تری پێوەبکە.

هۆویکی سەرۆکی کەشتیوانەکان وەڵامی دایەوە:

– بەسەرچاو کاپتن.

لەم ساتەدا ئاوەکە لە قووڵاییەوە قوڵپی دەدا، پاش چەند چرکەیەك بێچووی نەهەنگەکە لە ئاوەکەوە سەری دەرهێنا. بێچووە نەهەنگەکە کە لەکاتی هەڵهاتندا دایکی لێ ونبووبوو، وا بۆ یەکەمجارە دەکەوێتە نێو مەیدانی جەنگەوە. هەر کە دایکەکە چاوی بە بێچووەکەی کەوت، دەستبەجێ بەرەو لای ڕۆیشت.

بەمەش ڕووبەڕووبوونەوەکە گەلێك مەترسیدارتر بوو. لەمەودوا نەهەنگە دایکەکە، هەم لە بەر خۆی و هەم لەبەر بێچووەکەیشی دەجەنگێت.

نەهەنگەکە دووبارە هێرشی هێنایەوە. هەر بە شێوازی هاتنەکەیدا دیاربوو کە بۆ پێکانی ئامانجەکەیدا چەندە سەرسەختە.

دووبارە کاپتن هەڵ هاواری کردەوە:

– ئاگاداربە هۆویك! ئاگاداربە!

هۆویك هەوڵیدا بەلەمەکە کەمێك بجووڵێنێت، بەڵام نەیتوانی. کەشتیوانەکان هەستانە سەرپێ و داوای یارمەتییان لە پیلگریم کرد. لەم ساتەدا نەهەنگەکە لە ژێرەوە زۆر بە توندی کلکی خۆیی کێشا بە ناوەڕاستی بەلەمەکەدا و بەرەو ئاسمان هەڵیدا. کاپتن و کەشتیوانەکان بە هەواوە جگە لە کەفوکوڵی دەریاکە، هیچی دیکەیان نەدەبینی. پاشان بەلەمەکە بە زرمە



Scanned by CamScanner

و شڵپەیەکی توند کەوتەوە ناو ئاوەکە. سەر ئاوەکە پڕپڕبوو لە پارچەتەختە. کاپتن و کەشتیوانەکان هەموو بریندار بووبوون و هەوڵیاندەدا بە مەلە خۆیان ڕزگاربکەن. نەهەنگە تووڕەکە هەمدیسان گەڕایەوە و بە کلکی ئاوەکەی دەشڵەقاند.

دیک ساند پاش دە پازدە خولەك گەیشتە سەر شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام بێجگە لە چەند پارچە تەختەیەك هیچی دیکەی لەسەر ڕووی ئاوە خوێناوییە سوورەکە نەبینی. بەداخەوە کاپتن هەڵ و پێنج کەشتیوانەکە لەو ڕاوە نەهەنگەی بە تاسەمەندییەوە بۆی چووبوون، بە سەلامەتی نەگەڕانەوە.

❋ ❋ ❋

ئەم کۆتاییە خەمناکەی کاپتن هەڵ و پێنج کەشتیوانەکە، ئەندامانی کەشتییەکەی تەواو تاساند. بەڵام جگە لە ترس و خەفەتخواردن، هیچی دیکەیان لەدەستنەدەهات. هەمووان —بێجگە لە نیگۆرا— نزایان بۆ مردووەکان دەکرد و فرمێسك بە چاویاندا دەهاتە خوار. مانەوەش لە ناوەڕاستی زەریایەکدا بەبێ کاپتن، بەڕاستی خەمێکی تر بوو.

پیلگریم هیچ دەریاوانێکی تێدا نەبوو کە شارەزایی لە بەڕێوەبردنی کەشتیدا هەبێت.

نا نا! کەسێکی شارەزای تێدابوو! دیك ساند! بەڵام ئەو تەنها کەشتیوانێکی تازەکاری پازدە ساڵان بوو.

لە ئێستادا کاپتن و هەموو شتێکی کەشتییەکە ئەو بوو. چەند ڕەشپێستێکیشی تێدابوو کە هەرچەندە هەموویان ئازا و ئیشکەر و زیرەك بوون، بەڵام لەو بوارەدا هیچ شارەزاییان نەبوو.



Scanned by CamScanner

دیك ساند لە ناوەڕاستی کەشتییەکەدا وەستاوە و بە سەرنجەوە تەماشای شوێنی نقومبوونی کاپتنەکەی دەکات کە وەك باوکی خۆی خۆشی دەویست، بیر لەوە دەکاتەوە کە چی بکات. دەستەکانی بەرەو ئاسمان بڵند کرد و داوای هێز و ئازایەتی و ئارامگری لە خوای گەورە کرد.

لەم ساتەدا نیگۆرا لە چێشتخانەکە هاتەدەرەوە، لە دوای ڕووداوەکەوە ئەمە یەکەمجارە دەربکەوێت. هیچ خەمباری و دڵگرانییەك بە ڕووخسارییەوە دیارنییە.

نیگۆرا چەند هەنگاوێکی ڕەق و پتەوی نا و بەرەو لای دیك ساند هات و، لە دووری یەك مەترەوە لە بەردەمیدا وەستا.

دیك ساند لێیپرسی:

– نیازت وابوو شتێکم پێ بڵێیت؟

نیگۆرا وتی:

– دەمەوێت لەگەڵ کاپتن هەڵدا قسەبکەم، گەر ئەوی لێ نییە، لەگەڵ هۆویکی سەرۆکی کەشتیوانەکان قسەدەکەم.

– خۆشت باش دەزانیت هەردووکیان مردن.

نیگۆرا بە شێوازێکی گاڵتەئامێزەوە پرسی:

– باشە ئەی ئێستا کێ کەشتییەکە بەڕێوەدەبات؟

دیك ساند بە ڕێکی وەستا و بە متمانەبەخۆبوونەوە وتی: من.

نیگۆرا زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:



Scanned by CamScanner

– کاپتنێکی پازده ساڵان، ها؟!

دیك ساند به توورەییەوە هاواری کرد:

– بەڵێ! کاپتنێکی پازده ساڵان!

نیگۆرا بێ ویستی خۆی کشایەوە دواوە.

خاتوو وێڵدن به شێوازێکی ڕەق وتی:

– لەبیرتان نەچێت! ئەم کەشتییە کاپتنێکی تێدایە، ئەویش "کاپتن ساند"ە! هیچ کەسێکیش ئەوە لەیادنەکات کە پێویستە هەمووان گوێڕایەڵی بن!

نیگۆرا لەبەر خۆیەوە چەند وشەیەکی گاڵتەئامێزی وت و پاشان سەری کزکرد و گەڕایەوە چێشتخانەکە.

دیك ساند بڕیاری خۆیی دابوو. بەرپرسیارێتیی کەشتییەکە دەخاتە سەرشانی خۆی.

کەشتییەکە بەهۆی ڕەشەبا توندەکەوە ئەو ناوچەیەی بەجێهێشت کە بەهۆی گیانەوەرە تونێکلدارەکانەوە سوورهەڵگەڕابوو.

دیك ساند سەرەتا چاوێکی بە چارۆکەکاندا خشاند، پاشان تەماشایەکی ئەندامانی کەشتییەکەی کرد و زانی کە دەتوانێت متمانەیان پێ بکات. خۆیشی بە یەك دوو وشە بۆی ڕوونکردنەوە کە پێویستە ئەوانیش متمانەیان هەبێت پێی. هەموو هەوڵی خۆیی لە پێناو بەرزکردنەوەی ورەی ئەواندا خستبووەگەڕ.

لە هیچ شتێك نەدەترسا، بەڵام کەمێك ڕاڕا بوو. خاتوو وێڵدن دڵی کاپتنە بچووکەکەی خوێندەوە، هەربۆیە لێی نزیکبووەوە و بە شێوازێکی هێمن پێی وت:



Scanned by CamScanner

– سوپاست دەکەم دیک. کاپتن هەڵ و پیاوەکانی ئێستا لەناوماندا نین. چارەنووسی کەشتییەکە لە دەستی تۆدایە. بڕوام وایە کە کەشتییەکە و ئەندامانی ڕزگاردەکەیت.

دیک ساند وەڵامی دایەوە:

– زۆر سوپاستان دەکەم خاتوون کە متمانەتان پێم هەیە.

– کوڕی خۆم، تۆم و هاوڕێکانی کەسانێکی ئازا و نەبەردن. دەتوانیت متمانەیان پێبکەیت.

– دەزانم خاتوون، بە یارمەتی خوا هەوڵدەدەم وەك دەریاوانێکی باش سوودیان لێ ببینم. پلانە تایبەتەکانیش پێکەوە ئەنجامدەدەین.

– دیك! سەرەتا پێویستە بزانین کەشتییەکە لە کوێدایە!

– منیش هەر بیرم لەمە دەکردەوە خاتوون. دەتوانین بە تەماشاکردنی تێبینییەکانی دوێنێی کاپتن هەڵ ئەمەمان بۆ ڕوونببێتەوە.

هەر بەڕاستی ئەمە یەکەم کارێك بوو کە دەبوو ئەنجامبدرایە. دیك ساند چووە ژوورەکەی کاپتن هەڵ و تەماشای نەخشەکەی کرد. بەپێی ئەو هێڵە سوورانەی کاپتن لەسەر نەخشەکە کێشابوونی، پیلگریم لەو ساتەدا لەسەر ٤٣ پلەی هێڵی پانیی ٣٥ و، ١٦٤ پلەی هێڵی درێژیی ١٣ بوو. بەو پێیەی کەشتییەکە لە ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا ڕێیەکی زۆر کەمی بڕیوە، گۆڕانێکی ئەوتۆ ڕووی نەدابوو شایەنی باس بێت. پاش ئەوەی ئەمەی بە خاتوو وێڵدن ڕاگەیاند، تۆم و هاوڕێکانی بانگکردە ژوورەکەی و وتی:

– هاوڕێکانم، لە کەشتییەکەدا بێجگە لە ئێوە کەسی دیکەی تێدا نییە کاربکات. پێویستە یارمەتیمان بدەن. دەزانم کە دەریاوان نین، بەڵام کەسانێکی



Scanned by CamScanner

دڵپاك و نەبەرد و بەهێزن. گەر یارمەتیم بدەن، ئەوا سەرکەوتوو دەبین لە بەڕێوەبردنی پیلگریمدا.

تۆم بە دڵسۆزییەوە وەڵامی دایەوە:

– من و هاوڕێکانم لەژێر فەرمانتداین. دەتوانن داوای هەموو ئەو شتانەمان لێبکەن کە لە توانای مرۆڤدایە.

خاتوو وێلدن وتی:

– دەمخۆش تۆم!

دیك ساند وتی:

– دەمخۆش، زۆر جوانت وت. یەك بە یەك پێتان نیشاندەدەم کە لەکاتی پلانە تایبەتەکاندا دەبێت چی بکەین. خۆشم تا هێز و توانام تێدابێت کەشتییەکە لێدەخوڕم، یەك دوو کاتژمێر خەو بەسە بۆ من. بەڵام دەبێت لەو ماوەیەدا یەکێکتان سووکانی کەشتییەکە بگرێت. تۆم! قیبلەنماکەت پیشاندەدەم و فێرت دەکەم چۆن لێدەخوڕدرێت...

تۆمی پیر وتی:

– ئێوە چۆنتان پێ باشە با وەها بێت، "کاپتن ساند".

– تا دەمەوئێوارە لێرە لای من بمێننەوە. سەرنجبدەن بزانن چۆن سوکانەکە بەکاردەهێنم، کە ماندوو بووم دەیدەم بە ئێوە.

ڕەشپێستەکانی دیکەش وتیان:

– فەرمانتە کاپتن.

* * *



Scanned by CamScanner

ئیدی دیك ساند بوو بە کاپتنی پیلگریم. سەرەتا بیری لەوە کردەوە کە نەخشەڕێگای کەشتییەکە دیاریبکات و چارۆکەکانیش چاکبکات. ڕوویکردە تۆم و هاوڕێکانی و بە شێوازێکی جددی وتی:

– هاوڕێکانم، چیتان پێدەڵێم وەکو خۆی جێبەجێی بکەن. دڵنیابن هەموو شتێك باش دەبێت.

من لەسەر سووکانەکە دەمێنمەوە. تۆم، تۆ سەرەتا چارۆکەکان بایەوان بکە.

تۆم کە دەستەواژەکانی دەریاوانی نەدەزانی، پرسی:

– بایەوان چییە؟

دیك ساند بە پێکەنینەوە وتی:

– واتە چارۆکەکان بکەنەوە. هێی بات! تۆش هەمان شت لە چارۆکەکەی تر بکە. زۆرباشە! ئێستاش گوریسەکان ڕابکێشن! کە ڕاتانکێشا بیبەستن!

بەمشێوەیە هەموو چارۆکەکان ڕێکخران، چارۆکەکان ڕوویان لە ڕەشەباکە بوو و بەتەواویی پڕبوون لە هەوا. خێرایی کەشتییەکە تا ڕادەیەکی باش زیادی کرد. پاشان هەموو ڕەشپێستەکانی لە کۆشکی کاپتن کۆکردەوە و پێی وتن:

– هاوڕێکانم، زۆر باش کارەکانتان ئەنجامدا. دڵنیام لەوەی کە لە ماوەیەکی کەمدا هەریەکەتان دەبن بە دەریاوانێکی لێهاتوو.

پاشان چوو بۆ کابینەکەی خاتوو وێڵدن و پێی وت:

– پیلگریم زۆر بە خێرایی دەستی بە ڕۆیشتن کردووە، هیچ شتێکی دیکەمان لەسەر نەماوە بێجگە لەوەی نزابکەین تا ئەم ڕەشەبایە بەردەوامبێت.



Scanned by CamScanner

ئیدی ژیانی ئاسایی لەسەر پیلگریم دەستی پێکردەوە.

ئەو ڕۆژە دیك ساند هەوڵی دەدا فریای هەموو لایەك بکەوێت و هەموو کارێك بکات. بۆ ئەوەی کارەکانی وەکو سەردەمی کاپتن هەڵ بە باشی بەڕێوەبچێت، هەموو هێز و توانای خۆیی خستبووە گەڕ. تۆم و هاوڕێکانیشی پابەندی فەرمانەکانی بوون. لە پیلگریمدا هەموو شتێك بە باشی بەڕێوەدەچوو.

نیگۆراش هیچ ڕەفتارێکی نەنواند دژی کاپتنە لاوەکە بێت. دیك زۆر بە ئاشکرا بڕیاریدا هەر جووڵەیەکی نەشیاوی لێ ببینرێت، لە کۆگاکەدا زیندانی بکات.

ڕەشەباکە بەدرێژایی ڕۆژ پاڵی بە چارۆکەکانەوە دەنا، هەربۆیە پێویست نەبوو هیچ گۆڕانکارییەك لە چارۆکەکاندا ئەنجامبدرێت.

قیبلەنما و کەشتیلۆگ[1] گرنگترین کەرەستەکانی دەستی دیك ساند بوون. بە یارمەتیی ئەمانە ئاڕاستە و خێرایی پیلگریمی دیاریدەکرد.

ئەو ڕۆژە هەموو نیو کاتژمێر جارێك دیك ساند کەشتیلۆگەکەی هەڵدەدایە ناو ئاوەکەوە و تۆمارەکانی دەنووسی.

لە کەشتییەکەدا دوو قیبلەنما هەبوو. یەکێکیان لەناو قتویەکدا لە ژووری شۆفێری کەشتییەکەدا بوو. شۆفێرەکە تەماشای ئەمەی دەکرد و نەیدەهێشت کەشتییەکە لە ڕێگای خۆی لابدات. ئەوی دیکەیان لە کۆشکی کاپتندا بە بزماری ئاسن بە سەقفەکەوە هەڵواسرابوو. کاپتن هەر لە ژووری خۆیەوە دەیتوانی بزانێت ئاخۆ کەشتییەکە لە ڕێڕەوی خۆی

١. ئامێرێکە بۆ پێوانەکردنی خێرایی کەشتی بەکاردێت.



Scanned by CamScanner

لایداوه یان نا. بەمشێوەیەش هەر هەڵە یاخود کەمتەرخەمییەکی شۆفێرەکە هەستی پێدەکرا.

دیك ساند کە ئەم ئامێرانەی زۆر لەلا گرنگبوو، فەرمانی بە پیاوەکانی کرد زۆر بەباشی ئاگاداری ئەو قیبلەنمایانە بن.

لە کاتێکدا دیك ساند کەشتییەکەی لێدەخوڕی، ڕووداوێکی ناخۆش ڕوویدا؛ ئەو قیبلەنمایەی لە ژووری کاپتندا بوو، بەهۆی شلبوونەوەی یەکێك لە بزمارەکانییەوە کەوتبووە خوارەوە و شکابوو.

دیك ساند بەم ڕووداوە گەلێك دڵتەنگبوو، ناچاربوو تەنها پشت بە قیبلەنمای لای سوکانەکەوە ببەستێت. دیك ساند هەموو توانایەکی خۆیی خستەگەڕ تا ئەمەیان بپارێزێت و نەهێڵێت هیچی لێبێت. زۆر باش دەیزانی گەر ئەمیش شتێکی لێبێت، ئیدی کاری تەواوە.

بێجگە لەم ڕووداوە، تا ئێستا هەموو شتێك لە پیلگریمدا بەباشی دەگوزەرا.

پاش ئەو ڕووداوە دیك ساند لە سووکانەکە دوورنەدەکەوتەوە. کاتێکیش دەنووست، تۆم یان باتی کوڕی دەچوونە جێگای. هەردووکیان زۆر بە باشی ئەم کارە فێربووبوون. دیك ساند متمانەی پێیان هەبوو.

ڕۆژ دوای ڕۆژ تۆم و هاوڕێکانی لەسەر کاری دەریاوانی ڕادەهاتن. ئەوان کەسانێکی زیرەك و ژیر و بەهێز بوون. تۆم لەلایەن هاوڕێکانییەوە بە سەرۆکی کەشتیوانەکان هەڵبژێردرابوو.

دیك ساند بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، کەشتیوانەکانی بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەشکردبوو. کۆمەڵەی یەکەم بە سەرۆکایەتی تۆم، لە بات و ئۆستین پێکهاتبوو، کۆمەڵەی دووەمیش بە سەرۆکایەتی دیك ساند لە ئەکتیۆن و هەرقل



Scanned by CamScanner

پێکهاتبوو. بەمشێوەیەش لەکاتێکدا کۆمەڵەیەکیان کەشتییەکەیان لێدەخوڕی، کۆمەڵەکەی تر چاودێریی بەشەکانی دیکەی کەشتییەکەیان دەکرد.

دیک ساند لە شەواندا گرنگییەکی زۆری بەم چاودێرییە دەدا. هەرچەندە ئەو بەشەی زەریاکە زۆر لە شوێنی هاتوچۆی کەشتییەکانەوە دووربوو، بەڵام هەر دەبویست هەموو کارەکان بە باشی ڕابپەڕێنرێت و بۆ هەموو پێشهاتێك ئامادەبن. هەربۆیە زۆر گرنگی بەوە دەدا کە شەوان مەشخەڵەکان لە کاتی خۆیدا لە جێگاکانی خۆیاندا هەڵبکرێن.

شەوان دیك ساند سوکانەکەی دەگرت و کەشتییەکەی لێدەخوڕی. لەم ساتانەدا ئەم کارە بۆ کەس جێناهێڵێت. بە ماندوویی و خەواڵوویییش هێشتا هەر لەسەر سووکانەکە بوو و لێی جیانەدەبووەوە. کاتێکیش ماندوویتی و خەو زۆری بۆ دەهێنا، ئیدی تۆمی پیری بانگدەکرد و یەك دوو کاتژمێر لە کابینەکەی خۆیدا دەنووست.

شەوی ١٣ لەسەر ١٤ی شوبات، دیك ساند سووکانەکەی بۆ تۆم جێهێشتبوو. ئەو شەوە ئاسمان بە پەڵەهەورێکی ڕەش داپۆشرابوو و تاریکی هەموو لایەکی تەنیبوو. هەرقل و ئەکتیۆن لە بەشی پێشەوەی کەشتییەکەدا نۆبەتیان دەگرت. کاتژمێر سێی پێش بەرەبەیان، تۆمی پیر بۆ ماوەیەکی کەم ئاگای لە خۆی نەما. چاوەکانی — کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەر لەسەر قیبلەنماکە بوو — بۆ ماوەی چەند چرکەیەك هیچی نەبینی. دەکرێت ئەمە بە سڕکردنی کاتی نەشتەرگەرییەکان بچوێنین. بەمشێوەیە ئەو سێبەرەی نەبینی کە هاتە بەردەمی سوکانەکە.

ئەوە نیگۆرا بوو. بەڵێ، چێشتلێنەرەکە هاتبووە ناو ژووری شۆفێری

کەشتییەکەوە و شتێکی قورسی خستبووە ناو قتوی قیبلەنماکەوە، پاشان — بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت — لەبەرچاو ونبووبوو.

ئەگەر ڕۆژی دادێ دیک ساند ئەو شتە قورسەی لەناو قتوی قیبلەنماکەدا بدیبایە، دەستبەجێ دەریدەکرد و فڕێی دەدا، بەڵام نەیبینی.

ئەو شتە پارچە ئاسنێکی قورس بوو. ئاسنەکە کاری دەکردە سەر جێنیشاندەرە موگناتیسەکەی قیبلەنماکە و، لەجیاتی ئەوەی ڕێنوێنی بکات، ٤٥ پلە لایدابوو و، باکووری ڕۆژهەڵاتی نیشاندەدا.

پاش چەند چرکەیەك لە ونبوونی نیگۆرا، تۆم هاتەوە سەرخۆی. چاوی خستەوە سەر قیبلەنماکە و وایزانی کە بەهۆی کەمێك بێهۆشیی خۆیەوە کەشتییەکە ڕێڕەوی گۆڕیوە، ئیدی سووکانەکەی ٤٥ پلە سووڕاند. بەمشێوەیەش لەجیاتی ئەوەی کەشتییەکە بەرەو ڕۆژهەڵات بڕوات، ڕێگەی باشووری ڕۆژهەڵاتی گرتەبەر.

چارۆکەکانی پیلگریم بەهۆی ڕەشەبا لەبارەکەوە پڕبوون لە هەوا و بە خێرایی ڕێیەکی هەڵەی دەبڕی.

* * *

هەفتەیەك پاش ئەم ڕووداوە، واتە لە ماوەی ١٤ بۆ ٢١ی شوباتدا هیچ شتێکی نەخوازراو ڕووینەدا. بەمشێوەیەش پیلگریم لە ٢٤ کاتژمێردا تێکڕا ١٦٠ میلی دەبڕی.

دیك ساند بەپێی ئەو ڕێڕەوەی دیاریکردبوو، دەبوایە بگەیشتایەتە سەر ڕێی هاتوچۆی کەشتییەکانی دیکە. سەرباری چاودێریی ورد بەڵام هیچ کەشتییەکیان لێوە دیارنەبوو! ئەم بارودۆخە دیك ساندی پەشۆکاندبوو. بەپێی



Scanned by CamScanner

ئەو هێڵی درێژی و پانییەی کە هەژماری کردبوو، دەبوو چەند کەشتیگەلێکی ئەمریکی یان ئینگلیزییان لە دەوری "کایب هۆرن" ببینیایە. بەڵام شتێك هەبوو کە دیك ساند لێی بێئاگابوو، ئەویش ئەوەبوو کە پیلگریم لە ڕوانگەی هێڵی پانییەوە زۆر لە سەرەوە بوو. واتە لە باشووربوون و زۆر لەوە دوورتربوون کە پێشبینیی دەکرد.

چونکە ئەو ئاگاداری ئەوە نەبوو کە ئاڕاستەی ئاوەکە کەشتییەکە بەرەو باشوور دەبات. دیك ساند وایدەزانی کە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆن، بەڵام بە بەکارهێنانی ئەو قیبلەنمایەی کە نیگۆڕا تێکیدابوو، بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەڕۆیشتن.

پەستانپێوەکە بەردەوام لە نزمبوونەوەدا بوو. ئەمە ئاماژەبوو بەوەی کە باران دەبارێت. دیك بیری لە چەند ڕێگەچارەیەك کردەوە تا زیان بە چارۆکە و ستوونەکانی کەشتییەکە نەگات.

سەرەتا پێویستبوو هەموو چارۆکەکان سەرلەنوێ ڕێکبخرێنەوە. ئەمەش چەند کاتژمێرێك کارکردنی دەویست. پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر، ئەو ڕووەی چارۆکەکان کە لە ڕەشەباکە بوو، کەمکرایەوە. کەشتییەکە کەمێك هێواش بووەوە.

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ هیچ گۆڕانکارییەك لە ڕەشەبادا ڕووینەدا. دیمەنی ئاسمان مەترسیداربوو.

دیك ساند ترسی لێنیشتبوو. بۆ یەك چرکە چییە لە کۆشکی کاپتن دوورنەدەکەوتەوە. زۆر زۆر کەم دەنووست.

سپێدەی ڕۆژی چوارەم، ڕەشەباکە کەمێك کەم بووەوە. بەڵام دیك ساند دەیزانی کە ئەم کەمبوونەوەیە هەڵخەڵەتێنەرە. هەر بەو شێوەیەش بوو کە



Scanned by CamScanner

پێشبینی دەکرد؛ بۆ دوای نیوەڕۆ ڕەشەباکە وردە وردە توندبووەوە و شەپۆلی دەریاکەش تا دەهات توندتر دەبوو.

نیگۆرا کە چەندین ڕۆژە هیچ دەرنەکەوتووە و قسەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکردووە، ئەو ڕۆژە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لە پێشی کەشتییەکەدا وەستا. بێ هیچ ورتەیەك تەماشای ئاسمان و شەپۆلە توندەکان و زەریاکەی دەکرد. پاشان بە شێوازێکی گوماناوی گەڕایەوە کابینەکەی خۆی.

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ هیچ گۆڕانکارییەك لە کەشوهەوادا ڕووینەدا. ڕەشەباکە بە هەمان توندی بەردەوامبوو.

دیك ساند زۆر پەشۆکابوو. کاپتنە بچووکەکە سەرەڕای پەشۆکاوییەکەی، هێشتا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن بتوانن چارۆکەکان بپارێزن و لە ڕێگەکەیان بەردەوامبن. بەپێی پێشبینییەکانی خۆی، زۆریان نەمابوو بۆ وشکانی. هەردەم تەماشای ئاسۆکانی دەکرد و نەیدەویست بچووکترین ئاماژەی وشکانی لەدەستبچێت. بەڵام هیچ دیمەنێکی ئومێدبەخش بەدینەدەکرا.

دیك ساند تۆمی پیری بانگکرد تا خێرایی کەشتییەکە بپێون و فەرمانی پێکرد کەشتیلۆگەکە هەڵبدەنە ناو دەریاکەوە. ئەم ڕەشپێستە پیرە ماوەیەکە بووەتە وەستای ئەم کارە.

کەشتیلۆگەکە کە بە گوریسێکی ئەستوورەوە بەسترابوو، لە کەشتییەکەوە بەرەو ناو ئاوەکە شۆڕکرایەوە. بەڵام لەناکاو گوریسەکە لە دەستی پیرەمێردەکە پەڕی. تۆم هاواریکرد:

- ئەی هاوار!! کاپتن دیك! ئەی هاوار!!...

- چی بووە تۆم؟



Scanned by CamScanner

- گوریسەکە پچڕا!

- چیی؟! پچڕا؟! کەشتیلۆگەکەش کەوتە ناو ئاوەکەوە، ها؟!

دیك ساند هیچ شتێکی لەدەستدا نەمابوو تا خێرایی کەشتییەکەی پێ بپێوێت. تەنها قیبلەنمایەکی پێماوە و بەس. ئاگادارنەبوو کە ئەوەش زانیاری هەڵەی پێدەدات. بەڵام ئەگەر خێرایی کەشتییەکەش نەپێوێت، بەو شەپۆل و جێکەوتەکانی پشتی کەشتییەکەدا دەیزانی کە هێواش نەبووەتەوە.

لە ٧ی مارسدا پەستانپێوەکە تا ڕاددەیەکی زۆر دابەزی. ئەم دابەزینە ئاماژەی گێژەڵوکەیەك بوو بە خێرایی ٦٠ میل لە کاتژمێرێکدا. دیك ساند بڕیاریدا هەموو چارۆکەکان دابداتەوە و تەنها یەك چارۆکەی بچووك لە بەشی پێشەوەی کەشتییەکەدا بە کراوەیی بهێڵێتەوە.

تۆم و هاوڕێکانی بانگکرد تا یارمەتی بدەن. ئەم کارە کارێکی تا بڵێی سەخت بوو. لەبەرئەوەی ئەوانیش لەسەر ئەم کارە ڕانەهاتبوون، نەیاندەتوانی بە خێرایی ئەنجامی بدەن. ڕووی ڕەشەبای چارۆکەکانیان کەمکردەوە. کەچی هێشتا پیلگریم هەر بە خێرایی دەڕۆیشت.

لە ١٢ی مارسدا پەستاپێوەکە کەمێکی دیکەش دابەزی. ئەمە هەواڵدەری زریانێکی مەزن بوو. لە زریانێکی مەزندا تەنانەت بچوکترین چارۆکەی پیلگریمیش خۆی نەدەگرت. خۆ یەکێك لە گەورەترین چارۆکەکانیش بە ئەستەم وەستابوو. فەرمانی کرد هەموویان کۆبکەنەوە بەڵام تازە درەنگە، تۆفانەکە چارۆکە گەورەکەی شکاند و فڕێیدایە ناو ئاوەکەوە.

هەموو ترسی دیك ساند ئەوەبوو کە پیلگریم نەتوانێت بەسەر ئەم شەپۆلە



Scanned by CamScanner

مەزنانەدا زاڵببێت و لە ئەنجامدا تێکبشکێت. بەم دڵەڕاوکێیەوە چووە پێشی کەشتییەکە و تەماشایەکی ئاسۆی کرد، بەڵام هیچ شتێك دیارنەبوو. ئیدی گەڕایەوە ژوورەوە و سووکانەکەی گرتەوەدەست.

پاش یەك خولەك، نیگۆرا دووبارە هاتەوە دەر. بەوردی تەماشای ئاسۆی دەکرد. پەنجەی بۆ شوێنێك درێژکرد. وەك بڵێی ئاماژە بە وشکانییەك دەکات کە کەس نایبینێت. پاشان وەك بڵێی لە ئاماژەکەی پەشیمانبێت، یەکسەر دەستی خستەوە گیرفانی و گەڕایەوە. بە پێکەنینێکی ناپاکانەوە و بێ هیچ ورتەیەك گەڕایەوە کابینەکەی خۆی.

* * *

تۆفانەکە بە تەواوی زیادی کردووە و خەریکە دەبێت بە زریان. خێرایی ڕەشەباکە ٩٠ میلە لە کاتژمێرێکدا. لە ئەنجامی ئەمەدا چارۆکەیەکی دیکەش شکا و کەوتە ناو ئاوەکەوە.

پیلگریم بە خێراییەکی بێئەنداز لە ڕۆیشتن بەردەوامبوو و شەپۆلەکانی تێدەپەڕاند. دیك ساند خۆی بە ستوونێکەوە بەستبوو تا بەهۆی ڕەشەبا و شەپۆلەکانەوە —کە کەشتییەکەیان بەرز و نزم دەکرد— نەکەوێتە ناو ئاوەکەوە. تۆم و باتیش ئامادەبوون بۆ هەر یارمەتیدانێکی دیك ساند. هەرقل و ئەکتیۆنیش لە بەشی پێشەوەی کەشتییەکەدا سەرقاڵی چاودێریکردن بوون.

دیك ساند لەوماوەیە زۆر کەم دەنووست. خاتوو وێڵدن ترسی نەخۆشکەوتنی منداڵەکەی لێنیشتبوو. ئارامی لێبڕابوو و زوو زوو دەهاتە ژووری شۆفێری کەشتییەکە.



Scanned by CamScanner

له بەرواری ١٤ی مارسدا، لە کاتێکدا کە دیك ساند لە خەودا بوو، ڕووداوێکی نامۆ ڕوویدا؛

تۆم و بات لەلای سووکانەکە بوون. نیگۆرا —کە زۆر کەم دەهاتە ئەم بەشەی کەشتییەکەوە— هاتە لایان و قسەی لەگەڵدا دەکردن. لەم ساتەدا بەهۆی لەرزینێکی لەناکاوی کەشتییەکەوە، خەریکبوو بکەوێت بە زەویدا و خۆی بە قتوی قیبلەنماکەوە گرتەوە.

تۆم لە ترسی شکانی قیبلەنماکە هاواری کرد.

دیك ساند گوێی لەم هاوارەبوو، لەخەو ڕاپەڕی و بە هەڵەداوان بەرەو ژووری شۆفێری کەشتییەکە ڕایکرد.

تا ئەو گەیشت، نیگۆرا هەستابووەوە سەرپێ. ئەو پارچە ئاسنەشی لەدەستدابوو کە خستبوویە ناو قتوی قیبلەنماکەوە. بێ ئەوەی کەس درکی پێبکات، خستیە ناو گیرفانییەوە.

ئاخۆ ڕاستکردنەوەی قیبلەنماکە هیچ سوودێکی بۆ نیگۆرا هەبێت؟ ئەها ئێستا تێگەیشتم! ئەو ڕەشەبایەی لە باشووری ڕۆژئاواوە هەڵیکردووە، ئێستا لە قازانجی ئەمە.

دیك ساند پرسی:

— چی ڕوویدا؟

تۆم وتی:

— ئەو چێشتلێنەرە شومە بەسەر قیبلەنماکەدا کەوت و ترسام بشکێت.



Scanned by CamScanner

دیك ساند به ترسەوە تەماشای ناو قتوی قیبلەنماكەی كرد. شكور ساغ بوو و هیچی لێ نەهاتبوو.

دیك ساند لە دڵی خۆیدا هەستێك وەك مەنگەنە دەیگوشی كە نەیدەزانی هۆی چییە. بەڵام ئەوەی هەستی پێنەكرد ئەوەبوو كە چەند چركەیەك لەمەوبەر قیبلەنماكە باكوری ڕاستەقینەی پیشاندەدا.

پیلگریم بە خێرایی بەرەو باكووری ڕۆژهەڵات دەڕۆیشت. خێراییەكەی بە ڕێژەیی دووسەد میلبوو لە ٢٤ كاتژمێردا. هێشتا وشكانی دیارنەبوو. دیك ساند بە تەواوی سەری سوڕمابوو. دەمێك بوو دەبوایە كەنارەكانی ئەمریكا دەربكەوتایە. لەو ساتەدا دیك ساند بیری لەوە كردەوە ئاخۆ هیچ بەرەوپێشچوون یاخود نا. گەر ڕێگەكەیان ڕاست بێت، دەبێت هەڵەیەك لە هەژماركردنەكانی ئەمدا هەبێت. مێشكی دیك ساند بە تەواوی بەم شتانەوە پەشۆكابوو، هەربۆیە كاتێك كەشتییەكەی لێنەخوڕییایە، یەكسەر دەچووەوە لای نەخشەكە و دووبارە و چەندبارە چاوی پێدا دەخشاندەوە. هەوڵێكی زۆری دەدا تا ڕاستییەكەی بۆ دەربكەوێت.

لە ٢١ی ئازاردا ڕووداوێكی گرنگ ڕوویدا. هەرقل كە لە پێشی كەشتییەكەدا وەستابوو، بە تاسەمەندییەوە هاواریكرد:

– وشكانی! وشكانی!

دەستبەجێ دیك ساند بەرەو پێشی كەشتییەكە ڕایكرد، زۆری پێنەچوو ئەویش بە هەمان تاسەمەندییەوە هاواری كردەوە:

– وشكانی! وشكانی!



Scanned by CamScanner

لەنێوان تەمومژەکەدا تەپۆڵکەیەك دیاربوو. دەستبەجێ دیك ساند گەڕایەوە ژوور و لەگەڵ تۆمدا دەستیکردەوە بە لێخوڕینی کەشتییەکە.

ئەو وشکانییەی ماوەیەکی زۆرە تامەزرۆیەتی، وا ئێستا چاوی پێیکەوت. بەڵام کاتێك بیری لێکردەوە، لەبەر خۆیەوە وتی ئەمە شتێکی ئەوتۆ نییە تا هێندە دڵی پێ خۆش بکرێت. گەیشتنیان بە وشکانی بەهۆی زەبری زریانەکەوە، نەهامەتییەکی تر بوو.

دوو کاتژمێری تر تێپەڕی. ئێستا وشکانییەکە بە باشی دەبینرا.

لەم ساتەدا نیگۆرا دووبارە هاتەوە دەر، بە وردیی سەرنجی وشکانییەکەی دا. وەك کەسێك کە بزانێت چی دەکات، سەری ڕاوەشاند. وشەگەلێکیش لە زاری هاتنە دەر، بەڵام کەس گوێی لێنەبوو و کەس نەیزانی چی وت.

دیك ساند هەموو هێزی خۆیی لە چاوەکانیدا کۆکردبووەوە و بە وردی سەرنجی ئەو وشکانییەی دەدا کە وردە وردە لێی نزیکدەبوونەوە.

دوو کاتژمێری تر تێپەڕی. بەرزترین خاڵی وشکانییەکە دەکەوتە لای چەپی کەشتییەکەوە. ئەو کەناردەریایانەی دیك ساند تامەزرۆیان بوو، هێشتا دیارنەبوون. گەر ئەم پارچە وشکانییە کەناردەریایەکی ئەمریکا بووایە، نەدەبوو بەم شێوەیە بێت.

دیك ساند بە دووربین تەماشایەکی لای ڕۆژهەڵاتی کرد، بەڵام هیچ شتێك دیارنەبوو.

پاشان لەناکاو هاوارێك لە دیك ساند بەرزبووەوە. دووربینەکەی خستە لاوە و بەرەو کابینەکەی خاتوو وێڵدن ڕایکرد. بە پەرۆشییەوە وتی:



Scanned by CamScanner

– ئەو وشکانییە، دوورگەیە!

خاتوو وێڵدن بە سەرسامییەوە وتی:

– چی؟ دوورگە؟ ئاخۆ چ دوورگەیەک بێت؟

دیک ساند وتی:

– گەر سەیری نەخشەکە بکەین بۆمان ڕووندەبێتەوە.

دیک ساند بەرەو کۆشکی کاپتن ڕایکرد، نەخشەکەی هێنا و پێکەوە تەماشایان کرد. لە کۆتاییدا کەشتیوانە لاوەکە پەنجەی خستە سەر خاڵێک و وتی:

– ئا ئێرەیە خاتوو وێڵدن. ئەو دوورگەیە بێجگە لە دوورگەی "پاسکالایا" ناکرێت هیچ جێیەکی تر بێت. خۆ لەم ناوە دوورگەی دیکەشی لێ نییە!

خاتوو وێڵدن وتی:

– ئەم دوورگەیە چەندێک لە کەناراوەکانی ئەمریکاوە دوورە؟

– دوو هەزار میل!

– باشە پیلگریم هیچ ڕێی نەبڕیوە؟ بۆ هێندە دوورین؟

دیک ساند بە دڵتەنگییەوە وتی:

– هیچ وەڵامێکم پێ نییە! خوا بکات قیبلەنماکەمان خراپ نەبوونەبێت! بەڵام واز لەوە بێنن، ئێمە دەبێت سوپاسگوزاربین لەسەر ئەوەی کە کەشوهەوا هێندە سەخت نییە. گەر بە تەواوی دوورگەکەمان نەبینیایە، جێگاکەیمان لەسەر نەخشەکە بۆ دیاری نەدەکرا. وە با سوپاسگوزاربین کە پیلگریم لە شوێنێکی نەزانراوی زەریاکەدا وننەبوو.



Scanned by CamScanner

پیلگریم دوو میلی مابوو بۆ وشکانییەکە. گەر بەسەر ئەو ڕەشەبا توندەدا زاڵببێت، پێش دە ڕۆژی تر دەگاتە ئەمریکای باشوور.

* * *

شەوی ٢٧ی مارت ڕەشەباکە بە تەواوی هێوربووەوە. وردە وردە پەستانپێوەکەش بەرزدەبووەوە. ئەمە ئاماژەی ئەوەی دەدا کە تۆفانەکە بەرە بەرە کەم دەبێتەوە.

کاپتنە لاوەکە هێشتا بەنیاز نەبوو چارۆکەکان هەڵبدات. دەبوو ٢٤ کاتژمێر تێبپەڕێنرێت.

شەو تۆفانەکە کەمێك زیاتر هێوربووەوە. چیدی پیلگریم وەك ماوەی پێشوو نەدەلەرزی و هەڵبەزودابەزی نەدەکرد.

خاتوو وێڵدن بەرەو لای دیك ساند هات و دەستەکانی توند گوشی و پێی وت:

– دیك! ئەی کاپتنە خۆشەویستەکەم...

دیك ساند وتی:

– خاتوون، پێویستە لە کابینەکەتان نەیەنە دەرەوە. چونکە مەترسییەکە بە تەواوی لانەچووە.

خاتوو وێڵدن وتی:

– هەستێك لە ناخمدا پێمدەڵێت کە کەشوهەوا بەرەو باشی دەچێت.

دیك ساند وتی:



Scanned by CamScanner

– بەڵێ، ڕەشەباکە هێوربووەوە. لەو بڕوایەدام کە ڕۆژە سەختەکانمان تێپەڕاند. چیدی ڕێگامان ڕۆشنە.

– هەرگیز ئەوە لەیادناکەم کە لەپێناو ئێمەدا چەندە هەوڵتدا.

– خاتوون من تەنها ئەرکی خۆمم بەجێگەیاندووە.

– ئیدی دەبێت پشوو بدەیت کوڕم.

– پشوودان؟! پێویستم پێی نییە خاتوون. تا پیلگریم و ڕێبوارەکانی بە سەلامەتی نەگەنە جێ، من پشوونادەم.

– دیك، هەرگیز یارمەتییەکانت لەیادناکەین.

– من هیچم نەکردووە، خوا ڕزگاری کردین.

– بە وزە ماددی و مەعنەوییەکانت، سەلماندت کە توانای بەڕێوەبردنی کەشتییەکت هەیە. کەسێك کە تەمەنی دوو هێندەی تۆش بوایە، هەر هێندەی تۆی پێدەکرا. بەڵێنت پێدەدەم؛ کە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا قسەبکەم و بتخەینە بەر خوێندن لەم بوارەدا. پاشان کە پسپۆڕیت وەرگرت، یەکێك لە کەشتییەکانی کۆمپانیای "جەیمس وێڵدن" دەخەمە ژێر فەرمانی تۆوە.

دیك ساند لە خۆشیدا چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك و وتی:

– دەیدەیت بە من؟ بە من خاتوون؟

خاتوو وێڵدن بە میهرەبانییەوە وتی:

– تا ئەمڕۆ منداڵی مەعنەویی ئێمە بوویت، بەڵام لەم ساتە بەدواوە بە کوڕی ڕاستەقینەی خۆمت دادەنێم. لە ئێستاوە تۆ براگەورەی ڕاستەقینەی جاکیت. دەمەوێت بە ناوی خۆم و مێردەکەمەوە لەئامێزت بگرم.



Scanned by CamScanner

پاش ئەم گفتوگۆیە. دیک ساند هەستی بە بەهێزییەکی زۆر دەکرد.

لە ٢٩ی مارسدا تۆفانەکە کەمتربووەوە. دیک ساند بڕیاریدا دووبارە دوو چارۆکە گەورەکە بکاتەوە. چووە کۆشکی کاپتن و وتی:

– هاوڕێکانم! وەرن بۆ ئێرە. پێویستم بە قۆڵ و باسکە بەهێزەکانی ئێوە هەیە. یەکەم شت چارۆکەیەکی تازە لە جێگای ئەو شکاوەدا دادەنێین. ئەمە کارێکی سەختە، بەڵام پێویستە سەرکەوتووبین.

ئەکتیۆن بە شێوازێکی چاونەترسانە وتی:

– بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبین.

دیک ساند یەکە یەکە کارەکانی بۆ ڕوونکردنەوە و لەگەڵ تۆم و هاوڕێکانیدا دوو چارۆکە شکاوەکەیان چاککردەوە. ڕێکخستنەوەی چارۆکەکانی تریش هێندە زۆری نەخایاند.

ئەو بەیانییە پیلگریم لە کاتژمێر ١٠دا هەموو چارۆکەکانی کرابوونەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر کەشوهەوا دووبارە هەوراوی بوو. تەنها لە چەند دەرچەیەکەوە تیشکی خۆر دزەی دەکرد. بەڵام ڕێبوارانی پیلگریم دڵخۆشییەکەی جارانیان بۆ گەڕابووەوە.

دیک ساند هەرچەندە کەشتیلۆگەکەی بەکارنەدەهێنا، بەڵام بەپێی کەفی دەریاکە –کە لە پشتی کەشتییەکەوە دروستدەبوو– خێرایی کەشتییەکەی مەزندەدەکرد. لەو بڕوایەدابوو بە کەمتر لە حەوت ڕۆژ نەگەنە کەناراوەکانی ئەمریکا.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە، کەشوهەوا کەمێک خراپ بوو. دیک ساند دووبارە مەترسی لێنیشتەوە. بەڵام سوپاس بۆ خوا مەترسییەکە کەمی خایاند و نەما.



Scanned by CamScanner

ڕەشەباکە پاش چەند ڕۆژێك هێوربووەوە و ئیدی بە شێوەیەکی بەردەوام لەلای ڕۆژئاواوە هەڵیدەکرد.

تا ٥ی نیسان ڕەشپێستەکان بێ هیچ وەستانێك هەر تەماشای ئاسۆیان دەکرد، چەندین جار بەرچاویان لێڵدەبوو و وەیاندەزانی وشکانی دەبینن. لە ٦ی نیساندا هەموو گومانەکان ڕەوینەوە.

کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانی بوو. دیك ساند تازە سووکانەکەی گرتبووە دەست. تەمومژی سپێدەش وردە وردە نەدەما. هێندەی پێنەچوو ئاسۆ بە تەواوی ڕۆشنبووەوە. لە کۆتاییدا لە لێوی دیك ساندەوە گوفتارە چاوەڕوانەکە بیسترا:

– وشکانی! گەشتین بە وشکانی!

هەمووان بەرەو ئەم دەنگە هاتن. تەنها نیگۆرا نەهاتە دەرەوە. هەمووان ئەوەیان بینی کە دیك ساند بینیبووی. لە لای ڕۆژهەڵاتەوە و لە دووری چوار میلەوە پارچە وشکانییەك بەدیدەکرا. پیلگریم بە هەموو خێرایی خۆی بەرەو ئەوێ دەڕۆیشت.

گەر لە پێشەوەی کەشتییەکەوە تەماشا بکرایە، بەرد و زیخێکی زۆر بەدیدەکرا کە بەهۆی کەفی دەریاکەوە سپی هەڵگەڕابوون. لەم ساتەدا ڕەشەباکە کەمێك توندبوو. ئێستا پیلگریم یەك میل لە وشکانییەکەوە دوورە.

ئیدی لەم ساتەدا دیك ساند چاوی بە کەنداوێك کەوت و بڕیاریدا بچێتە ئەوێوە. بەڵام بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە کەنداوەکە، دەبوو بەناو ئەو بەردە نوك تیژانەدا تێبپەڕێت. لە سووکانەکە گەڕا بۆ تۆم و خۆی چووە پێشی کەشتییەکە تا بە وردیی سەرنجی کەنداوەکە بدات و پاشان بڕیاریدا.



Scanned by CamScanner

دینگۆ لەناو کەشتییەکەدا بەملاولادا ڕایدەکرد و دەوەڕی، وەك بڵێیت ئەم کەنداوە بناسێت!

لەوانەیە نیگۆراش گوێی لە وەڕینی سەگەکە بووبێت وا لە کابینەکەی خۆی هاتۆتە دەرەوە. سەگەکە کە هەموو سەرنجی لەسەر وشکانییەکە بوو، ئاگای لە نیگۆرا نەبوو، وەگەرنا پارچەپارچەی دەکرد.

نیگۆرا تەماشای شەپۆلە کەفاوییەکەی دەکرد و هیچ ترسێکی پێوە دیارنەبوو. خاتوو وێڵدن سەرنجی ڕووی سوورهەڵگەڕاوی نیگۆرای دا و هەستی دەکرد کە نیگۆرا پێشتر ئەم شوێنەی بینیوە.

لەم ساتەدا دیك ساند وتی:

– خاتوو وێڵدن، هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە جگە لەوەی کەشتییەکە لە وشکانییەکەدا ڕابگرین. هەرچەندە لەوانەیە کەشتییەکە تێکبشکێت، بەڵام لە پێناو ڕزگارکردنی ئێوەدا پێویستە ئەمە بکەم. نیو کاتژمێری تر نابات دەگەینە سەر وشکانییەکە.

– بڕیار بە دەستی خۆتە دیك. دڵنیام بە باشترین شێوە ئەمەش تێدەپەڕێنیت.

پاش ئەم گفتوگۆیە، دەست بە ئامادەکارییەکان کرا. سەرەتا دە دەفر ڕۆنی نەهەنگ هێنرایە بەشی پێشەوەی کەشتییەکە. تا لە کاتی گیرخواردنی پیلگریم لە دەرچە تەسکەکەدا، ڕۆنەکە بڕژێتە ناو دەریاکەوە و شێتگیری شەپۆلەکان کەمبکاتەوە، بەمشێوەیەش ڕووی ئاوەکە نەرم بکات و پیلگریم بە ئاسانی پێیدا تێپەڕببێت.

کەشتییەکە ٤٠٠ مەتری مابوو بۆ قەراغەکە. لاتەنیشتەکانی کەشتییەکە



Scanned by CamScanner

بەهۆی کەفوکوڵی دەریاکەوە هەر لە ئێستاوە سپی هەڵگەڕابوون. هەموو ساتێك ئەگەری ئەوە هەیە پیلگریم خۆی بە یەکێك لەو بەردانەدا بکێشێت و کون ببێت.

دیك ساند لە گۆڕانی ڕەنگی دەریاکەوە درکی بە دەرچەیەك کرد لەنێوان بەردەکاندا. ئەو شوێنە قوولتر دیاربوو. تێپەڕین بەوێدا چاونەترسی دەویست. بەڵام کاپتنە لاوەکە هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو جگە لەوەی خۆی بداتە بەر ئەم مەترسییە.

دیك ساند هیچ دوودڵییەکی نەنواند. بە سووڕاندنێکی لەناکاوی سووکانەکە، کەشتییەکەی ڕووکردە دەرچە تەسکەکە. شەپۆلەکان تا ناو کەشتییەکە دەهاتن. ڕەشپێستەکان لە بەشی پێشەوەی کەشتییەکەدا وەستابوون و ئامادەبوون بۆ هەموو فەرمانێك.

دیك ساند هاواریکرد:

– ڕۆنەکان بڕژن!

بەهۆی هەڵڕشتنی ئەم دەفرە پڕ لە ڕۆنانەوە، دەریاکە کەمێك دامرکایەوە. پیلگریم گەیشتە سەرەتای دەرچەکە و بێ هیچ لەرزینێك دەستی بە تێپەڕین کرد.

پاش کەمێك دیسان دەریاکە هەڵچووەوە و بەهۆی شەپۆلێکی توندەوە کەشتییەکە لەرزی و لەجێی خۆی بەرزبووەوە.

کەشتییەکە کەوتە سەر وشکانییەکە و ستوونی چارۆکەکان بەلادا کەوتن، بەڵام زیانیان بە کەس نەگەیاند. ناو کەشتییەکە وردە وردە پڕدەبوو لە ئاو.



Scanned by CamScanner

باشبوو لە ماوەی دە خولەکدا کاپتن و دەریاوان و ڕێبوارانی ناو کەشتییەکە دابەزین و خۆیان گەیاندە وشکانییەکە.

* * *

هەموو سوپاسی خوایان کرد.

ئێستا گرنگترین شت ئەوە بوو بزانن پێیان خستووەتە ناو کام بەشەی ئەمریکای باشوورەوە! ئەمە بابەتێکبوو کە مشتومڕێکی زۆری بەدوادا دەهات. ئاخۆ وەك پێشبینییەکەی دیك ساند، لە کەناراوەکانی "پێرۆ"دا بوون؟

دیك ساند هەمیشە بە خۆیی دەوت:

– لەکوێین؟ ئاخۆ بە کەسێك ناگەین ئەم پرسیارەی لێبکەین؟

لەو دەوروبەرەدا هیچ کەسێکی لێ نەبوو. ئەگینا دینگۆ یەکسەر بۆنی دەکرد و هەواڵی پێدەدان. لەوەتەی گەیشتوونەتە سەر وشکانی، ئەم ئاژەڵە لووتی ناوە بە زەوییەکەوە و هەموو ئەو ناوە بۆندەکات. دەکرا بە ڕوانین لە حەپەحەپ و کلکەلەقێکانی سەگەکەدا بزانرێت کە هەستی بە شتێك کردووە.

خاتوو وێلدن هاواری کرد:

– دیك! جووڵەکانی دینگۆ بۆ تۆش جێی تێڕامان و سەرسامییە؟

– هەر بەڕاستی زۆر سەیرە! وەك بڵێی شتێکی دۆزیوەتەوە.

– منیش وا هەستدەکەم.

پاش کەمێك بێدەنگی، خاتوو وێلدن وتی:



Scanned by CamScanner

- نیگۆرا چی دەکات؟

پاش ئەوەی دیك ساند بە وردی سەرنجی چێشتلێنەرەکەی دا، وتی:

- هەمان شت دەکات کە دینگۆش دەیکات. هەر دێت و دەڕوات، وەك بڵێی ئەویش بەدوای شتێکدا دەگەڕێت. ئیدی بە تەواوی ئازادە، هەرچی بوێت دەتوانێت ئەنجامی بدات. لە ئێستا بەدواوە مافی ئەوەم نییە فەرمانی پێبکەم. مادەم پیلگریم گەیشتە سەر وشکانی، ئیدی کاری ئەو تەواوبووە.

نیگۆرا هەموو ئەو کەنارەدەریایەی بە وردیی دەپشکنی. لە کەسێك دەچوو کە بیەوێت هەندێك شتی بیربکەوێتەوە. تۆ بڵێی بەم نیشتیمانە ئاشنابێت؟ گەر پرسیاری دەربارەی ئەمە لێبکرایە، هەرگیز وەڵامی نەدەدایەوە. باشتر وایە لێیگەڕێن بە ئارەزووی خۆی چی دەکات بیکات.

دیك ساند وازی لەو هێنا، چونکە چەندەها کار هەبوون کە پێویستبوو ئەنجامیان بدات. دەیویست بزانێت لە چ وڵاتێکن. بەڵام لەمە گرنگتر ئەوەبوو کە شوێنێك بدۆزنەوە تا شەوی تێدا بەسەربەرن.

لە بابەتی خواردن و خواردەمەنیدا هیچ کێشەیەکیان نەبوو. هەندێك خواردەمەنییان پێبوو و دەیانتوانی چەند ڕۆژێکی پێ بەسەربەرن. شەپۆلەکان چەندین شتی ناو کەشتییەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو. لەناو ئەمانەشدا بڕێکی زۆر خۆراکیشی تێدابوو. تۆم و هاوڕێکانیشی چەندین پسکیت و گۆشتی لەقتونراویان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو.

سەبارەت بە ئاوی خواردنەوەش هیچ کێشەیەکیان نەبوو. چونکە هەر کە لە کەشتییەکە دابەزین، دیك ساند هەرقلی نارد تا بەدوای ئاوی شیریندا



Scanned by CamScanner

بگەڕێت. هەرقلی زەبەلاحیش هێندەی پێنەچوو بە دەفرێکی گەورەی پڕ لە ئاوەوە گەڕابووەوە.

لەو ناوەشدا چەندین پووش و وشکەداری لێبوو و دەیانتوانی ئاگری پێبکەنەوە. ئێستاش تەنها ئەوە ماوەتەوە بە هەموویان بەدوای لانکەیەکدا بگەڕێن کە جێی هەموویانی تێدا ببێتەوە.

لە کاتێکدا جاکی بچووک بە نێوانی تاشەبەردەکاندا دەسووڕایەوە، چاوی بە ئەشکەوتێك کەوت کە بەهۆی شەپۆلی دەریاکەوە دروستبووبوو. ناو ئەشکەوتەکە پاکوخاوێن بوو و کەسیشی لێنەبوو.

ئەم ئەشکەوتە کە توانای لەخۆگرتنی هەموو سەرنشینانی کەشتییەکەی هەبوو، جاکی بچووکی گەلێك خۆشحاڵکرد.

ئێستا پازدە خولەك بەسەر دۆزینەوەی ئەشکەوتەکەدا تێپەڕیوە و، هەمووان لەسەر فەرشێك پاڵکەوتوون کە لە قەوزە وشکەکان دروستبووبوو. تەنانەت نیگۆراش پێی باش بوو بچێتە ئەوێوە.

دوای نیوەڕۆ هەندێك گۆشتی لەقوتوونراو و پسکیتیان خوارد.

سەرەڕای ئەوەی نیگۆراش لەگەڵیاندا نانی خوارد، بەڵام یەك قسەی نەکرد. سەرەتا خاتوو وێڵدن دەستی کرد بە قسە، بە شێوازێکی هێمن و لەسەرخۆ وتی:

— دیکی خۆشەویست. بەناوی هەموانەوە دەمەوێت سوپاست بکەم لەسەر ئەو هەموو فیداکارییەی لەگەڵ ئێمەدا نواندت. گەیشتنە سەر وشکانی، مانای ئەوە نییە ئەرکەکەت تەواوبووە. لە دەریادا کاپتنمان بوویت، دەمانەوێت لەسەر وشکانیش ببیت بە ڕابەرمان. متمانەمان پێت هەیە. جا ئێستا پێمان بڵێ، پێویستە چی بکەین؟



Scanned by CamScanner

پاش کەمێك بیرکردنەوە، دیك ساند وەڵامی دایەوە:

سوپاست دەکەم خاتوو وێڵدن. سەرەتا دەمەوێت بزانم لەکوێداین. لام وایە لە ئاوەدانییەوە زۆر دوورین. با ئەمشەو پشووبدەین. سبەینێ دوو کەس دیاریدەکەین تا ئەم دەوروبەرە بپشکنن.

خاتوو وێڵدن وتی:

– ڕاستدەکەیت.

دیك ساند ڕوویکردە بێنێدیکت و وتی:

– بەڕێز بێنێدیکت، تۆ دەڵێیت چی؟

– من تەنها بیر لە مێرووەکانی ئەم وڵاتە دەکەمەوە. ئێستا دەچم سەردانیان دەکەم.

– تکایە زۆر لێمان دوورمەکەوەرەوە.

– خەمت نەبێت دوورناکەومەوە.

بێنێدیکت قتوی مێرووەکانی هەڵگرت و لە ئەشکەوتەکە دوورکەوتەوە.

لە هەمانکاتدا نیگۆراش لە ئەشکەوتەکە چووەدەرەوە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕۆیشت. لەکاتێکدا "بێنێدکت" بەسەر تاشەبەردەکاندا هەڵدەزنی، نیگۆرا بەرەو خوارەوە دەکشا.

دیك ساند و هاوڕێکانی چوونە ناو کەشتییەکەوە. ڕەشپێستەکان کۆگا و کابینەکان و، دیك ساندیش کۆشکی کاپتنی دەپشکنی. ئاوی دەریاکە نەهاتبووە ناو ئەم بەشەی کەشتییەکەوە. لەوێدا دیك ساند جبەخانەیەکی دۆزییەوە کە پێکهاتبوو لە چوار دەمانچە و چەند گوللەیەك. ئەم تفەنگانە



Scanned by CamScanner

زۆر لە خواردەمەنییەکان بەنرختر بوون. مەشخەڵێکیشی لە یەکێك لە دۆڵابەکاندا دۆزییەوە. لە یەکێك لە چەکمەجەکانیشدا بڕێك پارەی تێدابوو، ئەوانەیشی خستە گیرفانییەوە.

پاش ناوابوونی خۆر، تاریکی هەموو لایەکی داپۆشی.

دیك ساند و هاوڕێکانی گەڕانەوە ئەشکەوتەکە. نانیان خوارد و هەموو نووستن. ڕەشپێستەکان بڕیاریاندا بە نۆبە و یەك لە دوای یەك پاسەوانی بکەن. پاسەوانی ئێشکگر دەیتوانی سوود لە دینگۆش وەربگرێت بۆ پاسەوانی.

لە کاتی ئەم قسانەدا دیك ساند ئەوەی بە بیری خاتوو وێڵدن هێنایەوە کە نیگۆرا نەگەڕاوەتەوە ئەشکەوتەکە.

خاتوو وێڵدن کەمێك بیری کردەوە و وتی:

– پێم باشە هەمیشە چاومان لەسەر ئەو پیاوە بێت.

– منیش ڕام وایە. بەڵام دەبێت ئەوەش لەیادنەکەین کە گەر حەزنەکات لەگەڵ ئێمەدا بێت، ئەوا پێویست ناکات زۆری لێبکەین و ناچاری بکەین.

نیگۆرا یان زۆر دووربوو، یان نەیدەویست بگەڕێتەوە ئەشکەوتەکە.

ئا لەم کاتەدا، دینگۆ –کە چووبووە کەناردەریاکە– دەستی بە وەڕین کرد.

هەمووان بەرەو کەناردەریاکە دابەزین. لەوێشەوە چوونە ئەولاتر و گەیشتنە تاڤگەیەك. بەڵام هیچیان نەبینی. تەنانەت هیچ دەنگێکیشیان گوێ لێنەبوو. ئیدی دینگۆ بێدەنگبوو.

دیك ساند و ڕەشپێستەکان گەڕانەوە بۆ ئەشکەوتەکە. هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستیان گرتەبەر.



Scanned by CamScanner

هەمووان چوونە خەوێکی قووڵەوە. بەڵام خاتوو وێڵدن ڕاڕابوو، تا بەیانی خەوی لێنەکەوت. ئەم وشکانییەی کە زۆر تامەزرۆبوون بیگەنێ، تا ئێستا هیچ دڵی خۆش نەکردوون.

* * *

لە دەمەدەمی سپێدەدا، ئۆستینی پاسەوان گوێی لە سەگەکە بوو کە بە وەڕینەوە بەرەو لای تاڤگەکە ڕادەکات. لە هەمانکاتدا هەموو ئەوانەی ناو ئەشکەوتەکەش لەخەو ڕاپەڕین و بە هەڵەداوان هاتنە دەرەوە.

دیك ساند وتی:

– دیارە دینگۆ هەستی بە مرۆڤێك یاخود ئاژەڵێك کردووە.

تۆم وتی:

– بڕواناکەم نیگۆرا بێت، چونکە گەر ئەو بوایە ئەوا دینگۆ زۆر توورەتر دەوەڕی.

دیك ساند وتی دەبێت بزانین چی ڕوویداوە، هەربۆیە ڕووی لە ڕەشپێستەکان کرد و وتی:

– تفەنگەکانتان بهێنن.

ڕەشپێستەکان تفەنگ و چەقۆکانیان هێنا و بەرەو کەناردەریاکە ڕۆیشتن. هێشتا دینگۆ هەر دەوەڕی.

زۆری پێنەچوو هۆکاری ئەم وەڕینەیان زانی. پیاوێك خەریکە سەگەکە هێوردەکاتەوە و لێی نزیکدەبێتەوە.



Scanned by CamScanner

دیك ساند وتی:

- زۆر باش بوو کە ئەم پیاوەمان بینی. هەر هیچ نەبێت دەتوانین بزانین لەکوێین.

دیك ساند و هاورێکانی بەپەلە بەرەو لای پیاوەکە ڕۆیشتن.

یەکەم شت کە سەرنجی دیك ساندی ڕاکێشا ئەوە بوو کە ئەم پیاوە لە دانیشتووی ئەو ناوچەیە نەدەچوو. بەڵکو لە ڕێبوارێکی سەرکەش دەچوو. بە ڕوخساریدا دەیتوانی بڵێت کە ئەو پیاوە یان ئەڵمانە یان ئینگلیزە.

کاتێك پیاوەکە دەستی کرد بە قسە، دیك ساند زانی کە بەهەڵەدا نەچووە. پیاوەکە بە ئینگلیزییەکی زۆر باشەوە پرسی:

- ئینگلیزن؟

- نەخێر ئەمریکیین.

- خەڵکی باشوورن؟

- باکوور.

دوای ئەم وەڵامە، پیاوەکە بە ڕێزەوە دەستی دیك ساندی توند گوشی و وتی:

- دەکرێت بزانم چی دەکەن لێرە؟

پاشان ڕووی کرد بەلای ڕاستدا و شەپقەکەیی داکەند و سڵاوی لێکردن. خاتوو وێڵدنیشیان لەگەڵدابوو، هەربۆیە ئەو وەڵامی دایەوە:

-لە ڕزگاربووانی ئەو کەشتییەین کە دوێنێ خۆی کێشا بەو تاشەبەردانەدا. یەکەم پرسیارمان لە تۆ ئەمەیە:



Scanned by CamScanner

- ئێمە لەکوێین؟

- لە ئەمریکای باشوورن. گومانتان هەبوو لەمە؟

- بەڵێ، نەماندەزانی گەردەلوولەکە ئێمەی بەرەو کوێ هێناوە. دەکرێت پێمان بڵێین رێك لەکوێداین؟ لە "پێرۆ"ین، وا نییە؟

- نا، نەخێر، نەخێر، لە نێوانی "شیلی" و "بۆلیڤیا"دان.

دیك ساند وتی:

- مەزەندەم نەدەکرد هێندە دوورکەوتبینەوە. ئەو شاخە ناوی چییە؟

- ناوی نازانم، یەکەم جارمە بێم بۆ ئەم ناوچەیە. زانیارییەکی ئەوتۆم نییە.

- بەپێی قسەکانی ئێوە بێت زۆر دوورین لە "لیما"وە.

- "لیما" لێرەوە زۆر دوورە. ئەوێ رێك لە باکووردایە.

خاتوو وێڵدن کە بە دیارنەمانی نیگۆرا گەلێك تووڕەبووبوو، بە پیاوە بیانییەکەی وت:

- بەڕێز ببورن کە وا دەڵێم، بەڵام هەستناکەم کە ئێوە خەڵکی "پێرۆ" بن.

- نەخێر، منیش وەکو ئێوە خەڵکی ئەمریکام. ناوم هاریسە. خەڵکی "کارۆلینای باشوور"م. پێش چەند ساڵێك نیشتیمانەکەمم بەجێهێشت. هاتم بۆ بۆلیڤیا. بینینی چەند هاونیشتیمانێکی خۆم پاش ئەم هەموو ساڵە، گەلێك خۆشحاڵی کردم.

خاتوو وێڵدن وتی:



Scanned by CamScanner

– بەتەنهان؟

– نا بەتەنها نیم. لەولای سێسەد و بیست کیلۆمەترەوە کێڵگەیەکی لێیە کە هی یەکێك لە براکانمە. ناوی "سان فێلیس"ە. دڵنیام ئەگەر لەگەڵمدا بێن بۆ ئەوێ، ئەوا براکەم زۆر خۆشحاڵ دەبێت و خزمەتێکی باشتان دەکات.

ئەم پێشنیارە سەرنجڕاکێشە، خاتوو وێڵدن و دیك ساندی سەرسام کردبوو! کاتێك هاریس هەستی بەمە کرد، بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕێت وتی:

– ئەم ڕەشپێستانە کۆیلەی ئێوەن؟

ئەم پرسیارە کەشوهەوای گفتوگۆکەیانی تێکدا.

خاتوو وێڵدن وتی:

– چیدی بابەتی کۆیلە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چارەسەرکراوە.

هاریس وتی:

– ڕاستدەکەن بەڕێزم. لەیادم کردبوو کە جەنگەکەی ساڵی ١٨٦٢ ئەم بابەتەی بە تەواوی چارەسەرکرد. داوای لێبووردن لەم کەسە بەڕێزانە دەکەم.

دیك ساند بیری لە بانگهێشتنامەکەی هاریس دەکردەوە. ئایا خاتوو وێڵدن و جاکی بچووك بەرگەی ئەم گەشتە دوور و پیادەڕێیە دەگرن؟

دیك ساند چەند پرسیارێکی سەبارەت بەم گەشتە کرد.

هاریس وتی:

– لە ڕاستییدا ئەم گەشتە کەمێك زۆر دەخایەنێت. هەندێك لەولاتر لەژێر ئەو دارانەدا ئەسپەکەمی لێیە. زۆر خۆشحاڵ دەبم گەر ئەسپەکەم



Scanned by CamScanner

بدەم بە خاتوو وێلّدن. سەبارەت بە کوڕەکانیش، ماندووێتی بۆ ئەوان شیاوی باس نییە.

دەتوانین بەرگەی ماندووێتی بگرین. لەو باوەڕەدام کە ڕۆژانە بتوانین ٦ کیلۆمەتر ببڕین. گەر لەو ڕێگە قەدبڕەی ناو دارستانەکەشەوە بڕۆین، ئەوا نزیکەی ١٣٠ کیلۆمەترمان بۆ دەگەڕێتەوە. بەم شێوەیەش لە ماوەی ١٢ ڕۆژدا دەگەین بە سان فێلیس.

دیك ساند لێی پرسی:

– کەی بەڕێدەکەوین؟

هاریس وەڵامی دایەوە:

– هاوڕێ لاوەکەم، لە مانگی نیساندا کەشوهەوا تێکدەچێت. گەر دەستبەجێ بەڕێبکەوین باش دەبێت.

دیك ساند ڕووی کردە هاوڕێکانی و وتی:

– دەستبەجێ با خۆمان ئامادەبکەین.

خاتوو وێلّدن بە هاریسی وت:

– دەتەوێت نانی بەیانیمان لەگەڵ بخۆیت؟

پیاوە بیانییەکە ئەم بانگهێشتەی بە خۆشحاڵییەوە قبووڵکرد. پاشان لەگەڵ دیك ساندا ڕۆیشتن تا ئەسپەکە بهێنن. لە ڕێگا دیك ساند لێی پرسی:

– کەسێکت نەبینی بەناوی نیگۆرا؟ دوێنێ شەو جێی هێشتین و ئیدی نەگەڕاوەتەوە.



Scanned by CamScanner

هاریس وتی:

– نەخێر، کەسم نەبینی. لەوانەیە ڕێگەکەی لێتێکچووبێت و نەیتوانیبێت بگەڕێتەوە. لەوانەیە لە ڕێگای "فێلیس" پێی بگەین.

پاش ئەوەی ئەسپەکەیان هێنا، گەڕانەوە بۆ ئەشکەوتەکە.

* * *

دیك ساند ترسێك لە ناخیدا بوو، بەڵام نەیدەزانی هۆکارەکەی چییە. کاتێك ڕۆژئاوابوو، ئەوان نزیکەی هەشت بۆ نۆ میلیان بڕیبوو. بێجگە لە درەختێکی فرەگەڵای مانگۆ، هیچی دیکەیان نەدۆزییەوە تا لەژێریدا پشووبدەن.

کاتێك هاتنە لای درەختەکە، دەنگێکیان گوێ لێبوو کە خەریکبوو گوێی کەڕدەکردن. ئەمە دەنگی ئەو تووتییانە بوو کە لەسەر درەختەکە دەژیان. دیك ساند ویستی تەقەبکات تاوەکو ئەو تووتییانە بێدەنگ بکات یاخود هەڵیانبفڕێنێت. بەڵام هاریس پێی وت کە لەوانەیە خەڵکی ئەو دەڤەرە دەنگەکە ببیستن و بەمجۆرەش لە بڕیارەکەی پاشگەزی کردەوە.

بۆ ڕۆژی دادێ دووبارە بەڕێکەوتنەوە.

جگە لە دارودرەخت، هیچ شتێکی دیکە لەو دەوروبەرەدا نەدەبینرا. دیك ساند هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە کە دەکرێت لە "پامپا"کاندا[1] دارستانی لەم شێوەیە بوونیان هەبێت. هەربۆیە لەمبارەیەوە چەند پرسیارێکی لە هاریس کرد.

هاریس وەڵامی دایەوە:

١. پامپا: ئەو زەوییانەی ئەمریکای باشوورن کە ڕووبەری نزیکەی ٧٥٠،٠٠٠ کم دووجا پێکدەهێنن. ئەم وشەیە لە زاراوەی "کویچوا"یدا بە واتای زەوییەکی تەخت دێت.

– زۆر ئاساییە گەر پێت سەیربێت دۆستە ئازیزەکەم. "پامپا"کان ڕێك بەو شێوەیەن کە لە کتێبەکاندا باسکراون. زەوییەکی فراوانی بێپیتن. بەڵام ئاوهەوا و زەویوزاری ئەم ناوچەیە گەلێك جیاوازە. جاروبار منیش سەراسیمە دەکات. منیش ئەمە یەکەم جارمە کە بێرەدا تێپەڕدەبم.

– لەم دارستانە ناترسن کە یەکەم جارە پێیدا گوزەردەکەن؟

– دەتوانن دڵنیابن کە بە ساغ و سەلامەتی دەتانگەیەنم. هەرچەندە یەکەم جاریشمە کە بەم دارستانەدا گوزەردەکەم، بەڵام لەبەرئەوەی بەم ناوچەیە ئاشنام، بۆیە بەئاسانی دەتوانم ڕێڕەوی خۆم دیاریبکەم.

هەموو ئەم قسانەی تابلێی بە جددییەتەوە دەکرد و بەرامبەرەکەیی قایلدەکرد. ئەمان لە پێشی گرووپەکەوە دەڕۆیشتن و بە شێوەیەکی جددی قسەیان دەکرد.

کاتێك لە ١٦ی نیساندا لەژێر درەختێکدا پشوویان دەدا، دەنگێکیان هاتە بەرگوێ کە لە لوورەلوور دەچوو. خاتوو وێڵدن لە ترساندا دەستبەجێ هەستایە سەرپێ.

دیك ساند خێرا دەستی دایە تفەنگەکەی و خۆی هەڵدایە بەردەمی خاتوو وێڵدن و هاواری کرد:

– مار، مار!

هاریس وتی:

– مەترسن، بەڵام هیچ جووڵە مەکەن. ئەم جۆرە خشۆکانە بە جووڵە ڕادەپەڕن.



Scanned by CamScanner

هەمان ڕۆژ ڕووداوێکی دیکە ڕوویدا. سەرەڕای ئەوەی گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ئاسەوارێکی باشی لە ناخی دیک ساندا بەجێهێشت.

لە کاتی پشوودانیاندا، لە بێشەڵانێکی پڕ دارودرەختدا چەند ئاژەڵێك لەناکاو دەرپەڕین. کاتێك دیك ساند ویستی تەقەبکات، هاریس دووبارە بەری پێگرت و نەیهێشت.

دیك ساند وتی:

– بەڵام ئەوانە زەڕافە بوون، بۆچی تەقە نەکەم؟

خاتوو وێڵدن وتی:

– ئەمریکای باشوور هیچ زەڕافەیەکی لێنییە کوڕم. بەهەڵەداچوویت.

هاریس وتی:

– ڕاستدەکات هیچ زەڕافەیەك لەم ناوچەیەدا بوونی نییە.

دیك ساند بە سەرسامییەوە وتی:

– ئەی ئەو ئاژەڵانەی بینیمن چی بوون؟!

هاریس وەڵامی دایەوە:

– چاوەکانت بەهەڵەیاندا بردیت. ئەوانەی بینیتن وشترمرخ بوون.

دیك ساند وتی:

– ئاخر وشترمرخ دوو پێی هەیە، بەڵام ئەو ئاژەڵانەی بینیمن "چوارپێ"بوون.

هاریس وەڵامی دایەوە:

– منیش بینیمن، دەتوانم سوێند بخۆم کە "دووپێ" بوون نەك "چوارپێ".



Scanned by CamScanner

دیك ساند دووباره به سەرسامییەوە پرسی:

– دووپێ بوون؟!

خاتوو وێلدن وتی:

– لای منیش وەك چوارپێ دەردەکەوتن.

هاریس پێکەنی و وتی:

– یەکەمجارمە ببیستم کە وشترمرخ چوار پێی هەبێت.

دیك ساند وتی:

– بۆچی پێداگری دەکەیت لەسەر ئەوەی کە وشترمرخ بوون؟ دڵنیام کە زەڕافە بوون.

هاریس بە هێمنیی وەڵامی دایەوە:

– چاوەکانتان بە هەڵەیدا بردوون. لەوانەیە بەهۆی خێراییەکەیانەوە بە چوارپێ دەرکەوتبن. تا ئێستا چەندین ڕاوچیش بەمجۆرە بەهەڵەداچوون.

دیك ساند وتی:

– بەڵام لە ئەمریکادا هێندەی زەڕافەی لێیە هێندە وشترمرخی لێ نییە.

هاریس بە پێکەنینەوە وتی:

– بەهەڵەداچوون هاوڕێ. لە ئەمریکای باشووردا جۆرێکی وشترمرخ هەیە کە پێیان دەوترێت "ناندو". لە ڕێگادا زۆریان لێ دەبینین. وابزانم ئەوکات قایل دەبن.

دیك ساند نکوولی نەکرد و بێدەنگی هەڵبژارد. بەڵام تازە ئەو گومانە لە دڵییدا دروستبووە و تەواو.



Scanned by CamScanner

بۆ ڕۆژی داوی، واته له ١٧ی نیساندا، هاریس پێی ڕاگه‌یاندان كه ته‌نها
٢٤ كاتژمێریان ماوه بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌نه كێڵگه‌كه.

خاتوو ویلْدن وتی:

- منیش له ناخی دڵمه‌وه حه‌زده‌كه‌م ئه‌م ڕێگایه ته‌واوببێت. بارودۆخی جاكیشم هیچ به‌دڵ نییه. به‌خوا وابزانم تووشی نه‌خۆشیی مه‌لاریا بووه.

دیك ساند وتی:

- باشه تا ئێستا بۆ به مێشكماندا نه‌هات! ده‌توانین به ڕێگایه‌كی سروشتی جاك چاره‌سه‌ربكه‌ین.

هاریس به سه‌رسامییه‌وه وتی:

- هیچ له قسه‌كانتان تێنه‌گه‌یشتم.

دیك ساند وتی:

- له ناوچه‌یه‌كداین كه "كینین"ی زۆره. بۆ چاره‌سه‌ری مه‌لاریا، هیچ ده‌رمانێكی دیكه‌تان بیستووه له‌مه باشتر بێت؟

هاریس وتی:

- ڕاستده‌كه‌یت هاوڕێ. بیستوومه كه خه‌ڵكی ئه‌م ناوچه‌یه سوود له‌و دره‌خته وه‌رده‌گرن.

دیك ساند وتی:

- زۆرم پێ سه‌یره كه تا ئێستا هیچ دره‌ختێكی له‌و جۆره‌مان نه‌دیوه.

هاریس وتی:



Scanned by CamScanner

– ناسینەوەی ئەو درەختانە هەروا ئاسان نییە. یەکە یەکە بەناو دارستانەکەدا بڵاوبوونەتەوە. خەڵکی ئەم ناوچەیە هەمیشە بە گەڵاکانیاندا دەیانناسنەوە.

خاتوو وێڵدن وتی:

– بەڕێز هاریس، ئەگەر یەکێك لەو درەختانەت بینی، تکایە نیشانمان دەدەیت؟

– بە دڵنیاییەوە خاتوون.

دەمەوئێوارە لە شوێنێکی گونجاودا چادریان هەڵدا. هەڵمێکی چڕ –کە لە زەوییەوە بەرزدەبووەوە– هەموو ئەو ناوەی تەنیبوو. هاریس کە ئەمەی بینی، پێی ڕاگەیاندن کە بارانبارین زۆر نزیکە. تەنها چەند کاتژمێرێکیان ماوە بۆ ئەوەی بگەنە کێڵگەکە.

* * *

ئەم گەشتە خاتوو وێڵدنی گەلێك ماندووکردبوو، وای لێهاتبوو کە نەیدەتوانی هەنگاوبنێت. جاکی بچووکیش چیدی بەرگەی نەدەگرت.

بە پێی قسەکانی هاریس بێت، دەبێت ئەمڕۆ گەشتەکەیان بەکۆتابگات. بەڵام هێشتا کێڵگەکە دیارنەبوو.

هاریس پێی وتن:

– سبەینێ دەگەینە کێڵگەکە. تکام وایە کەمێك هێز و توانا بدەنە بەر خۆتان.

ئەو بڕە خواردنەی پێیان بوو، بەشی ماوەیەکی دیکەشی دەکردن، بەڵام هەمووان – جگە لە هاریس – تا بڵێی ماندوو و شەکەت بوون.

کاتێك خەریکبوو ڕێگاکەیان تەواودەبوو، دیك ساند هەستی دەکرد کە هاریس



Scanned by CamScanner

ورده ورده تووڕە و مۆن دەبێت. مەگەر نەدەبوو خۆشحاڵبێت لەبەرئەوەی کە بە کێڵگەکە دەگەن؟ دیك ساند لە دڵی خۆیدا دەیوت لەوانەیە بەهەڵەدا چووبم.

بۆ ڕۆژی دواتر هەر لە بەیانی زووەوە بەڕێکەوتن. وەك هەمیشە، هاریس لە پێشیانەوە دەڕۆیشت. وەك ڕۆژانی پێشوو لەسەرخۆ نەبوو. بە سەرنجەوە تەماشای دەوروبەرەکەی دەکرد، وەك بیەوێت ئەو شوێنانە بناسێتەوە. دیك ساند ئەم بارودۆخەی هاریسی گەلێك پێ نامۆ بوو. خاتوو وێڵدنیش پەیی بەم بارودۆخە جیاوازەی هاریس بردبوو.

کاتژمێر شەشی دەمەوئێوارە گەیشتنە شوێنێکی کراوەی دارستانەکە. گەر تەماشای ئەو گژوگیایانەت کردبا —کە هێندەی باڵای مرۆڤێك بەرزبوون— ئەوا بە ئاسانی دەتتوانی بزانیت کە ئاژەڵگەلێکی گەورە بەوێدا تێپەڕیون.

دیك ساند بەوردی سەیری ئەو ناوچەیەی کرد. زەوییەکە تەڕ بوو و جێپێی ئاژەڵگەلێکی گەورەی وەك جاگوار دیاربوو. ئاخۆ ئەم جێپێیانە هی چ ئاژەڵێك بن؟! گەر فیل لە ئەمریکادا هەبووایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەیانوت شوێنپێی فیلە.

ئەم شوێنپێیانە دیك سانديان گەلێك سەرسام کرد. چیدی متمانەی بە هاریس نەمابوو. ئیدی چاوەڕێی هەلێك بوو بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستی هاریسی بۆ دەربکەوێت.

لە ڕێگاکەیان بەردەوامبوون. دیك ساند نزیکەی سەد مەتر لە پێش هاوڕێکانییەوە دەڕۆیشت. زۆری پێنەچوو لەناکاو چاوی بە چەند کەرکەدەنێك کەوت کە لە کەناری دەریاکەدا یارییان دەکرد. یەکسەر هاواری کرد ”کەرکەدەن!



Scanned by CamScanner

کەرکەدەن!...“ لە داخاندا نەیدەزانی چیبکات. ئاخر کەرکەدەن لە باشووری ئەمریکادا چ دەکات؟!

بەبێدەنگییەوە لە ڕێگای خۆی بەردەوامبوو.

هەموان بەسەختی هەنگاویان دەنا. خاتوو وێڵدن هەموو بیروهۆشی لەلای جاکی بچووك بوو و هەستی بە ماندوویێتیی خۆی نەدەکرد، بەڵام خۆیشی خەریکبوو برستی لێدەبڕا.

دەمەوئێوارە تۆم لەناو گژوگیاکاندا خەنجەرێکی دۆزییەوە. چەقۆیەکی تابڵێی گەورە بوو و دەسکەکەی لە شاخی فیل دروستکرابوو.

تۆم ئەمەی بە نهێنی پشانی دیك ساند دا.

دیك ساند وتی:

– وا دیارە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە هێندە لێمانەوە دوورنین.

هاریس گوێی لەم قسانەبوو، هەربۆیە دیك ساند ناچاربوو خەنجەرەکەی نیشانبدات.

هاریس وتی:

– دەکرێ بەڵام....

دیك ساند بە گومانەوە تەماشای هاریسی کرد و وتی:

– خەڵکی ئەم ناوچەیە لە نزیکی کێڵگەکە چی دەکەن؟

هاریس وتی:

– ئەم خەنجەرە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە کێڵگەکە زۆر نزیکین.



Scanned by CamScanner

– پێشبینی دەکەن چەندمان مابێت بۆ کێڵگەکە؟

– نزیکەی سێ میل...

– کەوابێت پێویستە چاوەڕێی سبەینێ بکەین. کەسمان توانای ڕۆیشتنمان نەماوە. دەستبەجێ با چادر هەڵبدەین.

هاریس ملی نەویکرد و وتی:

– بڕیار بەدەست خۆتانە.

لەژێر درەختێکی گەورەدا چادریان هەڵدا. ئا لەم ساتەدا دەنگی تۆم بیسترا. دیك ساند یەکسەر بەرەو لای دەنگەکە ڕایکرد. تۆمی پیر ئاماژەی بۆ شوێنێکی ناو گژوگیاکە کرد و بە دیك ساندی وت تەماشای ئەوێوە بکە. لە سەر زەوییەکە چەند زنجیرێکی ئەستووری لێبوو لەگەڵ یەك دوو ملگیر[1]، چەند دڵۆپە خوێنێکیش دەبینران.

دیك ساند وتی:

– بێدەنگبە تۆم! نابێت بە کەس بڵێین کە ئەم شتانەمان بینیوە!

دیك ساند بە ئەستەم تۆمی بۆ بێدەنگکرا. پاش کەمێك بڕیاریدا شوێنێکی دیکە هەڵبژێرێت. دەستبەجێ خواردنیان ئامادەکرد. کەسیان توانای نانخواردنیان نەبوو.

زۆری پێنەچوو شەو داهات. ئاسمان بە هەورە ڕەش و چڕوپڕەکان تەنرابوو. بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو.

خاتوو وێڵدن نەدەنوست. جاکی خستبووە باوەشی و هەوڵیدەدا بیخەوێنێت.

١. کەلەپچەی مل.



Scanned by CamScanner

لە نیوەشەودا نەڕەنەڕێك بیسترا. تۆم لە جێی خۆی ڕاپەڕی. دیك ساند قۆڵی تۆمی گرت تا نەهێڵێت قسەبكات. بەڵام تۆم هاواری كرد:

- شێر! ئەوە شێرە...

كاتێك دیك ساند زانی تۆم بەگوێی ناكات، دەستبەجێ خەنجەرێكی هەڵگرت و بەرەو ئەو قوژبنە ڕۆیشت كە هاریسی لێبوو. بەڵام هاریس و ئەسپەكەی ڕۆیشتبوون و لەوێ نەمابوون.

ئیدی لەو ساتەدا دیك ساند لە هەموو شتێك تێگەیشت. ئەو وشكانییەی پیلگریمی لەسەر نیشتبووەوە، ئەمریكای باشوور نەبوو، بەڵكو ئەفریقا بوو.

قیبلەنماكە ڕێگەی هەڵەی نیشاندابوون و ڕێی لێ گۆڕیبوون. بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن بە ئاوەكانی باشوری كیشوەری ئەمریكای باشوردا تێپەڕبوون و بە زەبری تۆفانەكە بەرەو كەناراوەكانی ئەفریقا هاتوون. ئیدی ئەمە ڕاستییەكە بوو! ئەوەی كە دیبووشیان، وشترمرخ نا، بەڵكو زەڕافە بووبوو. فیل و شێر و كەركەدەن و زەڕافە، ئەمانە ئاژەڵگەلێكن كە لە ئەفریقا دەژین. ئەو ملگیرە گەورە و زنجیرە ئەستوورانەش هی ئەو كۆیلانەبوون كە هەوڵی هەڵهاتنیان دابوو. دڵنیاشبوون لەوەی كە نیگۆرا و هاریس یەكتر دەناسن و ئەمانیان پەلكێشی ئەم ناوچەیە كردووە.

لە كۆتاییدا دیك ساند ئەم قسە مەترسیدارەی كرد:

- لە هێڵی كەمەرەیی زەویداین! لە كیشوەری ئەفریقای پڕ لە بازرگانانی كۆیلە...



Scanned by CamScanner

# بەشی دووەم

دوو پیاو دوور لە چادرگەکە و لە کەناری دەریاکەدا —هەر وەك ئەوەی پێشتر بڕیاریان لەسەر دابوو— پێکگەیشتن. "نیگۆرا و هاریس" هەر کە یەکیان بینی، دەستیان بە قسەکرد:

نیگۆرا:

– نەتتوانی دیك ساند و هاوڕێکانی بەرەو ناوەوەتر ببەیت، ها؟

هاریس:

– چیدی وەك ئەوە وایە لە دەستماندا بن، لەو بڕوایەدا نیم بتوانن هەڵبێن.

– دەی ئیدی با ئاگاداریان بین نەوەك هەڵبێن.

هاریس شانی هەڵتەکاند و وتی:

– نیگۆرا! گەر لێیان دوورنەکەوتمایەتەوە، ئەو کاپتنە گەنجە هەموو فیشەکەکانی ناو تفەنگەکەیی لە مندا بەتاڵدەکردەوە.

– وازی لێبێنە بۆ خۆم، خۆم دەزانم چی لێدەکەم.

Scanned by CamScanner

– هەرچییەکیان لێدەکەیت لێیان بکە، بەس بێ ئەوەی مافی من پێشێلبکەیت. دەی تۆ واز لەوانە بێنە، بۆم بگێڕەوە بزانم لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا چیت کردووە. هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات کە لە ناوچەی "لانگۆ" یەکتر ببینینەوە. هەر بەڕاستی ڕێکەوتێکی سەیر بوو! ئێمە وامان دەزانی کە تۆ مردوویت!

– هەروەك دەیبینیت، نەمردووم.

– ئێستا چی لە ڕێبوارانی پیلگریم بکەین؟

– پێش ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە چییان لێ بکەین، پێم بڵێ بزانم ئەلڤێزی سەرۆکی کۆیلەکان دەنگوباسی چییە؟

– هەڵبەت تۆ ببینێت گەلێك خۆشحاڵ دەبێت.

– هێشتا لە "بیهێ"یە؟

– پاش ڕۆیشتنی تۆ، هەلومەرجەکان گۆڕان. "بیهێ" بوو بە ناوچەیەکی مەترسیدار بۆ ئێمە. بازاڕی کۆیلەکان ئێستا لە "کازۆندێ"یە.

– ئەی کاروبار چۆنە؟ باشە؟

– تا دێت کارەکەمان مەترسی تێدەکەوێت. لەلایەکەوە پرتوگالییەکان و لە لایەکیشەوە ئینگلیزەکان، خۆ هەر ناهێڵن هەناسەبدەین. ئێستا لە "مۆسامێدێس"ەوە –واتە لە باشووری ئەنگۆلاوە– کۆیلەکان سواری کەشتییەکان دەکەین. بەڵام دڵنیام هەر ڕۆژێك بێت بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە سەرمان دەخوات. دەی تۆ ئێستا واز لەم شتانە بێنە، پێم بڵێ بزانم چی لە کاپتن و هاوڕێکانی بکەین؟



Scanned by CamScanner

نیگۆرا دەمێك بوو پیلانی خۆیی داڕشتبوو. بە متمانەبەخۆبوونەوە ڕەلامی دایەوە:

- ڕەشپێستەکان وەك کۆیلە دەفرۆشم. لەوانەیە تۆمی پیر پارەیەکی نەوتۆ نەکات، بەڵام ئەوانی دیکە پارەی باش دەکەن.

لەو کاتەدا کە ویستیان بجووڵێن، دەنگی وەڕینی سەگێکیان بیست. لەناکاو سەگێك دەرکەوت کە دەمی کردووەتەوە و دەیەوێت پەلاماربدات.

نیگۆرا هاواری کرد:

- دینگۆ!! چیدی ڕزگارت نابێت لەدەستم.

نیگۆرا دەستی دایە تفەنگەکەی هاریس. دینگۆ خەریکبوو هێرش بهێنێت، لەو ساتەدا نیگۆرا دەستی نا بە پەلەپیتکەی تفەنگەکەدا و تەقەی کرد. دینگۆی بریندار بە ئازارەوە دەیناڵاند، لەپڕ لەناو دارودەوەنەکەوە بزربوو.

نیگۆرا بە فیزەوە زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

- ئەولاتر چیت! دواجار هەر تیاچوو...

هاریس وتی:

- ئەم سەگە بۆ دوژمنایەتیی تۆ دەکات؟

نیگۆرا بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

- لێیگەڕێ، بابەتێکی دووورودرێژە.

هاریس تێگەیشت کە هاوڕێکەی نایەوێت باسی بکات، هەربۆیە پرسیاری لێنەکردەوە و بێدەنگ بوو.

* * *



Scanned by CamScanner

ئێستا شتەکان وەك ڕابردوو نەزانراو نەبوون. چیدی دیك ساند دەیزانی کە لە کوێیە و دوژمنەکانیشی کێن. تەنها ئەوەی نەدەزانی ئەوەبوو ئایا نیگۆرا و هاریس چۆن یەکیان دەناسی.

گەشتەکەیان لەم ساتە بەدواوە بەڕاستی پڕ مەترسی بوو.

پاش ئەوەی شەو بیری کردەوە، ئیدی بڕیاریدا چی بکات. بە متمانەبەخۆبوونەوە لە جێی خۆی هەستا و لە تۆمی پیر نزیکبووەوە. بە چرپەوە لێی پرسی:

– تۆم! دەزانیت کە لە ئەفریقاین، وانییە؟

– بەڵێ دەزانم بەڕێز دیك.

– با بێجگە لەم دوانەمان کەسی تر بەم شتە نەزانێت.

– خەمت نەبێت بەڕێز دیك.

دیك ساند بە جددییەوە وتی:

– چیدی پێویستە وریاتر بین. بە هاوڕێکانمان دەڵێین کە هاریس ئێمەی هەڵخەڵەتاندووە و هەڵهاتووە. ڕێ و شوێنی پێویست دەگرینە بەر، ئەوانیش با وا بزانن کە لە ترسی خەڵکی ناوچەکە وا دەکەین.

– دەتوانن متمانەتان بە نەبەردی و لێهاتوویی هاوڕێکانم هەبێت.

دیك ساند وتی:

– دەزانم تۆم. متمانەم بە زانیاری و ئەزموونەکانی تۆش هەیە. پێویستم بە هاوکاریت هەیە.



Scanned by CamScanner

- هەمیشە لە ژێر فەرمانتدام بەڕێز دیك.

پاشان دیك ساند پێیوت کە چ بڕیارێکی داوە. تۆمی پیر بە درێژی بیری لەم بڕیارە کردەوە، ئینجا وتی:

- ڕاستدەکەیت بەڕێز دیك. بێجگە لەم شێوازە، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەمان نییە.

کاتێك تۆمیش ڕەزامەندیی خۆی لەسەر بڕیارەکەی دیك دەربڕی، ئیدی ویستیان خۆیان بگەیەننە نزیکترین تاڤگە و بە ڕێڕەوی تاڤگەکەدا بڕۆن و خۆیان بگەیەننە دەریاکە، بەم جۆرە شوێنپێکانیان لەسەر زەوییەکە دەرنەدەچووەوە و کەس نەیدەتوانی شوێنپێیان هەڵبگرێت.

دەستبەجێ دوای ئەم بڕیارە کەوتنە ڕێ، پاش ڕێبڕینێکی کەم، بە تاڤگەیەکی بچووك گەیشتن. تاڤگەکە جۆگەیەکی دروستکردبوو. ئەوانیش بەپەلە بە ڕێی جۆگەکەدا ڕەتبوون.

لە ڕێگادا خاتوو وێڵدن پرسی:

- دیك، تۆ دەڵێی هاریس بۆچی ڕایکردووە؟

- نازانم هیچم بەخەیاڵدا نایەت.

- کەوابێت کێڵگەکەش ڕاست نەبوو.

- بەڵێ وایە. نە کێڵگەکە ڕاستە و نە گوندەکەش. بە زووترین کات پێویستە بگەینە کەنار دەریاکە.

- بۆچی بە هەمان ڕێگەدا ناگەڕێینەوە؟



Scanned by CamScanner

- بەموت ڕێگاکە قەدیر بکەم. لەو باوەڕەدام بێ ئەوەی خۆمان بخەینە مەترسییەوە دەتوانین بگەینە دەریاکە. تەنها چەند میلێک بڕۆین ئیتر دەگەین...

- تۆ حەقت نییە کوڕم، من دەتوانم بڕۆم. جاکیش دەکەمە باوەش.

خاتوو وێلدن سەرنجی دەوروبەرەکەی دا و بە سەرسامییەوە پرسی:

- ئەی دینگۆ لەکوێیە؟

کەس بیری لای دینگۆ نەمابوو. لەو ساتەدا هەموو بیریان کەوتەوە.

هەرقل وتی:

- هەر بەڕاستی دینگۆ دیارنەماوە.

ئیتر بە قوڕگیان هاواریان دەکرد و بانگی دینگۆیان دەکرد. بەڵام دینگۆ دەرنەکەوت.

ونبوونی سەگەکە ڕووداوێکی خەمناک بوو. ئەو بە هەستی بۆنکردن دەیتوانی لە مەترسییەکان ئاگاداریان بکاتەوە.

تۆم وتی:

- تۆ بڵێیت دوای هاریس کەوتبێت؟

- بڕواناکەم دوای هاریس کەوتبێتە. بەڵام پێدەچێت شوێنێکی ئیگۆرای هەڵگرتبێتە. لەوانەیە هەستی بەوە کردبێت کە بەدوامانەوەیە.

هەرقل وتی:

- کوڕە ئەو جێشتلێنەرە نەگریسە لەوانەیە ئێستا کوشتبێتی.



Scanned by CamScanner

دیك ساند وتی:

- ناکرێت چاوەڕێی دینگۆ بکەین و کات بەفیڕۆ بدەین. ئەگەر لە ژیاندا مابێت، بە دڵنیاییەوە شوێنپێمان هەڵدەگرێت و دەماندۆزێتەوە.

بۆ ماوەیەك بەشوێن جۆگەکەدا ڕۆیشتن. پاشان بۆ دۆزینەوەی تاڤگە گەورەکە جۆگەکەیان بەجێهێشت و بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات ڕۆیشتن.

دەمەونیوەڕۆ کاتێك لەژێر درەختێکدا ڕاوەستان، ١٠ کیلۆمەتریان بڕیبوو. هیچ ڕووداوێکی نەخوازراویش ڕوووینەدابوو. هیچ ئاماژەیەکی ئەوە نەبوو کە هاریس و نیگۆرا لەو نزیکانە بن. ئەوە دینگۆش هەر دیارنەبوو.

خاتوو وێڵدن جاکی کردبووە باوەش. چاوی لێ غافڵ نەدەکرد. لە کاتێکدا هەمووان نانیان دەخوارد، ئەو تەنانەت یەك پاروشی بۆ نەدەخورا.

دیك ساند پێی وت:

- تکایە خاتوون، پێویستە شتێك بخۆن. گەر بێهێز ببن، ئەوا نە دەتوانن یارمەتی ئێمە بدەن و نە یارمەتی جاکیش. هەر کە گەیشتینە تاڤگەکە، ئیدی کارمان ئاسانە.

* * *

لەکاتێکدا دیك ساند بەدوای ڕێیەکی قەدبڕدا دەگەڕا، چاویشی هەر لەسەر جۆگەکە بوو تا لێی وننەبێت. ڕێیەکی ڕوون نەبوو. ئەو تووڵەڕێیەی خەڵك بەکاریهێنابوو، بە تێپەڕینی کات سڕابووەوە. گژوگیا و دڕکەکان هێندەی باڵای مرۆڤێك بەرزبووبوونەوە، هەربۆیە دەبوو لەبەردەم خۆیانەوە بیانبڕن و ئینجا تێبپەڕن. ڕەشپێستەکان بە هەموو هێز و توانای خۆیان کاریان دەکرد. ڕێیەکی دوو کیلۆمەترییان بە سێ کاتژمێر بڕی.



Scanned by CamScanner

ئەو ڕێگایەی فیلەکان بەکاریاندەهێنا بۆ ئەوەی بێنە سەر ئاوەکە و ئاو بخۆنەوە، ڕێگاکەیانی کەمێك ئاسان کرد. جێ پێی ئاژەڵە زەبەلاحەکان لەسەر زەوییە شێدارەکە بە قووڵی دەبینرا.

کاتێك گژوگیاکەیان تێپەڕاند، شتێکی خراپتر هاتە ڕێیان؛

دوای نیوەڕۆ زەوییەکە کەمێك گۆڕا. ئێستا زەوییەکە نەرمترە و بە قەوزە داپۆشراوە. نزیکەی دوو کاتژمێر بەسەر ئەم زەوییە نەرمەدا ڕۆیشتن. زۆر بە سەختی ڕێیان دەبڕی. پاش ماوەیەك زەوییەکە دووبارە ڕەق بووەوە و نەرمییەکەی نەما. بەڵام هێشتا شێداربوو.

وردە وردە کەشوهەوا گەرمی کرد. دەنگەکانی ئاسمان هەواڵی تۆفانێکی سەختیان ڕادەگەیاند. لەو کاتەدا گرنگترین شت ئەوەیە کە پەناگەیەکی لەبار بدۆزنەوە.

دیك ساند وتی:

– پێویستە خێرا بڕۆین. هێشتا ٥ کیلۆمەترمان ماوە. پێویستە هەر چۆنێك بووە بگەینە ئەو تەپۆڵکەیە.

هەرقل هاواری دەکرد:

– دەی هیممەتتان هەبێت! دەی...

کاتێك باران و تۆفان دەستیپێکرد، هێشتا ٣ کیلۆمەتریان مابوو بگەنە تەپۆڵکەکە. لەبەرئەوەی زەوییەکەش تەخت بوو، خەریکبوو هەورەبروسکەکان لێیدەدان. دیك ساند لە تۆمی پیری پرسی:

– دەبێت چی بکەین؟



Scanned by CamScanner

- جگە لە ڕۆیشتن هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە. کەمێکی تر هەموو ئەم ناوە دەبێت بە گۆم.

- منیش هەمان بۆچوونم هەیە. بەڵام پێویستە پەناگەیەك بدۆزینەوە و...

لەم ساتەدا چاوی بە شتێك کەوت و قسەکەی بڕی. هاواری کرد:

- ئەو خێوەتگایە چییە لەو پێشەوە؟ ئەها ئەوەی ٥٠٠ مەترێك لێمانەوە دوورە.

تۆم وەڵامی دایەوە:

- منیش ئێستا بینیم.

- تۆ بڵێی خێوەتگا بێت؟

- لەوانەیە... بەس ئەگەر خێوەتگەی خەڵکی ئەم ناوچەیە بێت ئەوا دووچاری مەترسییەکی دیکەش دەبینەوە.

- ئێوە لێرە بوەستن. من دەچم و دێمەوە.

- با یەکێکمان بێت لەگەڵتدا.

- نا بوەستن وا هاتمەوە.

دیك ساند پاش سێ خولەك گەڕایەوە و بە دڵخۆشییەوە هاواری دەکرد:

- خێرا وەرن، خێرا... مەوەستن.

تۆم پرسی:

- خێوەتگاکە چۆڵکراوە؟

- نا، ئەوێ خێوەتگا نییە. هەمووی شارە مێرووڵەیە.



Scanned by CamScanner

به په‌له دوای دیك ساند كه‌وتن. زۆری پێ نه‌چوو گه‌یشتنه لای ئه‌و شوێنه. به سه‌دان چادرگه‌ی قووچه‌كیی له قوڕ دروستكراوبوون، كه هه‌ر یه‌كه‌یان نزیكه‌ی سێ مه‌تر به‌رز بوون. ئه‌گه‌ر بتوانن مێرووله‌كان له‌وێ ده‌ركه‌ن، ئه‌وا ده‌توانن بچنه ناو شوێنه‌كانی ئه‌وانه‌وه.

كاتێك گه‌یشتنه سه‌ر شاره مێرووله‌كه، ته‌ماشاده‌كه‌ن هیچ مێرووله‌یه‌كی لێ نییه! خۆی ده‌بوو به هه‌زاره‌ها مێرووله‌ی لێبێت! گه‌لێك سه‌ریان سوڕما له‌م شته‌ی بینییان.

* * *

دۆزینه‌وه‌ی ئه‌م په‌ناگه‌یه له‌لایه‌ن دیك ساند و هاوڕێكانییه‌وه، چانسێكی گه‌وره بوو. هه‌ر كه چوونه ناو شاره‌مێرووله‌كه‌وه، ئاگرێكی بچووكیان كرده‌وه و ده‌ستیان كرد به لێكۆڵینه‌وه‌ی.

دیوی ناوه‌وه‌ی شاره مێرووله‌كه له شانه‌ی هه‌نگ ده‌چوو. چه‌ندین كونی تێدایه و هه‌موو له ته‌نیشت یه‌كه‌وه دروستكراون. دیك ساند به دووان له ڕه‌شپێسته‌كانی وت:

— هاوڕێكانم، سه‌ره‌وه‌ی ئه‌م چادرگه‌یه ورده ورده ته‌ڕ ده‌بێت، گرنگترین شت بۆ ئێمه ئه‌وه‌یه كه ئه‌و كونه دانه‌خرێت. چونكه له هیچ جێیه‌كی تره‌وه هه‌وا نایه‌ته ژووره‌وه.

دوو ڕه‌شپێسته‌كه ده‌ستبه‌جێ فه‌رمانه‌كه‌ی دیك ساندیان به‌جێهێنا. هه‌وای پاك له كونه‌كه‌وه ده‌هاته ژوور.

ئاخۆ ئه‌و مێروولانه كه‌ی ماڵه‌كانیان جێهێشتبێت؟! تۆ بڵێی بگه‌ڕێنه‌وه؟! كه‌سیان وه‌ڵامی ئه‌م پرسیارانه‌یان نه‌ده‌زانی.



Scanned by CamScanner

بەڕێز بێنێدیکت وەك پسپۆڕێکی ئەم بوارە بە وردیی لە شارەمێروولەکەی دەکۆڵییەوە. لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ماوەیەك لەوەوبەر مێروولە سپییەکان ماڵەکانیان جێهێشتووە.

دیك ساند بەوردی گوێی بۆ قسەکانی بێنێدیکت ڕادێرابوو. بڵێی بێنێدیکت بەم شارە مێروولانەدا بزانێت کە ئێستا لە ئەفریقان؟!

دیك ساند دەترسا بەوە بزانێت کە ئەوان لە ئەفریقان، بێنێدیکتیش لە لێکۆڵینەوەی خۆی بەردەوامبوو.

بێنێدیکت بەهۆی لێکۆڵینەوە وردەکانییەوە دڵنیابوو لەوەی کە ئەم جۆرە مێروولانە دەشێت تەنها لە ئەفریقادا بوونیان هەبێت. بەڵام ئاخر خۆ ئەمان لەوێ نین! ئەی کەوایە ئەم مێروولانە لێرە چی دەکەن! ئەم شتانە بووبوونە ماخۆلانی مێشکی بێنێدیکت. ئەویش وەك هەموو ئەوانی دیکە خەوی دەهات، ئیدی چووە پەنایەکەوە و نوست.

پاش کەمێك بێدەنگی باڵی بەسەر شارەمێروولەکەدا کێشا. بارانبارینیش هەر بەردەوام بوو.

بێجگە لە دیك ساند، هەمووان نوستبوون. ئەو هەر بیری لای ئەوە بوو چۆن هاوڕێکانی ڕزگاربکات. نوستن هەر بە خەیاڵیشیدا نەدەهات. لەو ساتەدا تاکە شتێك کە لێی پەشیمان بێت ئەوە بوو کاتێك بەڕێوەبردنی پیلگریمی کەوتە دەست، بیری لە کوشتنی نیگۆرا نەکردەوە. خۆ ئەگەر بیکوشتایە، ئەم شتانەیان بەسەردا نەدەهات. لەبەر خۆیەوە وتی:

– خاتوو وێلدن و ئەوانی تر ڕاستییە خراپەکە نازانن.



Scanned by CamScanner

لەو ساتەدا دەستێك هێنرا بە سەریدا و دەنگێك بە گوێیدا چرپاندی:

– هەموو شتێك دەزانم دیك. بەڵام خوا دەمانپارێزێت. دەبێت تۆش وەك ئێمە باوەڕت بەمە هەبێت. با هەموومان نزابکەین.

* * *

ئەم قسانە دیك ساندیان سەرسام کرد! خاتوو وێڵدنیش ئەم سەرسامییەی دیك ساندی بە هەل زانی، ئیدی هەستا و چوو بۆ لای جاك.

دیك ساند لە دڵی خۆیدا وتی:

– بەڕاستی ژنێکی نەبەردە، ئومێدی لەدەستنەداوە. منیش هیوا و ئومێد لەدەستنادەم.

لە نیوەی شەودا چیدی چاوی بۆ هەڵنەدەهات. کاتێك زانی خەریکە خەوی لێدەکەوێت، چووە بەردەم دەروازەکە و ویستی لەوێدا بخەوێت. هەر کە چاوەکانی لێکنا، دەستبەجێ خەوی لێکەوت.

خۆیشی نەیدەزانی چەندێك خەوتووە. لە لاشەیدا هەستی بە تەڕی و شێداری کرد و خەبەری بووەوە. تەماشایەکی دەوروبەرەکەیی کرد، وردە وردە ئاو دەهاتە ژوور.

کاتێك دیك ساند لە جدیەتی بابەتەکە تێگەیشت، دەستبەجێ تۆم و هەرقلی خەبەرکردەوە. ئاوەکە بە خێرایی بەرزدەبووەوە. خاتوو وێڵدن بەهۆی دەنگەدەنگی ئەمان و ڕووناکییەکەوە خەبەری بووەوە و وتی:

– چی بووە دیك؟

دیك ساند وەڵامی دایەوە:



Scanned by CamScanner

- شتێکی ئەوتۆ نییە. ئاو هاتووەتە ناوەوە. لەوانەشە یەکێك لە ڕووبارەکان هەڵچوبێت و دەشتاییەکەی داپۆشیبێت.

هەرقل وتی:

- ئەمە مانای وایە کە ڕووبارێك لێمانەوە نزیکە.

دیك ساند وەڵامی دایەوە:

- ڕاست دەکەیت، ئەم ڕووبارەش بە ئاسانی دەمانگەیەنێتە سەر زەریاکە.

ڕەشپێستەکان چاوەڕێی فەرمانی دیك ساند بوون. ئەویش بە دارێك قوڵایی ئاوەکەی دەپێوا.

یەکەم کاریان ئەوەبوو کە خۆراك و تفەنگەکانیان ببەنە بەشی سەرەوە و لە شوێنێکی لەباردا دایانبنێن.

تۆم وتی:

- تۆبڵێی ئاوەکە لە دەرگاکەوە هاتبێتە ژوورەوە؟

دیك ساند وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، دەرگاکە ژێر ئاو کەوتووە. پێویستە کونێك بکەینە بەشی سەرەوە کە لە ئاستی ئاوەکەی دەرەوە بەرزتر بێت، بۆ ئەوەی هەوامان بۆ بێت.

تۆم وتی:

- بۆ ئاوی ناوەوە و ئاوی دەرەوە لە یەك ئاستدا نین؟

- لەوە ناچێ تۆم. لەبەرئەوەی ئەو ئاوەی لە دەرگاکەوە هاتووەتە ژوورەوە، هەوای ژوورەوەی پەستێراوە، تا ئاستێك هاتووە و ئیدی وەستاوە.



Scanned by CamScanner

پاش ماوەیەکیش ئەم هەوایە پیس دەبێت و ڕەنگە بە پیسبوونی ئەم هەوایەش، ورده ورده بەهۆی گازە ژەهراوییەکانەوە بخنکێین.

تۆم وتی:

– لەوانەشە ئاستی ئاوەکەی دەرەوە زۆر بەرزتر بێت.

دیك ساند وتی:

– ئەگەر ئاوەکەی دەرەوە گەیشتبێتە سەقفی ئەم ماڵە، ئەوا زۆر خراپە. بەڵام گەر لە خوارەوتر بێت، ئەوا ڕزگارمان دەبێت.

– ڕاستدەکەن بەڕێزم. دەبێت چانسی خۆمان تاقی بکەینەوە.

– دەی خێرا با دەستپێبکەین.

هەرقل کونێکی بچووکی کردە ئەو شوێنەوە کە دیك ساند ئاماژەی پێکرد. بەڵام لەوێوە ئاو هاتە ژوورەوە، دەستبەجێ تۆپەڵە قوڕێکی خستە سەر و کونەکەی داخست. پاشان کەمێك لە سەرووتر کونێکی تێکرد، بەڵام ئاو لەوێشەوە هاتە ژوورەوە.

ئیدی ئاوەوە هەناسەی تێدا نەدەما. دیك ساند نەیدەویست چەندین کون تاقیبکەنەوە و کاتێکی زۆر بەفیڕۆبدەن، هەربۆیە بڕیاریدا کونێك بکرێتە سەری سەرەوەی شارەمێرووولەکە.

نەیشیدەویست ئەم کارە بە کەس بسپێرێت، هەربۆیە خۆی چووە سەر شانی هەرقل. زۆری پێنەچوو کونێکی کردە سەقفەکە. بڕێکی پێویست هەوا و ڕووناکی لێوە هاتە ژوورەوە. ورده ورده کونەکەی گەورەکرد و لە کونەکەوە سەری دەرهێنا. لە ناکاو بە ترس و لەرزەوە هاواری کرد؛ تیرێك بەلای سەریدا



Scanned by CamScanner

گیفەی کرد. تا دیک ساند سەری هێنایە ناوەوە، چەند تیرێکی دیکەش بەرەو ڕووی هاوڕێزران.

دەستبەجێ دیک ساند هاتەوە ناوەوە و بەکورتی باروودۆخەکەی بۆ هاوڕێکانی ڕوونکردەوە. پاشان تفەنگەکەی بە دەستەوە گرت و خۆی هەڵدایەوە لای کونەکە. هەرقل و بات و ئەکتیۆنیش دوایکەوتن. دەستیان بە تەقەکردن کرد. یەك دووانێکی سەر بەلەمەکە کەوتنە خوارەوە. ئاخۆ دیك ساند و هاوڕێکانی دەتوانن بەرامبەر سەدان خەڵکی دانیشتووی ئەفریقا چی بکەن؟ زۆری پێنەچوو شارە مێرووڵەکە پڕبوو لە خەڵکە ئەفریقییەکان. بە هەموو شێوازێك هەوڵیان دەدا بەرگری لە خۆیان بکەن. بەڵام لە کۆتاییدا ئەفریقییەکان شارە مێرووڵەکەیان وێرانکرد و ئەوانیان دەستگیرکرد و خستیاننە ناو بەلەمەکانیانەوە.

خاتوو وێڵدن و جاك و بێنێدیکت پێکەوە لەناو یەك بەلەمدا بوون. دیك ساند و هاوڕێکانیشی لە بەلەمێکی تردا بوون. دیك ساند بە خەمبارییەوە لە بەلەمەکەی خاتوو وێڵدنی دەڕوانی.

چەندین بەلەمیش بەدوای بەلەمەکانی ئەماندا دەڕۆیشتن و هەریەکەیان نزیکەی بیست چەکداری تێدابوو.

زۆری پێنەچوو بەلەمەکان لە تەپۆڵکەیەك نزیکبوونەوە. چەکدارەکان گوێلەکانیان لە بەلەمەکان دابەزاند. ئیدی لەم ساتەدا هەرقل هەموو توانای خۆی خستە گەڕ و خۆی لە دەستی چەکدارەکان ڕزگارکرد و یەکێك لە تفەنگەکانی ئەوانی ڕفاند و چەند کەسێکی لێ کوشتن و خۆیشی لەپشت دارێکەوە خۆی حەشاردا و پاش کەمێك دیارنەما.



Scanned by CamScanner

دیك ساند و هاوڕێکانیشی کە بە زنجیرگەلێکی پتەو پێکەوە بەسترابوونەوە، درانە بەر.

* * *

خێوەتگای ئەو هاوڵاتییە چەکدارانە لەسەر تەپۆڵکەیەك بوو کە بەرامبەر تەپۆڵکەی شارەمێرووولەکان بوو. ڕێکەوتێکی خراپ دیك ساند و هاوڕێکانی بەرەو دەوروبەری ئەم خێوەتگایە هێنابوو.

ئەلایەکەوە تۆم و بات و ئۆستین و ئەکتیۆن و نان، ملگیریان کرابە مل و دوو دوو پێکەوە بەسترانەوە. لەلایەکی دیکەشەوە زنجیرە ئەستوورەکان کەمەریانی پێکەوە بەستبووەوە. ڕێکەوتێکی سەیریش بوو کە باوك و کوڕەکە پێکەوە بەسترابوونەوە. ئۆستین و ئەکتیۆنیش پێکەوە بەسترابوونەوە. نانیش کەوتبووە ناو گرووپێکی دیکەوە. دیك ساندیش دەست و پێکانی کرابوونەوە، بەڵام چواردەوریان گرتبوو.

ملگیر، ئامێرێکی دوور ئامرۆڤانە بوو کە مرۆڤەکان دروستیان کردبوو. کۆیلەکان بەم ئامێرە پێکەوە دەبەسترانەوە و ناچاربوون وەك ئەڵقەی زنجیر بەدوای یەکدا برۆن.

کۆیلەکان لە کاتی ڕۆیشتن و پشووەکانیشیاندا لەژێر چاودێرییەکی توندداابوون. دیك ساند لەوە تێگەیشت کە هەڵهاتن ئەستەمە. بەڵام گەر ڕاشنەکاتە ئەی چۆن خاتوو وێلدن بدۆزێتەوە؟

پرسیارێکی دیکەش کە مێشکی دیك ساندی بە خۆیەوە سەقاڵکردبوو، ئەوەبوو کە کاروانەکەیان بەرەو چ بازاڕێك دەچێت!



Scanned by CamScanner

هەرچەندە دیك ساند زمانی چەکدارەکانی نەدەزانی، بەڵام پاش کەمێك لێیان تێگەیشت کە بەرەو "کازۆندێ" دەچن. دەمێك بوو دەیزانی کە نەوێ بازاڕێکی گەورەی کڕین و فرۆشی کۆیلەکانە. ئەم کۆیلانە هەندێکجار لەلایەن پاشای ئەو شوێنەوە و هەندێکجاریش لەلایەن بازرگانانی کۆیلەوە دەفرۆشران. وای بە باش زانی کە ئەو شتانەی دەیزانێت، بۆ تۆم و هاوڕێکانی باسبکات. بەڵام چۆن بۆ لای ئەوان بچێت؟

زۆری پێنەچوو چارەیەکی بۆ ئەمەش دۆزییەوە. وردە وردە و بە شێوازێکی ئارامگرانە دەستی بە جوڵە کرد، هیواداربوو بگاتە لای هاوڕێکانی کە نزیکەی ٥٠ مەتر لێیانەوە دوور بوو. بەڵام پاسەوانەکە یەکسەر هەستی پێکرد و ڕێگریی لێکرد. لە کۆتاییشدا دیك ساندیان بردە ئەمسەری خێوەتگاکە و تۆم و هاوڕێکانیشیان بردە ئەوسەری خێوەتگاکە.

* * *

کاروانەکە هەموو ڕۆژێك لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا دەکەونە ڕێ و کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ پشوویەك دەدەن بۆ نانخواردن و دووبارە پاش کاتژمێرێك بەڕێدەکەونەوە. بەڵام کۆیلەکان هێندە ماندووبوون ئەم یەك کاتژمێر پشووە بەس نەبوو بۆیان. خواردنەکانیش هەم زۆر خراپ بوون و هەم بەشیشی نەدەکردن. داماوانە لە تاو برسێتی و ماندوویەتی لە بارودۆخێکی تا بڵێی سەختدا بوون. تا ئێستا نزیکەی بیست کەسیان لە ڕێگا مردبوون. لاشەکانیشیان دەبووە خۆراکی ئاژەڵە دڕندەکان کە لەپاش ئەوان بەو ناوەدا تێدەپەڕین. ڕۆژانە ئەو دیمەنە نەخوازراوانە دووبارەدەبوونەوە. دیك ساند دەفتەرێکی بچووکی پێبوو. ڕۆژانە چەند تێبینییەکی لە نێو دەفتەرەکەدا



Scanned by CamScanner

دەنووسی و ڕووداوی ڕۆژانی کۆیلایەتیی خۆیی یاداشت دەکرد. ئەمانەی خوارەوە مشتێکن لە خەرواری یاداشتەکانی دیک ساند:

لە ٢٥ی نیسان تا ٢٧ی نیسان:

لەم دەوروبەرەدا گوندێکمان بەرچاوکەوت کە دیوارەکەی نزیکەی سێ مەتر بەرزە و لە قامیش دروستکرابوو. بۆ ڕۆژی دادێ بە ڕووبارێکی زۆر گەورەدا تێپەڕین. ئاوی ڕووبارەکە کەفوکولێکی کەمی هەبوو. پاسەوانەکان چەند کۆتەرەدارێکیان پێکەوە بەست و پردێکیان لەسەر ئاوەکە دروستکرد. تیمساحەکان لە چواردەوری کۆتەرەدارەکاندا کۆبوونەوە. لەکاتێکدا ئێمە بەسەر دارەکاندا دەپەڕینەوە، لەوە دەترساین تیمساحەکان پەلامارمان بدەن.

٢٨ی نیسان:

لە بەیانییەوە لەبەر باراندا دەڕۆین. لەگەڵ هەر هەنگاوهەڵهێنانێکدا ئاو تا نزیکی ئەژنۆمان بەرزدەبێتەوە.

شەو لەتاو نەڕەی شێر و پڵنگەکان خەومان لێنەکەوت. یەکێك لە پاسەوانەکان ڕەشە پڵنگێکی لە نزیك خێوەتگەکەمانەوە کوشت. زۆر بیری هەرقل دەکەم. ئاخۆ ئیستا چ بکات!

٢٩ و ٣٠ی نیسان:

وا دوو ڕۆژە بەردەوام باران دەبارێت. زۆرم سەرمایە. شوێنە چاڵەکان وەك گۆمیان لێهاتووە.

هیچ هەواڵێکی خاتوو وێڵدن و بێنێدیکت نازانم. تۆ بڵێی لەم کاروانەی



Scanned by CamScanner

ئێمەدا بن؟ جاکی بچووک هەرگیز کەشوهەوای پیسی وەک ئێرەی بە خۆیەوە نەدیوە، تۆ بڵێی دووبارە نەخۆش کەوتبێتەوە؟

لە ١ی ئایار تا ٦ی ئایار:

هەموو زۆنگاوەکان ئاو دایپۆشیون. ناچارین بەناو ئەو ئاوەدا تێبپەڕین کە تا نیوەی لاشەمان دادەپۆشێت. لەبەرئەوەی جێیەکی لەبارمان دەستنەکەوت، ناچاربووین شەویش هەر لە ڕۆیشتن بەردەوام بین. ئەوانەی کە بەرگەی ئەم ناهەموارییە ناگرن، یەکە یەکە دەمرن. لەوانەیە منیش بەرگەنەگرم و کەمێکی دی بە زەویدا بکەوم.

بەڵام ئەوەی کە منی بە پێوە هێشتووەتەوە، هەستی بەرپرسیارێتیمە بەرامبەر خاتوو وێڵدن و جاک. مافی ئەوەم نییە ئەوان بە تەنها جێبهێڵم. تا کۆتایی هەوڵدەدەم. ئەمە تاقە ئەرکی منە.

لە بێدەنگیی شەواندا چەندین هاواری ترسناک دەبیستران.

هۆکاری ئەم هاوارانەش هێرشی تیمساحەکان بوو؛ دە پازدەیەک لەم ئاژەڵە ترسناکانە هەڵیانکوتابووە سەر بەشێکی کاروانەکەمان.

٧ و ٨ ی ئایار:

بۆ ڕۆژی دادێ مردووەکان ژمێردران. نزیکەی بیست کۆیلە دیارنەمابوون.

پاش خۆرهەڵهاتن، کاتێک تۆم و هاوڕێکانیم بینی، ئاهێک بە گیانمدا هاتەوە.

لەگەڵ خۆرهەڵهاتندا بەرێکەوتین. دوای ٢٤ کاتژمێر گەیشتینە سەر



Scanned by CamScanner

زەوییەکی وشك. لەسەر تەپۆڵکەیەك پشوومان دا. سەبارەت بە خواردنیش هەندێك شتیان دەرخوارددایین کە هەر بۆ خواردن نەدەشیا. کەمێك مانیۆکا[1] و مشتێك گەنمەشامی، لە جیاتی ئاویش، قوڕاومان دەخواردەوە! کۆیلەکان لەسەر زەوییەکە ڕاکشاون. کێ دەزانێت چەندیان هەڵناسنەوە!

لەو باوەڕەدا نیم خاتوو وێلدن و کوڕەکەی بەرگەی ڕێیەکی وەها بگرن! لەوانەشە لە ڕێگایەکی ترەوە بردبێتیانن بۆ "کازۆندێ".

۹ی ئایار:

هەر کە ڕۆژ بووەوە بەڕێکەوتین. نانی پیرم بینی، تەواو ماندووبوونی پێوە دیاربوو.

بەخێرایی ڕۆشتم و خۆم گەیاندە لای.

ویستم دەستی ئەو ژنە پیرە داماوە بگرم و یارمەتی بدەم. هەموو لاشەی دەلەرزی. سەراپای پۆشاکەکانی بەری دڕابوون.

قۆڵێکی توند بەرەو دواوە ڕایکێشام. بە قامچی کەوتنە سەروگوێلاکی ئەو ژنە داماوە و خستیانەوە ناو قەرەباڵغییەکە. ویستم پەلاماری ئەو کەسە دڕندەیە بدەم. سەرۆکی کاروانەکە کە عەرەب بوو، هاتە لام و قۆڵی گرتم. هەموو کاروانەکە بەلامدا تێپەڕین. لە دوای هەموویانەوە دەڕۆیشتم. کاتێك لێم جیابووەوە، چرپاندی بە گوێمدا و وتی: نیگۆرا.

منیش بە واقوڕماوییەوە لەبەرخۆمەوە وتم: چی؟! نیۆرا؟! ئنجا لەوە تێگەیشتم کە ئەم کاروانە بە فەرمانی پرتوگالییەکە بەڕێوە

---

۱. جۆرە ڕووەکێکە.



Scanned by CamScanner

دەچێت و هەر بە فەرمانی ئەویش مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ مندا دەکەن!

١٠ی ئایار:

کاتێك دونیا تاریکی کرد، کاروانەکە وەستا. لەژێر دارە گەورەکاندا چادرەکان هەڵدران.

دوێنێ چەند کۆیلەیەك زنجیرەکانیان شکاند و هەڵهاتن. بەڵام گیران و بە شێوازێکی زۆر دڕندانە کوژران. پاسەوانەکان زۆر وردتر و دڕندانەتر مامەڵەیان دەکرد.

نەڕەنەڕی شێر و کەمتیارەکان لە گوێیەکاندا دەزرنگێنەوە. دەنگی کەرکەدەنەکان دەگاتە ئەم شوێنەی ئێمە. دیارە لەم نزیکانە گۆمێك یاخود ڕووبارێك هەیە.

زۆر ماندووم، کەچی خەوم لێناکەوێت. سەرم پڕە لە بیرۆکەی جیاواز جیاواز.

لەناکاو لەناو گژوگیاکەوە گوێم لە خشەخشێك بوو. لەوانەیە ئاژەڵێکی دڕندە بێت. بڵێیت بوێرێت هێرش بکاتە سەر خێوەتگەکە؟

گوێم ڕادێراوە. بەڵام ئێستا گوێم لە هیچ دەنگێك نییە. وەلێ ئاژەڵێکم دی کە لەناو قامیشەڵانەکەوە ڕەتبوو. تفەنگیشم پێ نییە، بەڵام خۆ هەر دەبێت بەرگری لە خۆم بکەم.

لەبەر ئەوەی ئەم ماوەیە چاوم بە تاریکایی ڕاهاتووە، دەتوانم لە تاریکیشدا ببینم.



Scanned by CamScanner

لەنێو زەلەکاندا دوو چاو دەبریقێنەوە! یان کەمتیارە یاخود بەور! وا ون بوو. وا دووبارە دەرکەوتەوە! لە نزیکمەوە خشە لە گژوگیاکە دەهێنێت. ئاژەڵێك هەڵیکوتایە سەرم. خەریکە هاواربکەم! بەڵام لەناکاو بێدەنگ بووم.

بڕوا بە چاوەکانم ناکەم! خۆ ئەوە دینگۆیە! ئای دینگۆ! تۆ بڵێی چۆن دۆزیبێتمییەوە؟ دەستەکانم دەلێسێتەوە. لە خۆشیدا نازانم چی بکەم! کەوابێت نیگۆرا دینگۆی نەکوشتووە. دەست بەسەر پشت و ملیدا دەهێنم، لێمتێدەگات. دەیەوێت بوەڕێت. بەڵام من ڕێی لێدەگرم. هێوردەبێتەوە. نامەوێت دەنگی ببیسترێت. بەڵام هەر ملی بە دەستمدا دەهێنێت، دیارە دەیەوێت شتێکم پێبڵێت! لێیتێدەگەم. لە ملیدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێم. هەست بە شتێك دەکەم. پارچە قوماشێك لە زنجیرەکەی ملییەوە پێچراوە. وا پارچە قوماشەکەی لێدەکەمەوە. کاغەزێکی لەناودایە کە قەدکراوە. خۆ ئەمە نامەیە! لەم ساتەدا ناتوانم بیخوێنمەوە. پێویستە چاوەڕێی بەیانی بکەم. دەمەوێت کەمێك دینگۆ لەلای خۆم بهێڵمەوە، بەڵام کاتێك هەستدەکات کارەکەی تەواوبووە، دەیەوێت بڕوات. بەبێدەنگی و ئەسپایی دووردەکەوێتەوە.

دیارە گەڕاوەتەوە بۆلای ئەو کەسەی کە ناردوویەتی.

هەر خەیاڵم لەلای ئەو نامەیەیە کە هێشتا نەمخوێندووەتەوە. تۆبڵێی کێ ناردبێتی؟ تۆ بڵێی خاتوو وێڵدن ناردبێتی؟ لەوانەشە هەرقل ناردبێتی! باشە خۆ ئێمە واماندەزانی ئەو سەگە بەوەفایە مردووە! تۆ بڵێی چۆن ئەو کەسەی دۆزیبێتەوە کە نامەکەی نووسیوە؟

شەو تەواو نابێت!



Scanned by CamScanner

را شکور دواجار خۆر هەڵهات. خۆم لە سەربازەکان دوورخستەوە و چوومە سووچێکەوە تا نامەکە بخوێنمەوە. دەمەوێت بیخوێنمەوە، بەڵام ناتوانم!

را شکور دواجار بۆم خوێندرایەوە...

لەلایەن هەرقلەوە نێردراوە، بە قەڵەمێکی ڕەصاص و بە دەستوخەتێکی زۆر شێرین لەسەر پارچەکاغەزێك نووسراوە.

ئەمەش نامەکەیە:

"خاتوو ویڵدن بە کەژاوەیەکی دەستیی بچووك بەدوای کاروانەکەوەیە. هاریس و نیگۆراش لەگەڵ ئەودان. بەڕێز بێنێدیکتیشیان لەگەڵدایە. سێ چوار کیلۆمەتر لەدوای کاروانەکەوەن. نەمتوانی لەگەڵ خاتوو ویڵدندا قسەبکەم. لە ڕێگا چاوم بە دینگۆ کەوت کە فیشەکێکی بەرکەوتبوو و بریندارببوو. سەبارەت بە داهاتوومان ئومێدەوارم بەڕێز دیك. هەموو خەیاڵم لەلای ئێوەیە. بۆیە ڕامکرد تا بتوانم سوودێکتان پێ بگەیەنم."

"هەرقل"

١١ی نایار تا ١٥ی نایار:

کاروانەکە لە ڕێگەی خۆی بەردەوامە. چیدی کۆیلەکان بەرگەی ئەم ڕێگایە ناگرن. ژێرپێی زۆربەیان خوێنی تێزاوە. هێشتا دە ڕۆژی ترمان ماوە بۆ ئەوەی بگەینە کازۆندێ. کێ دەزانێت چەند کەسی دیکە لە ڕێگا دەمرن! من پێویستە بژیم، دەژیم. چەندین مردوومان لە ڕێگا جێهێشت و لە ڕێی خۆمان بەردەوامین.

١٦ی نایار تا ٢٤ی نایار:



Scanned by CamScanner

چیدی خەریکە بڕستم لێدەبڕێت. بەڵام مافی ئەوەم نییە بڕوە. بەرانەی بە تەواوی خۆشی کردەوە. چیدی بەرگەی ئەو گەرما سەختە ناگرین. بە ئەستەم ڕێدەبڕین. بەردەوام بەسەر گردێکدا هەڵدەزنێین. بەناو دڕکودالە تیژ و ڕەقەکاندا دەڕۆین. ڕوخسار و دەست و قاچمان بەهۆی ئەو دڕکانەوە خویناوی بووە. شکور من پێلاوەکانم زۆر باشن. ئەمڕۆ چەند کەسێک لە ڕێگا وەستان و چیدی نەیانتوانی بڕۆن. پاسەوانەکانیش بە قامچییەکانیان هێندەیان لێدان تا کوشتیانن. سەرۆکی کاروانەکەش هیچ بەرهەڵستییەکی نەنواند.

نانی پیریش بەهۆی پێکانی خەنجەرێکەوە کۆچی دوایی کرد. پرسەمان بۆ دانەنا، تەنانەت ماڵئاواییشمان لێنەکرد. هەموو شەوێک چاوەڕێی دینگۆم.

* * *

دەمەونیوەڕۆی بەرواری ٢٦ی ئایار کاروانی کۆیلەکان گەیشتە کازۆمی. پاسەوانەکان تەقەی خۆشییان دەکرد و ئاهەنگی ئەم ڕووداوە خۆشەیان دەگێڕا.

کۆیلەکان لە مەیدانێکی فراواندا کۆکرانەوە. ئەوانەی توانیبوویان تا ئەوێ بێن، نزیکەی دوو سەد و پەنجا کەس بوون. بە چەشنی مێگەلە مەڕێک بە دار لێیاندەدرا و دەدرانە بەر و دەخرانە ناو سندوقەوە. ئەم جۆرە سندوقانە ئەمریکاییەکان تەنانەت ئاژەڵەکانیشیانی تێناکەن. کاتێک گەیشتینە ئێرە نزیکەی دوو هەزار کۆیلەی دیکەشی لێبوو کە لە شوێنی ترەوە هێنرابوون. ئەمانیش هەموو چاوەڕێی ڕۆژی فرۆشتن بوون. سندوقەکان هەموو پڕکران. کۆیلەکان تەنها بە پێوە لەناو سندوقەکاندا جێیان دەبووەوە. ملگیرەکانیان لێکرابووەوە بەڵام هێشتا ئەو زنجیرانەیان پێوە مابوو کە بە کەمەریانەوە بەسترابوو.



Scanned by CamScanner

ملگیرەکانی ملی تۆمی پیر و هاورێکانیشی لێکرابوونەوە. باوك و کوڕەکە دوای پێنج هەفتە ئەشکەنجەی بەردەوام، ملگیرەکانیان لێکرایەوە و باوەشیان کرد بە یەکدا. لە تەنیشت یەکەوە دانیشتن، بەڵام هێندە ماندوو بوون نەیاندەتوانی قسەبکەن. هەرچواریان خستنە ناو یەك سندووقی تەنگەوە.

دیك ساند لە مەیدانەکەدا ئازادکرابوو، بەڵام سەربازێکی عەرەبیان لەگەڵدا دانابوو کە زۆر بە توندی چاودێری دەکرد. ئەو کاپتنە چاونەترسە لە سێبەرێکدا لەسەر چیچکان دانیشت و چاوەڕێی هاتنی خاتوو وێڵدنی دەکرد.

پاش کەمێك دەنگی دەهۆڵ و تەپڵ بیسترا. دیك ساند کە لەناو تۆز و خۆڵەکەدا هەڵتروشکابوو، دەستبەجێ هەستایە سەرپێ. بەڵام ئەوەی ئەو چاوەڕێی دەکرد دیارنەبوو. پاسەوانەکان بە گوڕوتینەوە هاواریان دەکرد "ئەلڤێز.. ئەلڤێز"..

پاسەوان و سەربازەکان کە پاڵیان بە دیوارەکانەوە دابووەوە، هەموو هاتنەوە مەیدانەکە و بە ڕیز وەستان.

زۆری پێنەچوو لە ناوەڕاستی مەیدانەکەدا کەژاوەیەکی سەرداپۆشراو وەستا. ڕەشپێستێکی پیری لێوە هاتە دەرەوە. ئەمە گەورە بازرگانی کۆیلە "خۆسێ ئەنتۆنیۆ ئەلڤێز" بوو.

"ئەلڤێز" پیاوێکی دیکەشی لەگەڵدا بوو، کە ناوی "کۆیمبرا" بوو و دەستەڕاستی ئەو بوو. ئەم پیاوە کە کوڕی دەسەڵاتداری بیهێ بوو، لەدوای دەسەڵاتداری گشتیی وڵات بەهێزترین پیاوی کامیرۆن بوو. کۆیمبرا ڕاوێژکاری تایبەتیی ئەلڤێز و بەنرخترین هاوبەشی کاری بوو. ئەو فەرماندەی ئەو سوپا بچووکە بوو کە پاسەوانی کۆیلەکان بوون.



Scanned by CamScanner

هاریس و نیگۆرا لەگەڵ ئەلفێردا نەبوون. دیک ساند زۆری خەفەت لەمە خوارد. تۆ بڵێی لە کارۆنەی پێیان نەگات؟

لەم ساتەدا دیک ساند لەلایەن فەرماندەیەکەوە پاڵی پێوە نرا و برایە بەردەم ئەلفێر.

ئەمریکەوی سەبارەت بەم گەنجە پێشتر هەواڵیان بە ئەلفێردابوو. ئەلفێر ڕووی خۆی گرژکرد و بە ئینگلیزییەکی خراپەوە وتی:

- ئەمریکاییە بچوکەکە.

دیک ساند سنگی دەرپەڕاند و وتی:

- بەڵێ، خەڵکی ئەمریکام. دەتانەوێت چی لە من و هاوڕێکانم بکەن؟

ئەلفێر وەڵامی نەدایەوە.

تۆ بڵێی لە قسەکانی دیک ساند تێنەگەیشتبێت! یاخود نەیدەویست وەڵامی بداتەوە و خۆی لێ گێژکرد؟

لەم ساتەدا ئەلفێر ڕوویکردە "ئیبنی خامیس" و بە زمانێکی جیاواز هەندێک قسەیان کرد. بە دڵنیاییەوە باسی دیک ساند و هاوڕێکانیان دەکرد. ئاخۆ هەمدیسان ئەم دۆستانە لەیەکتر جیابکەنەوە؟ دیک ساندیان لای ئەلفێر دوورخستەوە.

دیک ساند لێرانانە لەو سندوقە نزیکبووەوە کە تۆم و هاوڕێکانی تێدابوو، بە دەنگێکی نەرم پێی وتن:

- هاوڕێکانم، دینگۆ نامەیەکی بۆ هێنام کە هەرقل نووسیبووی. ئەو دوای کاروانەکە کەوتووە. هاریس و نیگۆرا، خاتوو وێلدن و جاک و بێنەدیکتیان بە جێ هێناوە بۆ ئێرە. لە ئێستادا نازانم لەکوێن. بەڵام دڵنیام کە لە کازۆنەبن.



Scanned by CamScanner

نارامگر بن و دان بەخۆتاندا بگرن. هەلی ڕزگاربوونمان دەبێت. خوا بەزەیی پێماندا بێتەوە!

تۆم لەناو سندوقەکەوە لێی پرسی:

– نان چی لێهات؟

دیك ساند بە هەنسکەوە وتی:

– نان مرد.

لەم ساتەدا دەستێکی توند شانی گرت. دەنگێکی ناسراو بە گوێیدا چرپاندی:

– دووبارە پێکگەیشتینەوە مام پیاو. بە دیدارم خۆشحاڵ نیت؟

دیك ساند ڕووی وەرگێڕا. تەماشادەکات هاریس بەرامبەری وەستاوە. بە تووڕەییەوە بەسەریدا قیژاندی:

– خاتوو وێلدن لەکوێیە؟

– بەداخەوە مرد. چ چ چ چ! چەند داماوانە مرد! بەرگەی بارودۆخەکەی نەگرت!

– مرد؟ ئەی منداڵەکەی چی بەسەرهات؟

ئای منداڵی داماو! ئەو پێش دایکی مرد. ئەویش بەرگەی بارودۆخەکەی نەگرت.

ڕق و تووڕەیی سەراپای لاشەی دیك ساندی تەنیبوو. هێزێکی چاوەڕوانەنەکراوی کردە سەر هاریس. خەنجەرەکەی هاریسی فڕاند و لە چاوتروکانێکدا کردی بە دڵیدا و کوشتی!



Scanned by CamScanner

هاریس کەوتە سەرزەوی و هاواری کرد:

– وای! فریامکەون! دەمرم!

تا گەیشتنە سەری، دەمێك بوو مردبوو و، باجی ئەو کارە نەگریسانەی دابووەوە کە ئەنجامی دابوون.

❊ ❊ ❊

کەس فریای ئەوە نەکەوت ڕێ لە دیك ساند بگرێت. پاش کەمێك چەند سەربازێك هێرشیان کردە سەری. ڕێك لەم ساتەدا نیگۆرا دەرکەوت. یەك ئاماژەی بچووکی نیگۆرا، سەربازەکانی وەستاند. پاشان لاشەی هاریسیان هەڵگرت و بردیان.

ئەلڤیز و کۆیمبرا فەرمانیان کرد کە دەبێت دەستبەجێ دیك ساند بکوژرێت. بەڵام نیگۆرا چەند وشەیەکی بە گوێیاندا چرپاند. سەربازەکان دیك ساندیان گرت و بەزۆر بردیانە ناو کولانەیەکی بێ پەنجەرەوە. دەستەکانیشی بە زنجیر بەسترابوونەوە. ئەو کولانەیە زیندانێکی تایبەتی ئەلڤیز بوو.

دیك ساند زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی تۆڵەی خۆیانی لە هارس سەندووەتەوە، هەربۆیە بیری لەوە نەدەکردەوە کە چی لێدەکەن. خۆ گەر نیگۆراشی بکوشتایە، ئەوا ئاسوودەتر دەبوو.

نیگۆرا ڕێی لە ئەلڤیز و کۆیمبرا گرت تا بەو شێوازەی خۆی دەیەوێت تۆڵە لە دیك ساند بکاتەوە.

دوو ڕۆژ دواتر، واتە لە ٢٨ی ئایاردا، بازاڕی کۆیلەکان لە کازۆندێ کرایەوە. هەموو بازرگانانی کۆیلەی دەوروبەری ئەنگۆلا و کۆنگۆ هاتبوون بۆ ئەو شوێنە.



Scanned by CamScanner

هەر لە بەیانییەوە کازۆندێ قەرەباڵغییەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە بینی کە هەر لە باس نەدەهات. بڕیار وایە چوار پێنج هەزار مرۆڤ بفرۆشرێت.

ئەو ڕۆژە بۆ خەڵکی کازۆندێ وەك جەژن وەهابوو. لەو ڕۆژەدا جوانترین بەرگ و پۆشاکیان دەپۆشی و خۆیان بە قەشەنگترین شێوە دەڕازاندەوە.

لە گەرمەی نیوەڕۆدا ئەلڤێز فەرمانی کرد کۆیلەکان بهێنرێنە ناو مەیدانەکەوە. کۆیلەکان لە چاوی بازرگانەکاندا هیچ نەبوون جگە لە کاڵایەك کە کڕین وفرۆشتنیان پێوەدەکردن.

تۆم و هاوڕێکانیشی بە زەبروزەنگی پاسەوانەکان هێنرانە ناو مەیدانەکەوە. هەموو بە زنجیری ئەستوور پێکەوە بەسترابوون.

کاتێك هاتنە مەیدانەکە، چاویان بەملاوبەولادا دەگێڕا.

بات وتی "ئێوە دیك ساند دەبینن؟ من نایبینم."

زۆری پێنەچوو فرۆشتن دەستیپێکرد. تۆم و هاوڕێکانی لەمدەست بۆ ئەودەست دەگوێزرانەوە. کڕیارە عەرەب و ئەوروپاییەکان بەوردی سەرنجیان دەدان. هەر بە تەماشاکردنێك دەیانزانی کە ئەمانە ئەفریقی نین. دیمەنی بەهێزی و کارزانیی ئەوان، کڕیارەکانی دەخستە ململانێ.

لە ئەنجامدا بازرگانێکی خەڵکی "ئۆژیژی"[1] هەرچواریانی کڕی. ئومێدەواربوو لە بازاڕی کۆیلەکانی وڵاتی "تەنگەنیکا"[2] بیانفرۆشێت و پارەیەکی باشی دەستبکەوێت. ئەو بازاڕە پڕبوو لە کڕیارە "زەنزیبار"[3]ییەکان.

---

١. یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی وڵاتی تانزانیا.

٢. وڵاتێك بوو کە لە ساڵی ١٩٦١دا دامەزرا و لە ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ "زەنزیبار"دا یەکیان گرت و کۆماری یەکگرتووی "تانزانیا"یان پێکهێنا.

٣. ناوچەیەکە لە وڵاتی تانزانیا.



Scanned by CamScanner

چەرمەسەری و مەترسییەکی زۆر چاوەڕێی تۆم و هاوڕێکانی دەکرد.
ئاخۆ بە سەلامەتی لەم نەهامەتیانە ڕزگاریان دەبێت؟ بڕینی دوو هەزار و چوار سەد کیلۆمەتر هەر وا ئاسان نەبوو. تۆ بڵێی تۆمی پیر بەرگەی ئەم گەشتە ناهەموارە بگرێت؟ تاقە شتێك کە دڵی پێ خۆش بکەن ئەوەبوو کە لە یەکتر دانەبڕێندراون.

پاش ئەوەی بازرگانە "ئۆزیژی"یەکە پارەکەی بە ئەلڤێز دا، ئەوانی کردە ناو ئەو قەفەسە تایبەتەوە کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی.

* * *

بازرگانانەکان مەزادیان بە کۆیلەکانەوە دەکرد و نرخەکانیان بەرزدەکردنەوە. لە دەمەوعەسردا دووبارە دەهۆڵ و تەپڵ لێدرایەوە. ئەلڤێز و کۆیمبراش هەستانە سەرپێ. لەوسەری ڕێگاکەوە کاروانێکی گەورە دەرکەوت. "مۆینێ لونگا"ی پاشای کازۆندێ بەرەو ئەوێ دەهات تابازارەکە پیرۆزبکات. چەندین ژنیشی بەدواوە بوو. هاوڕێکانی ئەلڤێز ململانێیان بوو کە کێیان پێشوازی لە پاشا بکات.

مۆینێ لونگا بە کەژاوەیەك دەهات. کاتێك لە کەژاوەکە دادەبەزی، نزیکەی دە کەس بەرەو ڕووی ڕایانکرد.

مۆینێ لونگا چەندین ژنی لە هەموو تەمەنە جیاوازەکان لەگەڵدابوو. یەکەم ژنی پاشا مۆینێ، لە دەستەڕاستییەوە وەستابوو. ژنێکی چل ساڵانەی مۆن بوو. لە نەوەی پاشاکان بوو. جلێکی زۆر ڕازاوەی لەبەردابوو. ژنەکانی تر هێندەی ئەم ڕازاوە نەبوون. ژنەکان بەپێی تەمەن لە تەنیشت مۆینێ لونگاوە دانیشتبوون.



Scanned by CamScanner

مۆینیێ لونگا وتی:

– تینوومە.

ئەلڤێز وتی:

– زۆرترین برِتان دەستدەکەوێت.

مۆینیێ لونگا بە هەمان فیزەوە وتی:

– تینوومە.

ئەلڤێز خۆی لیێ نزیککردەوە و وتی:

– فەرمانتە گەورەم. هەرئێستا خواردنەوەیەکی تایبەتتان بۆ ئامادەدەکەم. خواردنەوەیەك کە سەرچاوەکەی مرۆڤە سپیپێستەکان بن! تا ئێستا هیچ پاشایەك شتی وای نەخواردووەتەوە.

پاشا سەرخۆشەکە بە دڵخۆشییەوە چەپڵەی لێدا و وتی:

– ئا ئەوەم دەوێت.

دەستبەجێ ئەلڤێز فەرمانی بە پیاوەکانی کرد. حەوزێکی گەورەیان هێنایە بەردەمی. ئەلڤێز یەك بەرمیل ئارەقی هەڵڕشتە ناو حەوزەکەوە. بە ئارەزووی خۆی هەرچی جۆری بەهاراتیش هەیە کردی بەسەریدا. پاشان مەشخەڵێکی بۆ پاشا برد و پێی وت:

– بەدەستی پیرۆزی خۆتان ئەو ئارەقە تایبەتە دابگیرسێنن.

مۆینیێ لونگا بە لەنگینەوە لەجێی خۆی هەستا. بە لەتردانەوە بەرەو لای حەوزە گەورەکە رۆیشت. ئاگری مەشخەڵەکەی نا بە ئارەقەکەوە. لەناکاو



Scanned by CamScanner

ئاگرێکی زۆر لە حەوزەکەوە کڵپەی کرد. پاشا دەستیکرد بە قاقالێدان و قریواندن. پاشان گۆزەیەکی گەورەی هەڵگرت و لە حەوزەکەی هەڵکێشا. لە چاوتروکانێکدا ئەو گۆزە گراوییەی برد بۆ دەمی.

ئای چی ڕوویدا! لەناکاو مۆینیێ لونگای پاشا هەموو گیانی گڕی گرت. هەمووان گەلێک سەرسام بووبوون! ئەلڤێز لە هەموو خەڵکەکە زیاتر سەراسیمە بووبوو! نەیاندەزانی چی بکەن! پاشا کەوتووە بە زەویدا و بە هاوار و ناڵەوە دەتلێتەوە. یەکەم کەس کە بەئاگاهاتەوە، سەرۆک وەزیران بوو. بە هەڵەداوان بەرەو لای پاشا ڕایکرد و هەوڵیدەدا ئاگرەکە بکوژێنێتەوە. یەکسەر ئەویش گڕی گرت. ئێستا وا دوو کەس کەوتوون بە زەوییدا و هەر هاواردەکەن.

ئەوە چییە! خۆ لە هاوارکردن کەوتن! بەخوا دیارە مردوون!

خەڵکەکە لەبەر ترس نەیاندەوێرا لە شوێنی خۆیان بجووڵێن. بەڵام زۆرزانیی نیگۆرا هەموو شتەکانی چارەسەرکرد. ئەلڤێزیش ئەو بیرۆکەیەی نیگۆرای بەدڵبوو و بە خەڵکەکەیان وت کە مردنی پاشاکەیان شتێکی سەروو—سروشتییە و ڕووداوێکی دڵخۆشکەر و خۆشیهێنە. ئەو گڕ و کڵپەیەی لە لاشەی پاشا و سەرۆکوەزیران بەرزدەبووەوە، ئاگرێکی پیرۆز بوو. ئەم ئاگر و کڵپەیە بەرەکەت و خۆشی و شادی بۆ کازۆندیێ دەهێنێت.

خەڵکەکە یەکسەر باوەڕیان بەم درۆیە کرد. زۆری پێنەچوو خۆیان بۆ مەراسیمی بەخاکسپاردن ئامادەکرد.

یەکێك لە ڕووبارەکانی کۆنگۆ، بەلای کازۆندێدا تێدەپەڕی. کە ڕووبارێکی گەورە و قووڵ بوو. بەپێی خورافاتەکانی نیگۆرا بێت، دەبێت بە دروستکردنی



Scanned by CamScanner

بەربەستێك لەبەردەمی ڕووبارەکەدا، ڕێڕەوی ڕووبارەکە بگۆڕدرێت. پاش وشکبوونەوەی جێی ڕووبارەکەش، چاڵێکی گەورە هەڵدەکەنرێت و پاشای تێدا دەنێژرێت. پاش ناشتنی پاشاش، بەربەستەکە لادەبرێت و ڕووبارەکە وەك جارانی لێدێتەوە. تەنها گۆڕێکی شاهانەی لەم جۆرە شیاوی پاشایەکی هێندە مەزن و بەناوبانگە.

کۆیلەکان لە دروستکردنی بەربەست و هەڵکەندنی گۆڕەکەدا بەکارهێنران. نیگۆرا نیازی وابوو دیك ساند لە نزیك ئەم گۆڕەدا بکوژێت.

لە کۆتا ڕۆژی بنیاتنانی بەربەست و گۆڕەکەدا، نیگۆرا چووە لای ئەو قەفەسە بێ پەنجەرەیەوە کە دیك ساندی تێدا بەندکرابوو. چاوی بڕییە ناو چاوی و پێی وت:

– ئامادەبە بۆ مردن کاپتنی بچووك. ئەمڕۆ من کاپتنم. تۆش شاگردێکی و هیچی تر. من سەرۆکم، تۆش بەردەستێکی نابووتیت. ژیانت لە دەستی مندایە.

– هەموو جۆرە خراپەیەکت لەدەست دێت. هەرچیت دەوێت بیکە. بەڵام هەرگیز ئەوە لەیاد مەکە کە نۆرەی هەموو کەسێك دێت!

– سەرەتا تۆ لەناودەچیت.

– باوەڕم بە دادپەروەریی خوا هەیە.

– خوا کاری بەسەر کۆیلەکانەوە نییە.

– تۆ مرۆڤێکی بێدینیت. هیچ باوەڕێکت نییە. مردن هەرگیز من ناترسێنێت. بە دڵێکی پاکەوە دەگەڕێمەوە لای خوا.



Scanned by CamScanner

– ئازادیت لەوەی هەرچۆنێك دەگەڕێیتەوە. گەر ئومێدەواریت بە شتێك کە لەدەرەوە بێت و ڕزگارت بکات، ئەوا گەمژەیت. چونکە لە کازۆندێدا هەموو شتێك لەژێر دەستی خۆماندایە.

دیك ساند بە شێوازێکی گاڵتەجاڕانە وەڵامی دایەوە:

– دینگۆ هێشتا لە ژیاندایە، من ڕۆحی تۆ دەناسم. تۆ مرۆڤێکی ترسنۆکیت نیگۆرا. دینگۆ بەدوای تۆدا دەگەڕێت. هەر کە دۆزیشیتییەوە، قورقوڕاگەت لە بنەوە دەقرتێنێت!

نیگۆرا لە داخاندا خەریکبوو دەتەقی. دەیویست هەرچی زووە دیك ساند بکوژێت. بەڵام تووڕەیی خۆیی دامرکاندەوە و وتی لێیدەگەڕێم بۆ ئەو ئەشکەنجە ناوازەیەی بۆم ئامادەکردووە. گازی لە دەستی خۆی دەگرت و لەوێ دوورکەوتەوە. بە پاسەوانەکەشی وت کە هەموو سەرنجی خۆی بخاتە سەر ئەو قەفەسە.

ئەم ڕووداوە، ورەی دیك ساندی نەڕووخاند. بەڵکو بەپێچەوانەوە ورەی بەرزتر کردەوە و لە هەموو کات پتر هەستی بە ئازایەتی دەکرد. بە ئاسوودەییەوە خەوێکی قووڵی لێکەوت. کاتێك خەبەری بووەوە هەستی بە بەهێزییەکی زیاتر دەکرد. هەوڵی دەدا زنجیرەکان بکاتەوە، لە کۆتاییدا یەکێکیانی بۆ کرایەوە. ئەمە دڵخۆشییەکی گەورە بوو. پاسەوانەکە هێندەی خواردبووەوە. تا سەرخۆش بووبوو و ئاگای لەخۆی نەمابوو، بەڵام هێشتا شووشەی شەرابەکەی بەدەستەوە گرتبوو. دیك ساند بەنیازبوو تفەنگەکانی پاسەوانەکە بڕفێنێت و هەڵبێت.

ئیدی لەم ساتەدا گوێی لە خشپەیەك بوو. وتی لەوانەیە ئەمە کەسێك بێت کە هاتبێت ڕزگارم بکات. بێ ئەوەی بهێڵێت پاسەوانەکە خەبەری ببێتەوە، خۆی خزاندە لای دەرگاکەوە و بە چرپەوە وتی:

- هەرقل! هەرقل!

لەناكاو گوێی لە حەپینی سەگێك بوو. دیك ساند بە خۆشحاڵییەوە وتی:

- خۆ ئەوە دینگۆیە!

پاش کەمێك لاقی دینگۆ دەرکەوت. دیك ساند لاقی ئاژەڵەکەی گرت و دەستی پێدا دەهێنا. پاشان کەمێك دەستی درێژتر کرد و ویستی دەست بەسەریدا بهێنێت. بەڵام لەخۆشیدا دینگۆ دەستی بە وەڕین کرد. چەند وەڕینێکی دیکە وەڵامی ئەم وەڕینەیان دایەوە. سەگەکانی ئەو دەڤەرە هەستیان کرد کە سەگێکی دیکە لەو دەوروبەرەیە. دینگۆ ژیرێتیی نواند و بەپەلە لەو ناوە دوورکەوتەوە. دیك ساند نەیتوانی پەیامەکە لە دینگۆ وەربگرێت. لەو ساتەدا دەنگی تەقە بیسترا. دیك ساند لە شوێنی خۆی دانیشتەوە و زنجیرەکانی لە خۆی بەستەوە. نەیدەویست هەست بەوە بکەن کە زنجیرەکانی کردووەتەوە. خێرا چەند کەسێك هاتن و تەماشایەکی کابینەکەیان کرد. کاتێك زانییان کوڕەلاوەکە لە شوێنی خۆیەتی، ئیدی گەڕانەوە.

پاش یەك دوو کاتژمێر خۆر هەڵهات. کۆیلەکان دەستیان کردەوە بە هەڵکەندنی گۆڕەکە.

دەمەوئێوارە کاروانێکی گەورەی مەشخەڵبەدەست وردە وردە بەرەو لای ئەمان دەهاتن. ئەلڤێز و کۆیمبرا و نیگۆرا و بازرگانانی دیکەی کۆیلە لە پێشی ئەم کاروانەوە بوون. ئەفسەر و پاسەوانەکانیش لەناو خەڵکەکەدا بوون. مۆینای ژنە گەورەی پاشا، جێی پاشای گرتبووەوە.

لاشەی مردووی پاشا و سەرۆکوەزیران خرابوونە سەر دارەبازەیەك و لە کەژاوەیەکدا لەگەڵ کاروانەکەدا بەرەو ئەوێ دەهێنران. ژنەکانی دیکەی



Scanned by CamScanner

پاشاش لە تەنیشت کەژاوەکەوە دەڕۆیشتن. ئەوانیش دەکرانە قوربانی و دەنێژران.

کاتێك گەیشتنە لای بەربەستەکە، دونیا تاریك بووبوو. مەشخەڵەکان دیمەنێکی سامناکیان بە کاروانەکە بەخشیبوو. کۆیلەکانیش لەبەر ڕووناکیی مەشخەڵەکاندا کاریان دەکرد.

ستوونێك بەولای گۆڕەکەدا داکوترابوو، دیك ساندیان بەم ستوونەوە بەستبووەوە. بە ئاسەوارەکانی سەر لاشەیدا دەزانرا کە ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە و ئینجا هێنراوە بۆ ئەوێ. سەرەڕای ئەو هەموو ئێش و ئازارەی هەیبوو، کەچی هێشتا هێمن و لەسەرخۆ بوو و بەوردی تەماشای دەوروبەرەکەیی دەکرد. نزیکەی پەنجا کۆیلەشی لەدەور بوو، ئەوانیش دەکرانە قوربانی.

کاتێك شاژنە مۆینا گەیشتە سەر گۆڕەکە، بە تووڕەییەوە تەماشایەکی دەوروبەرەکەیی کرد. پاشان ئاماژەیەکی بۆ پاسەوانەکان کرد. پاسەوانە کوتەك و قامچی بەدەستەکان هێرشیان بۆسەر ژنەکانی دیکەی پاشای پێشوو برد. هیچ گوێیان بە هاوار و ناڵەی ئەو ژنە داماوانە نەدا و هەر هەموویانیان کوشت. کۆیلەکانیش یەکە یەکە بە خەنجەر و چەقۆ دەکوژران. پاشان ئاماژەیەکی دیکەی کرد و، کونێکی بچووك کرایە بەربەستەکە. ئەم بیرۆکەیە هی نیگۆرا بوو. دەیویست دیك ساند زۆر بە سەختی و بە ئازار و ژانەوە بکوژرێت.

هاوار و ناڵەی بریندارەکان نزیکی کاتژمێرێکی خایاند. ئاوەکە وردە وردە بەرزدەبووەوە. هێدی هێدی کونی بەربەستەکە گەورە دەبوو. زۆری پێنەچوو دیوارەکە لەبەر شەپۆلی ئاوەکەدا خۆی نەگرت و داڕما. دیك ساند و کۆیلەکانی دیکە پێکەوە لە چاوتروکانێکدا دیارنەمان.



Scanned by CamScanner

پاشای کازۆندێش بە شێوازێکی شەرەفمەندانە نێژرا.

***

هاریس و نیگۆرا درۆیان لەگەڵ دیك ساندا کردبوو. خاتوو وێڵدن لە ژیاندا بوو. ئەو و جاکی کوڕی و بێنێدیکت، هەرسێکیان برابوون بۆ کێڵگەکەی ئەلفێز.

پاش ئەوەی لە شارەمێرووڵەکەدا هێرشیان کرایە سەر و گیران، ئەمان لە ڕێگەیەکی دیکەوە بۆ کازۆندێ برابوون.

جاك تەندروستییەکەی جارانی بۆ گەڕابووەوە و چیدی لەرزوتای نەمابوو.

خاتوو وێڵدن بیری لە چارەنووسی خۆیان دەکردەوە. بەدرێژایی ڕێگاکە تا گەیشتنە کازۆندێ، هاریس و نیگۆرا یەك وشە چییە قسەیان لەگەڵ نەکردبوو. لەوەتەی هێنراون بۆ کێڵگەکەی ئەلفێز، ئیدی ئەوانی نەبینیوە. زۆر باش دەیزانی کە بێنێدیکت هیچی لەدەست نایەت و ناتوانێت ڕزگاریان بکات. چونکە ئەو پیاوە هەموو خەیاڵی لەلای مێرووەکان بوو و، بیری لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە.

کاتێك بێنێدیکت زانیبووی کە لە ئەفریقان نەك لە ئەمریکا، وتبووی:

– بەڕاستی منیش گەلێك پێم سەیربوو کاتێك ئەو مێرووە جیاوازانەم بەرچاو دەکەوت!

بەڵێ، ئەمە هەموو کاردانەوەی ئەو پیاوە بوو.

هەموو خەم و خەفەتی ئەو ئەوەبوو کە ئەلفێز چاویلکە و هاوێنەکەی لێسەندووە و خەڵاتی شاژنی کردووە. چیدی لێکۆڵەرە بەناوبانگە چاوکزەکەمان،



Scanned by CamScanner

ناتوانێت لە نزیکەوە لە مێرووەکان بکۆڵێتەوە. کاتێك مێرووییەکی دەگرت، هێندە لە چاوی خۆیی نزیکدەکردەوە کە تەنها دوو سانتیمەتریان لە نێواندا دەمایەوە.

کێڵگەکەی ئەلڤێز، لە دارستانێکی نزیك کازۆندێدا بوو و چەند خانوویەکی تێدابوو. بە پەرژینێکی زۆر بەرزیش دەورەدرابوو. ڕووبەری ئەم کێڵگەیە نزیکەی نیو کیلۆمەتر دەبوو. خاتوو وێڵدن و ئەوان دەیانتوانی بە ئازادی بەناو ئەو ڕووبەرەدا بسووڕێنەوە.

بەلای جاکەوە ئەم کێڵگەیە شوێنێکی گەورە بوو کە بەکەڵکی هیچ نەدەهات و جێگای تایبەت بە یاریکردنی تێدا نەبوو، لە ڕوانگەی بێنێدیکتیشەوە کێڵگەیەکی بچووك بوو کە نەیدەتوانی مێروگەلێکی زۆری تێدا بدۆزێتەوە.

خاتوو وێڵدن و جاك و بێنێدیکت زۆر بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. خاتوو وێڵدن نەیدەزانی ئەم ڕێزلێنان و میوانداربیە تا کەی بەردەوام دەبێت. بێجگە لە چەند کۆیلەیەکی خزمەتکاری ئەلڤێز، هیچ کەسێکی دیکە لە کێڵگەکەدا نەبوو.

بەشێکی کێڵگەکە شوێنی نیشتەجێبوونیان بوو و بەشەکەی دیکەشی ئەو کەلوپەلانەی تێدا دانرابوو کە ئەلڤێز بازرگانیی پێوەدەکردن.

لەبەرئەوەی بێجگە لە کۆیلەکان هیچ کەسێکی دیکە لەو کێڵگەیەدا نەدەژیا، خانوویەك درابوو بە خاتوو وێڵدن و جاك و، خانوویەکی دیکەش بە بێنێدیکت. ئەمان هیچ پەیوەندییەکیشیان بە کۆیلە و خزمەتکارەکانی ئەوێوە نەبوو.

ئەلڤێز لە خانووە سەرەکییەکەدا دەمایەوە و نیگۆڕاش لە دەرەوەی ئەم ماڵانە دەژیا. خاتوو وێڵدن هیچ چاوی بە ئەلڤێز نەدەکەوت و هۆکاری



Scanned by CamScanner

دیارنەبوونی ئەویشی نەدەزانی و ترسی لێنیشتبوو. هەردەم بە خۆیی دەوت "ئامانجی چییە؟ چی دەوێت؟ بۆچی ئێمەی هێنا بۆ کازۆندێ؟"

سێ ڕۆژ پاش ئەسپەردەکردنی پاشا، نیگۆرا هات بۆلای خاتوو وێلدن. ژنە لاوەکە لە ماڵەکەدا بەتەنها بوو و منداڵەکەشی لە حەوشەکەدا یاری دەکرد. نیگۆرا بێ هیچ پێشەکییەك، وتی:

– خاتوو وێلدن! تۆم و هاوڕێکانی فرۆشران بە بازرگانێکی دەوڵەمەندی "نوژێژی". ئەویش دەیانفرۆشێت بە بازرگانانی دیکە. نان لە ڕێگا و دیك ساندیش لە کازۆندێ مرد.

ژنە لاوەکە ئەبلەقبوو و هاواری کرد:

– چی؟ هەردووکیان مردن؟

نیگۆرا بە گاڵتەپێکردنەوە وتی:

– کاپتنە پازدە ساڵانەکەمان، هاریسی کوشت. ئێ خۆ ئەم تاوانەش بێ تۆڵە نابێت... چیدی کەستان نییە یارمەتیتان بدات.

خاتوو وێلدن بە نەبەردییەوە وەڵامی دایەوە:

– مەبەستت چییە؟ ڕوونتر قسەبکە.

– تۆ و منداڵەکەت و خزمە گێژەکەت سێ کەسی بەنرخن و پارەی زۆر دەکەن. بەنیازم ئێوەش بفرۆشم.

– جا کێ دەیەوێت ژنێکی سپی پێست بکڕێت؟

– مێردەکەتان، بەڕێز وێلدن! بە دڵنیاییەوە گەر بیەوێت بتانبینێتەوە.



Scanned by CamScanner

– بە نیازن کەی ئەم کارە بکەن؟

– تا پێمان بکرێت زوو دەیکەین.

– لەکوێ؟

– هەر لێرە. دڵنیام لەوەی بۆ ڕزگارکردنی ژن و منداڵەکەی، تا کازۆندێ دێت.

– خۆ دڵنیام کە دێت. بەڵام کێ هەواڵی پێدەدات؟

– من! دەچم بۆ "سان فرانسیسکۆ" و دەیدۆزمەوە. بەڵام ئەوەش لەبیرمەکەن ها! دەمەوێت زۆر بە گران بتانفرۆشم بۆیە هێندە پەلەمە. بێگومان بەڕێز جەیمس وێڵدن سەد هەزار دۆلارمان دەداتێ.

– بە خۆشحاڵییەوە ئەو پارەیە بۆ ڕزگارکردنمان دەدات. بەڵام مێردەکەم هەرگیز بڕوا بە قسەکانت ناکات. هەموو شتێك بە مێشکیدا دێت، بەڵام هەرگیز ئەوە بە مێشکیدا نایەت کە من لە ئەفریقا بم.

– منیش هەر هەمان بیروڕای ئێوەم هەیە. خەریکم چارەسەرێك بۆ ئەوەش دەدۆزمەوە. لە هەموو کەس زیاتر بڕوا بە قسەی ئێوە دەکات. هەربۆیە دەمێت هەموو ئەو ڕووداوانەی بەسەرتاندا هاتووە بینووسنەوە و لە نامەکەشدا من بە خزمەتکارێکی دڵسۆزی خۆتان لە قەڵەم بدەن. بەمجۆرە مێردەکەتان دەستبەجێ باوەڕ بە نامەکە دەکات.

خاتوو وێڵدن متامەی بە پرتوگالییەکە نەبوو. دەکرا پارەکە لە مێردەکەی وەربگرێت و پاشان بە فێڵێك خۆیی لێ دەربازبکات، یاخود نەهامەتییەکی بەسەربهێنێت. وا پێویستی دەکرد کە ڕازی نەبێت لەسەر ئەوەی مێردەکەی



Scanned by CamScanner

بێت بۆ کازۆندێ. هەربۆیە لە پێناو مێردەکەیدا خۆی و منداڵەکەشی کردە قوربانی و ئەم داوایەی لە بنەڕەتەوە ڕەتکردەوە.

نیگۆرا بە گاڵتەجاڕییەوە قاقایەکی لێدا و وتی:

– ئەوە لەیاد مەکەن کە منداڵەکەتان لە دەستی مندایە. هەشت ڕۆژ ماوەتان پێدەدەم. یان نامەکە دەنووسن، یاخود منداڵەکەتان دەکوژم!

* * *

ئەو ماوەیەی نیگۆرا بۆ خاتوو وێڵدنی دانابوو، لە ١٤ی حوزەیراندا تەواوبوو. ئەو ڕۆژە هەر زوو بە زوو هات بۆ خانووەکە.

نیگۆرا کەسێکی زیرەك و لێهاتوو بوو. هەموو شتێکی پێشتر ئامادەکردبوو تا خاتوو وێڵدن کارەکە دوانەخات. بەڵام خاتوو وێڵدنیش زیرەکییەکی ناوازەی هەبوو. هەر کە پرتوگالییەکە چووە ژوورەوە، پێی وت:

– ئەگەر ئەو پارەیەتان دەوێت، کارەکە قورس مەکەن. مێردەکەم دەتوانێت بێ ئەوەی بێت بۆ ئێرەش ئەم پارەیەتان پێبدات. هەرچۆنێك بووە، نامەوێت مێردەکەم بێت بۆ ئێرە.

نیگۆرا لەو باوەڕەدا نەبوو نامەکەی نەنووسیبێت و بەو جۆرە بەرپەرچی بداتەوە! بۆیە گەلێك سەری سووڕما و دواجار ناچاربوو قایل بێت بە بڕیارەکەی خاتوو وێڵدن. زۆریش بەلایەوە گرنگ نەبوو، چونکە لە کۆتاییدا هەر ئاڵوگۆڕەکە ئەنجامدەدرێت و ئەم پارەکەی خۆی وەردەگرێت.

بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی لە نێوانیاندا ئەنجام درا؛ بەڕێز جەیمس نەدەهات بۆ کازۆندێ. بەڵکو بە کەشتییەك دەهات بۆ "مۆسامادێس"ی بەندەرە بچووکەکەی ئەنگۆلا. نیگۆراش خاتوو وێڵدن و ئەوانی دەبرد بۆ



Scanned by CamScanner

ئەوێ و پارەکەی خۆی وەردەگرت و ئەوانی ڕادەستدەکردەوە. مۆسـەمادێس شوێنێکی هێندە ترسناك نەبوو بۆ بازرگانانی کۆیلە.

کاتێك لەسەر ئەم شتانە ڕێککەوتن، ئینجا خاتوو وێلدن نامەیەکی بۆ مێردەکەی نووسی. نیگۆرا نامەکەی خوێندەوە و بێ ئەوەی هیچ بڵێت لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

بۆ ڕۆژی دادێ نیگۆرا بەرەو باکوور بەڕێکەوت. ٢٠ کەسیشی لەگەڵدابوو. دەیویست بە کەشتییەك بە ڕووباری کۆنگۆدا بڕوات.

پاش ئەوەی نیگۆرا کازۆندێی بەجێهێشت، خاتوو وێلدن هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی گرتەبەر بۆ ئەوەی ئەو چەند ڕۆژەی ماوەتەوە بە خۆشی و ئاسوودەیی بەسەربەرن. ئەگەر کەشوهەوا لەبارییێت، ئەوا چوار مانگی تر مێردەکەی دەگاتە مۆسامادێس. کە وایێت ژیانی بەندیی ئەو کێڵگەکەی ئەلڤێز هێشتا ماوەیەکی ماوە.

خاتوو وێلدن هەموو ڕۆژێك لە باخچەکەدا پیاسەی بە جاك دەکرد.

ڕووداوێکی بچووك، بووە هۆی ئەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان بگۆڕێت.

لە نیوەڕۆی ١٧ی حوزەیراندا، هەموو چووبوونە ژوورەوە تا خۆیان لە گەرمای بەتینی دەرەوە بپارێزن. بێنێدیکتیش لەسەر جێگەکەی خۆی پاڵکەوت بوو و دەیویست سەرخەوێك بشکێنێت. خەریکبوو خەوی لێدەکەوت کە گوێی لە گیزەگیزێك بوو لەناو خانووەکەدا. هەرگیز گوێی لە دەنگی وەها نەبووبوو، تەماشای لای دەنگەکەی کرد و چاوی بە مێرووەیەکی باڵدار کەوت. زۆری پێنەچوو مێرووەکە هەڵفڕییە سەر دەموچاوی بێنێدیکت. بەڵام ئەو هیچ بزەی لەوە نەدەکردەوە کاتێك مێرووەکە بە قاچە تووکنەکانی خۆی لە دەموچاوی ئەو

هەڵدەسوو. کەمێك چاوەڕێی کرد، لەناکاو مێرووەکە لە کوونەلووتی نزیکبووەوە. بێنێدیکت هەردوو چاوی بزکردەوە و بەوردی سەرنجیدا. مێرووەکە لەوێدا زۆر نەمایەوە، یەك دوو باڵەفرەی کرد و بەرەو دەرەوە هەڵفڕی. بێنێدیکت خەو و گەرماکەی لەیادکردبوو و بەدوای لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بوو. چونکە ئەوە مێروویەکی گەلێك نامۆ و دەگمەن بوو!

لە سەرەتادا بە دیتنی مێروویەکی هێندە پەشۆکابوو، هەر بیری لە گرتنی نەکردەوە. ئێستا کە زانی دەتوانێت بە ئاسانی بیگرێت، بەدوای کەوت و ویستی لەکاتی هەڵفڕینیشدا لێی بکۆڵێتەوە. مێرووەکە لە پەنجەرەکەوە چووە دەر و چووە حەوشەکەوە. بێنێدیکتیش چووە دەرەوە و لەسەر زەوییەکە پاڵکەوت و سەرنجی ئەوی دەدا. پاشان تا لای پەرژینە دارینەکەی دەوری کێڵگەکە دوای کەوت. لەناکاو مێرووەکە خۆی کرد بە کونێکی بنی پەرژینەکەدا.

بێنێدیکتیش بەدوایدا چوو و بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت چووە دەرەوەی پەرژینەکە. هەر بەدوایەوە بوو و تا گەیشتنە دارستانێك. کاتێك "مێرووەکە" بەنێو دارە چڕوپڕەکاندا هەڵفڕی، ئینجا بێنێدیکت هۆشی هاتەوە بەر خۆی.

ئیدی لەو ساتەدا دوو کەس لە دواوە بەتوندی گرتیان. پاشان ئەم دوو کەسە بەرزیان کردەوە و بردیانە ناوەڕاستی دارستانەکەوە.

* * *

تا دەمەوئێوارە بێنێدیکت دیارنەبوو، هەربۆیە خاتوو وێلدن ترسی لێنیشت. هەموو ناو کێڵگەکە گەڕا، بەڵام نەیدۆزییەوە. لە دڵی خۆیدا وتی "لەوانەیە بە فەرمانی نەلڤێز برابێت بۆ شوێنێکی دیکە". شەو ئاشکرابوو کە بەندیەك دیارنەماوە و هەموو دەستیان بە گەڕان کرد.



Scanned by CamScanner

لە کۆتاییدا ئەلڤێز و پیاوەکانی ئەو کونەیان دۆزییەوە کە لەژێر پەرژینەکەوە هەڵکەندرابوو. شوێنپێکان دەریاندەخست کە زیندانییەکە لەوێوە هەڵهاتووە. دەستبەجێ چاڵەکە پڕکرایەوە و ڕێوشوێنی توند گیرایە بەر.

بۆ ڕۆژی دادێ هەواڵی هەڵهاتنی بێنێدیکتیان بە خاتوو وێلڵنیش ڕاگەیاند. لەوە تێنەدەگەیشت بۆچی بێنێدیکت هەواڵی بەم نەداوە و هەڵهاتووە! هەرچۆنێك لێکی دەدایەوە هیچ تێنەدەگەیشت.

کاتێك سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بێنێدیکت نەدۆزرایەوە، ئیدی وازیان لێهێنا و ژیانە بێزارکەرەکەی پێشوو دەستیپێکردەوە.

لەو ماوەیەدا کەشوهەوا بە شێوازێکی چاوەڕواننەکراو گۆڕانی بەسەرداهات. بارانێکی بەلێزمە دەستی پێکرد. لە ١٩ی حوزەیراندا کازۆندێ و دەوروبەری وەك گۆمێکی قووڵیان لێهات.

بارانە بەردەوامەکە ترسی خستە دڵی خاتوو وێلڵنەوە. ناچاربوو ڕۆژ تا ئێوارە و شەو تا بەیانی هەر لەناو خانووەکەدا بێت و نەیەتە دەرەوە. بارانە ناوەختەکە کارەساتێکی گەورەبوو بۆ خەڵکی ناوچەکە. هەموو بەرهەمی ئەو ساڵەیان تیاچوو. ئەم ڕووداوە دەکرا ببێتە هۆی قەیران و قاتوقڕی. مۆینا و وەزیرەکانی نەیاندەزانی چی بکەن!

وایان بە باش زانی ڕاوێژ بە جادووگەرەکان بکەن، سا بەڵکو بتوانن بارانەکە بوەستێنن. هەموو جادووگەرانی ئەو ناوچەیە چەندین شتی ناقۆڵا و بێمانایان ئەنجامدا. بەڵام ئەم شتانە هیچ سوودێکیان نەبوو و بارانەکە هەر بەردەوامبوو.



Scanned by CamScanner

ئیدی مۆینای پاشای کازۆندێ، بیری لەوە کردەوە کە گەورە جادووگەرە بەناوبانگەکەی باکووری وڵات بهێنێت.

لە ٢٥ی حوزەیراندا ئەم جادووگەرە گەیشتە کازۆندێ. ئەو جادووگەرێکی بە ئەمەن گەنج و بە هەیکەل زەبەلاح بوو. پاش ماوەیەك سووڕانەوە بە کۆڵانەکانی کازۆندێدا، بەرەو کۆشکەکەی مۆینا بەڕێکەوت.

دانیشتووانی ناوچەکەش لەدوایەوە دەڕۆیشتن و مەراقیان بوو بزانن چی ڕوودەدات. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جادووگەرە ئەوە بوو کە وەك بێزمانان هیچ قسەی نەدەکرد. تەنها بە زمانی ئاماژە قسەی دەکرد و بیروراکانی خۆیی دەردەبڕی.

کاتێك جادووگەرەکە گەیشتە بەردەم کۆشکی پاشا، مۆینا هاتە دەرەوە. جادووگەرەکە لەبەردەم پاشادا نەوییەوە و کەوتە سەرچۆك. پاشان دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و هەستایە سەرپێ. هەورەهەڵا ڕەشەکانی ئاسمان، بە ڕەشەبایەکی توند دەجووڵان.

جادووگەرەکە دەستەکانی بەرەو ئاسمان بڵندکرد و چەند ئاماژەیەکی نامۆی کرد. ئەم جووڵەی دەست و ئاماژانە بە واتای ئەوە دەهاتن کە هەورەکان لەئاسماندا بازنەیان بەستووە و بە بەردەوامی لەسەر کازۆندێ دەمێننەوە.

ئەم ئاماژانە کاریان لە مۆینا کرد. بە واقوڕماوییەوە تەماشای جووڵەکانی جادووگەرەکەی دەکرد و بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت جووڵەکانی ئەوی دووبارەدەکردەوە.

لەم ساتەدا بەری ئاسمان کەمێك کرایەوە. تیشکی خۆر کەمێك دزەی کرد. ئەمە باشترین سەلمێنەری تواناکانی ئەو جادووگەرە بوون. بەڕاستی



Scanned by CamScanner

کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، چونکە تا ئەو ڕۆژە هیچ جادووگەرێك نەیتوانیبوو وابکات خۆر دەربکەوێت.

ئینجا جادووگەرەکە چەند ئاماژە و جووڵەیەکی دیکەی ئەنجامدا، ئەو ئاماژانە بە مانای ئەوە دەهات کە گوایە خواکەیان داوای قوربانی دەکات. پاش کەمێك و لەناکاو جادووگەرەکە پەنجەی بەرەو ئەوسەری کۆڵانەکە درێژکرد و ئاماژەیەکی سەیری کرد! دەموچاوی شتانێکی دەوت کە نەدەکرا بەگوێی نەکرێت، ئەگینا بەڵای خراپ دەقەومێن! ئاماژەی بۆ کێڵگەکەی ئەلڤێز کرد و بە ئاماژەکانیدا دەردەکەوت کە دەبێت ئەو دوو سپی پێستەی ناو ئەو کێڵگەیە بکرێنە قوربانی. مۆینا ئاماژەیەکی بۆ پاسەوانەکانی کرد و ئەوانیش بە هەڵەداوان بەرەو کێڵگەکە ڕایانکرد. پاش کەمێك گەڕانەوە و خاتوو وێڵدن و جاکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. پاسەوانەکان لەبەردەم جادووگەرەکەدا چۆکیان دادا و کۆیلە سپیپێستەکانیان خستە بەردەمی.

لەو ساتەدا ژاوەژاوێك لەوسەری کۆڵانەکەوە بیسترا. ئەلڤێز و پیاوەکانی بەرەو ئەوێ دەهاتن. بەڵام ئەوان چەند کەسێکی کەم بوون و نەیانتوانی زۆر بێنە پێشەوە، چونکە پاسەوانەکان ڕێیان لێگرتن. ئیدی جادووگەرەکە خاتوو وێڵدن و جاکی برد و بەرەو دارستانەکە بەڕێکەوت.

جادووگەرەکە بە شێوازێکی هێمن و لەسەرخۆ لە کۆڵانەکە دوورکەوتەوە و لەچاو ونبوو. کاتێك گەیشتە دارستانەکە، پیاوەکانی خۆیی ئامادەکرد. ئینجا کە گەیشتنە لای ڕووبارەکە، وەستان. ئەوان هەردووکیان بە ترس و لەرزەوە تەماشای جادووگەرەکەیان دەکرد.

لەو کاتەدا شتێکی نامۆ ڕوویدا؛ جادووگەرەکە بە ئینگلیزییەکی ناوازەوە هاتە ئاخافتن و ڕووی لە ڕووبارەکە کرد و بانگی یەکێکی کرد:



Scanned by CamScanner

ـ کاپتن! خاتوو ویڵدن و جاکی بچووك هاتن. با تا درەنگی نەکردووە بەڕێکەوین.

* * *

ئەم جادووگەرە بەناوبانگە هەر هەرقلەکەی خۆمان بوو. کاپتنەکەش هەر کاپتن دیك ساندی خۆمان بوو. خاتوو ویڵدن لە خۆشییدا باوەشی کرد بە دیك ساندا و هاواری کرد:

– ئای دیك ساند گیان، کوڕەکەم، ئەوە تۆیت؟ بڕوا بە چاوەکانم ناکەم.

دیك ساند بە هەمان تاسەمەندییەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ خاتوون گیان، خوا یارمەتی دام.

جاکیش باوەشی بە قاچی دیك ساندا کردبوو و لەبەر خۆیەوە شتی دەوت. لە کۆتاییدا خاتوو ویڵدن ڕوویکردە هەرقل و وتی:

– دەتوانم سوێند بخۆم کە نەمناسینەوە.

هەرقل بەدەم داکەندنی جلی جادووگەرییەوە وتی:

– جلوبەرگەکەم چۆنە؟ جوان نییە؟

خاتوو ویڵدن :

– سوپاس هەرقل، شەرمەزارت کردین.

دیك ساند وتی:

– وەك چۆن تۆی ڕزگارکرد، منیشی ڕزگارکرد. بەڵام خۆی دەرناخات.

هەرقل وتی:



Scanned by CamScanner

– بەخوا هێشتا بەتەواوی دەربازنەبووین. بەڕێز بێنێدیکت، گەر بێنێدیکت شوێنی ئێوەی پێ نەوتینایە، ئەوا هەرگیز نەماندەدۆزینەوە.

ئەوەی کە پێنج ڕۆژ لەوەوبەر بێنێدیکتی لە دارستانەکەدا فڕاند، هەرقل بوو.

هەرقل هەموو ئەو ڕووداوانەی بۆ گێڕانەوە کە پاش هەڵهاتنی لە چادرگەکەی کازۆندێ ڕوویاندا.

سەرەتا دیک ساندی ڕزگارکردبوو. لەبەرئەوەی لە نزیک کازۆندێدا مابووەوە، هەربۆیە ئاگای لە ڕووداوەکانی ئەوێ بووبوو. پاش ئەوەی دیک ساندیان بە ستوونێکی ناو چاڵەکەوە بەستبووەوە، هەرقل بە نهێنییەوە لە شوێنێکی نزیک چاڵەکەدا خۆی مەڵاسدابوو. کاتێك ئاوەکە بەرەو چاڵەکە هاتبوو، خۆی هەڵدابوویە ناو ئاوەکەوە و ستوونەکەی لە ڕەگەوە دەرهێنا بوو، بەمەش دیک ساندی ڕزگارکردبوو.

جادووگەرییەکەشی بەتەواویی ڕێکەوتبوو. کاتێك لە دارستانەکەدا دەسووڕایەوە، چاوی بە جادووگەرێك کەوتبوو کە لە ئەنگۆلای باکوورەوە هاتبوو. دەستبەجێ بیرۆکەیەکی ناوازەی بە مێشکدا هاتبوو. لەبەر ئەوەی ئاگاداری بارودۆخی کازۆندێ بوو، هەربۆیە بیری لەوە کردبووەوە کە کەڵك لە جلوبەرگی جادووگەرەکە وەربگرێت. جادووگەرەکەی بووراندبووەوە و پۆشاکەکانی لەبەر داکەندبوو و فڕاندبووی. هەندێك پەڕی باڵندەی کردبوو بە سەرییەوە و باڵندەیەکی وشکەوەبووی کردبوو بە ملییەوە و جەستەیشی بە چەشنی جەستەی جادووگەرەکە بۆیە کردبوو. پاش ئەوە کاروبارەکە ئاسان بوو. خەڵکانی کازۆندێ کە باوەڕیان بە چەندین شتی پڕوپوچ هەبوو، لە ناخی دڵەوە متمانەیان بە جادووگەرە بێزمانەکە هەبوو.



Scanned by CamScanner

خاتوو وێڵدن لە هەموو شتێك زیاتر بەوە خۆشحاڵبوو كە ڕزگاریان بووە و، گەر لە نیگۆرا خێراتر بگەنە لای مێردەكەی، ئەوا مێردەكەی ناكەوێتە مەترسییەوە.

هەموو سواری بەلەمێك بوون و بەناو ڕووبارەكەدا دەستیان بە ڕۆشتن كرد. لەبەر ئەوەی هەرقل پێشتر لەناو بەلەمەكەدا چادرێكی بە دار و گژوگیا دروستكردبوو، هەم دەیانتوانی لە ژێریدا خۆیان بشارنەوە و هەم لە تیشكی خۆریش پارێزراوبن. بەلەمە بچووكەكە لەناو ڕووبارەكەدا وەك تۆپەڵە گیایەك دەردەكەوت.

گەشتەكە دووردرێژ و تاقەتپڕوكێن بوو. دەبوو هەموو ڕۆژێك بەدوای خواردندا بگەڕێن.

بەلەمەكە لە كاتژمێرێكدا نزیكەی چوار كیلۆمەتری دەبڕی. دیك ساند كە بە بینینی خاتوو وێڵدن و جاك ورە و گوڕوتینی هاتبووەوە بەر، قۆڵی لێهەڵماڵیبوو و چووبووە پێشی بەلەمەكەوە. بە فەرمانەكانی ئەو هەرقل بەلەمەكەی لێدەخوڕی و ئاڕاستەكەیی دیاریدەكرد.

دوو ڕۆژی سەرەتا لەو خواردنانەیان خوارد كە هەرقل پاشەكەوتی كردبوو. تەنها لە شەواندا بەلەمەكەیان دەوەستاند و كەمێك پشوویان دەدا. تەنها بۆ دۆزینەوەی خواردنیش لە بەلەمەكە دادەبەزین.

ڕۆژەكانی سەرەتا بێ هیچ شتێكی ناخۆش تێپەڕین.

ئەو دەڤەرە چۆڵوهۆڵ بوو. هیچ ئاماژەیەك سەبارەت بە بوونی مرۆڤ لەو دەوروبەرەدا دیارنەبوو.

لەكاتێكدا بەلەمەكە بە شێوەیەكی ئاسایی دەڕۆیشت، لەناكاو لە ناوەڕاستی ناوەكەدا وەستا.



Scanned by CamScanner

هەرقل بە پەرۆشییەوە پرسی:

– چیبووە بەرێز دیك؟

– شتێك بەری پێگرتین.

هەرقل تەورەکەی هەڵگرت و خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە. پاش هەوڵدانێکی زۆر، توانی ئەو چڵوچێو و گژوگیایانە دووربخاتەوە کە بووبوونە بەربەست و بۆشاییەك دروستبکات تا بەلەمەکەیانی پێدا تێپەڕبێت.

پاش کەمێك ژاوەژاوێك بیسترا. دواتر زانییان کە ئەوە دەنگی کۆمەڵە فیلێکە کە هاتوونەتە ناو ئاوەکەوە.

* * *

هەشت ڕۆژ ڕێیان بڕی. شەپۆلی ئاوەکە لە قازانجی ئەمانبوو و بە خێرایی بەرەوپێشەوە دەڕۆیشتن.

لە یەکێ لەو ڕۆژانەدا دیك ساند چووبووە سەر وشکانییەکە و دەیویست شتێك ڕاوبکات تا بیخۆن. لەناکاو شێرێك پەلاماری ئەو ئاسکەی دا کە دیك ساند ڕاویکردبوو. دیك ساند دەیزانی کە لەو ساتانەدا پێویستە لە جێی خۆی نەجووڵێتە، هەربۆیە هەوڵی ڕاکردنی نەدا. شێرەکە چاوی تێبڕیبوو. لەناکاو قەپی کرد بە لاشەی ئاسکەکەدا و لەچاو ونبوو.

دیك ساند بە خوێنساردییەکەی خۆیی ڕزگارکرد. لەو ساتانەدا بیری لەوە دەکردەوە کە گەر لەجیاتی ڕووبارەکە، بەناو دارستانەکەدا بڕۆیشتنایە، دووچاری چ مەترسیگەلێك دەبوونەوە!

لە کەنار ڕووبارەکەوە گوندێك دەرکەوت. گوندەکە خەڵکی تێدابوو، خۆ



Scanned by CamScanner

گەر نەمانیان ببینیایە، ئەوا دووچاری مەترسی دەبوونەوە. لە کەنارەکەدا دوو کەس دانیشتبوون و بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. شەپۆلەکە بەلەمەکەی بەرەو لای ئەوان پاڵدەنا. مانگ، تاریکایی شەوی ڕووناکدەکردەوە. یەکێکیان گژوگیای سەر ئاوەکەی نیشانی هاوڕێکەی دا و هەندێك شتی پێوت.

دەستبەجێ چەند کەسێکی دیکەش هاتنە لایان. بەڵام سوپاسگوزارانە بەهۆی شەپۆلی ئاوەکەوە لە خەڵکەکە دوورکەوتنەوە و پاش کەمێك گوندەکە لەچاو ونبوو.

لە بەرەبەیانی ٤ی تەموزدا، جاك لە خۆشیدا چەپڵەی لێدەدا و هاواری کرد:

– دەریا! دەریا!

هەر بەڕاستی چەند کیلۆمەترێك لە پێشەوە ئاوێکی گەورە و مەنگ دیاربوو. بەڵام کاتێك لەم ئاوە ڕووبەر فراوانە نزیکدەبوونەوە، هاژەهاژێکی گەورەیان دەبیست. پاش کەمێك دیك ساند بە پەرۆشییەوە هاواری کرد:

– ناتوانین لەوە زیاتر بڕۆین. تاڤگەیەکی گەورەمان لەپێشدایە!

دەستبەجێ بەلەمەکەیان لە ڕۆخی ئاوەکە نزیککردەوە. کاتێك دابەزینە سەر وشکانی، بە چوارچاو دەوروبەرەکەیان دەپشکنی. لە کەناری دارستانێکی گەورەدا بوون. دەبوو ئیدی بە پێ ڕێ ببڕن. ترسی ئەوەیان هەبوو کە دووچاری ئەو هۆز و تیرانە ببن کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن. پاش کەمێك، دینگۆ بە تووڕەییەوە نەڕاندی، بە هەڵەداوان ڕایکرد و بەناو دارەکاندا تێپەڕی و لە چاو ونبوو. هەموو بە پەرۆشییەوە بە دوای دینگۆدا ڕۆیشتن. لەسەر گژوگیاکە چاویان بە چەند شوێنپێیەکی تازە کەوت.



Scanned by CamScanner

دیك ساند وتی:

– با هەمووومان زۆر ئاگامان لە خۆمان بێت. نابێت بە هیچ جۆرێك لە یەك جیاببینەوە.

لەو ساتەدا دینگۆ سەری هەڵبڕی. تەماشایەکی ئەمانی کرد و پاشان بە ئاماژە تێیگەیاندن کە دوایکەون.

پاش چەند چرکەیەك چاویان بە دارچنارێکی گەورە کەوت. لە ژێر ئەم دارە زەبەلاحەدا ماڵێکی بچووکیان بینی کە خەریکبوو دەڕووخا. دینگۆ چووە بەردەم دەرگای ماڵەکە و بە دەنگێکی جیاواز دەحەپی.

دیك ساند هاواری کرد:

– کەسی لێیە؟

هیچ دەنگێکیان نەبیست. دیك ساند چووە ناو ماڵەکەوە، خاتوو وێڵدن و ئەوانی دیکەش بەدوایدا چوونە ناوەوە.

لەسەر زەوی ماڵەکە ئێسکەپەیکەری مرۆڤێکی لێبوو. بەهۆی کەشوهەواکەوە هەموو ئێسکەکان سپی سپی بووبوون. خاتوو وێڵدن وتی:

– وا دیارە لەم ماڵەدا کەسێك مردووە.

دیك ساند وتی:

– وابزانم دینگۆ ئەم کەسە مردووە دەناسێت! لەوانەیە خاوەنی دینگۆ بێت!

خاتوو وێڵدن و ئەوانی دی، تەماشای ئەو شوێنەیان کرد کە دیك ساند ئاماژەی بۆ کرد. لەسەر دیوارەکە بە گەورەیی دوو پیت بە خوێن نووسرابوو "S.V"



Scanned by CamScanner

دیك ساند هاواریکرد:

- ئەوە خۆ ئەو دوو پیتەی سەر تەوقەکەی ملی دینگۆیە!

پاشان ناو ماڵەکەیان پشکنی و لە قوژبنێکدا قتویەکی بچووکیان دۆزییەوە. دیك ساند قتوەکەی هەڵگرت و چاوێکی پێدا خشاند.

کاغەزێکی لە ناویدا دۆزییەوە:

"لەلایەن نیگۆرای سەرۆکمەوە ڕووتکرامەوە و کوژرام. ئەمڕۆ ٣ی ١٢ی (١٨٧١)ە. ٢٠٠ کیلۆمەتر لە ڕۆخی دەریاکەوە دوورم. دینگۆ! فریامکەوە! خەریکە دەمرم! ساموێل ڤێرنۆن."

بەم شێوەیەش ڕاستییەکیان بۆ دەرکەوت کە ماوەیەکی زۆربوو بە دوایدا وێڵبوون.

لەم ساتەدا گوێیان لە وەڕینی سەگێك بوو. دیك ساند و هەرقل دەستبەجێ چوونە دەرەوە. لەولای ٥٠ مەترەوە چاویان بە دینگۆ کەوت کە لەگەڵ پیاوێکدا شەڕی دەکرد. کەمێکی دی لێی نزیکبوونەوە و زانییان کە ئەو پیاوە نیگۆرایە! هەرقل کە ڕقێکی زۆری لە نیگۆرا بوو، بە هەڵەداوان بەرەو ڕووی ڕایکرد. تەورەکەیی بەرزکردەوە و ویستی بیکێشێت بە تەوقی سەریدا و مێشکی بپەڕێنێت، بەڵام درەنگ کەوت، چونکە تا ئەو گەیشت دەمێك بوو دینگۆ قەپی کردبوو بە ملیدا و قوڕقوڕاگەیی هەڵدڕیبوو.

دینگۆ خۆشی بەهۆی پێکانی خەنجەرەوە کۆتا ساتەکانی ژیانی دەژیا. زۆری پێنەچوو ئەویش لە ماڵە بچووکەکەدا لە تەنیشت ئێسکی خاوەنەکەیەوە مرد.



Scanned by CamScanner

"هەرقل" گۆڕێکی قووڵی هەڵکەند و ، "سامویل ڤێرنۆن" و سەگەکەی پێکەوە ناشت. نیگۆراشی لە چاڵێکی دیکەدا ناشت.

گەڕانەوە بۆ کەنار ئاوەکە و گوریسێکیان لە بەلەمەکە بەست و تا نزیک تاڤگەکە ڕایانکێشا. کاتێك گەیشتنە لای تاڤگەکە، دیمەنێکیان بینی کە زەندەقدار زەندەقی لێی دەچوو. ئاوەکە بە خێرایی و بە هاژەهاژێکی زۆرەوە لە بەرزایی ۳۰ مەترەوە دەڕژێتە ناو دەریاوە. هەرقل لەلای تاڤگەکەوە بەلەمەکەی کردە شان، ئیدی بەسەر تاشەبەردەکاندا بازیان دەدا و وردە وردە گەیشتنە خوارەوە. بەلەمەکەیان خستەوە ناو ئاوەکە و پاشان بە ڕێگای دەریایی لە گەشتەکەیان بەردەوام بوون.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە لەو خاڵەدا کە ئاوەکە دەڕژێتە ناو دەریای کۆنگۆوە، چاویان بە کاروانێکی بازرگانی کەوت کە بەرەو شاری "ئێمبووما" دەڕۆیشت. ئەم کاروانچییانە چەند کەسێکی بەڕەوشت بوون کە بازرگانییان بە شاخی فیلەوە دەکرد. ئەوان خاتوو وێڵدن و هاوڕێکانیان سواری کەشتیەکەی خۆیان کرد.

پاش بیست ڕۆژ، خاتوو وێڵدن و دیك ساند و جاك و هەرقل و بێنێدیکت گەیشتنە شاری ئێمبووما. لەلایەن کۆمپانیای "مۆتتا ڤێگا" و "هاریسۆن"ەوە بەخێرهاتنیان لێکرا. لەو ساتەدا کەشتییەکی هەڵمی بەرەو "پەنەما" بەڕێدەکەوت. خاتوو وێڵدن و هاوڕێکانی سواری ئەو کەشتییە بوون و گەیشتنە ئەمریکا.

لە پەنەماوە تەلەگرافێکیان بۆ سانفرانسیسکۆ نارد و هەواڵێکی دڵخۆشکەریان بە بەڕێز جەیمس وێڵدن ڕاگەیاند. ئەو پیاوە داماوە چەندەها شوێنی دونیا بەدوای پیلگریمدا گەڕا بوو.



Scanned by CamScanner

پاشان لەڕێی شەمەندەفەرەوە گەیشتنەوە سانفرانسیسکۆ. تاکە شتێک کە خەمیان لێدەخوارد ئەوەبوو کە تۆم و هاوڕێکانیان لەگەڵدا نییە.

جەیمس وێڵدن دیك ساندی بە کوڕی ڕاستەقینەی خۆی قبوولکرد. هەرقلیش بوو بە یەکێك لە دۆستەکانی ئەو خانەوادەیە. هەر بێنێدیکتیش هەر زوو بە زوو ڕووداوەکانی لەیادکرد و دەستی بە لێکۆڵینەوەکانی خۆی کرد.

خاتوو وێڵدن گەیشتە ماڵەکەی خۆی لە کالیفۆرنیا، بەڵام هەرگیز تۆم و هاوڕێکانی لەیادنەکرد. بەڕێز وێڵدنیش زۆری خەفەت لەوە خوارد کە چی بەسەر ئەو کەسە باشانەدا هاتووە. چەندین نامەی بۆ دۆستەکانی لە ئەفریقا نووسی و تکای لێدەکردن تۆم و هاوڕێکانی بدۆزنەوە. ڕۆژێکیان هەواڵێکی دڵخۆشکەریان لە "مەداگاسکەر"ەوە پێگەیشت. تۆم و هاوڕێکانی لەلایەن بازرگانانی کۆیلەوە بە پیاوێکی دەوڵەمەند فرۆشرابوون. بەڕێز وێڵدن دووبارە نامەی بۆ ئەو هاوڕێیەی ناردەوە و تکای لێکرد کە تۆم و هاوڕێکانی بکڕێت و بیاننێرێت بۆ ئەمریکا.

لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٨٧٧دا تۆم و هاوڕێکانی لە سانفرانسیسکۆ لە دەرگای ماڵی وێڵدنیان دا. ئیدی هەموو باوەشیان بە یەکدا دەکرد و لە خۆشیدا نەیاندەزانی چی بکەن. بەم شێوەیەش ڕێبوارە ماندوونەناسەکانی پیلگریم پێك شادبوونەوە. بەڵام بەداخەوە نانی پیر و دینگۆی بەوەفایان لەگەڵدا نەبوو. لەوەودوا هەردووکیان لە دڵی ئەواندا دەژیان. ئەوان چەندەها چیرۆك و بەسەرهاتیان پێبوو کە گەر ساڵەهای ساڵ بیانگێڕایەتەوە هێشتا تەواونەدەبوون.



Scanned by CamScanner